# ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان بە نموونەی حیکایەت و چیرۆک

# (توێژینەوە و کاری مەیدانی)

توێژینەوەیەکە پێشکەشی ئەنجوومەنی فاکەڵتیی ئاداب کراوە، لە زانکۆی سۆران وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی  بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی.

لە لایەن:

هەینی کەمال موحەمەد

کەنار صباح خالند

بە سەرپەرشتی:

د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ

| | | |
|---|---|---|
| زولقەعدە | حوزەیران | جۆزەردان |
| ١٤٤٤ی کۆچی | ٢٠٢٣ی زایینی | ٢٧٢٣ی کوردی |

**پوختە**

ئەدەبی فۆلکلۆری لای هەموو نەتەوەیەک بەهای تایبەت و ئامادەیی خۆی هەیە، هەر بۆیەش جێگای بایەخپێدان و گرینگی پێدان بووە. ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان پێگە و بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە. هەر بۆیەش ئەدەبییاتی فۆلکلۆری کاریگەرییەکی باشی هەبووە، لە سەر پەرەپێدانی هزری منداڵ و ڕاهێنان و گەشەکردنی زمانی منداڵان و ئامۆژگاری کردنیان، هەر بۆیە بەردەوام لە چەشنی جۆراوجۆری فۆلکلۆری ئەدەبیدا، ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان لە برەو دابووە. لە ژیانی ڕابردووی کوردیشدا، کاریگەری هەبووە، جێگای بایەخ پێدان بووە.

کاریگەری ئەدەبییاتی منداڵان بە گشتیی لە سەر منداڵ، لە ڕابردوو یەکێک لە کایەکانی پەروەردە و گۆشکردنیان و پەرەپێدانیان، پێکهاتبوو، لە زمان و هزر لە ئەدەبییاتی منداڵ، کە لە زۆر چەشندا خۆی دەبینێتەوە، نەوەی ئێستا کەمتر سەلیقە و خولقی بۆ ناسینەوەیان هەیە، هەر بۆیە ئەدەبی منداڵ فەرامۆش کراوە. پێویستە پەرەی پێ بدرێت و بەرەو پێشەوەیان ببەین، چونکە بەشێکە لە سامان و خەرمانی نەتەوەیەک. کوردیش دەوڵەمەندە بە فۆلکلۆر، ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆر باسی لێوە دەکەن. ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیارە، تا چەند منداڵ جیاوازی دەکات، لە نێوان حیکایەت و چیرۆک، هۆکاری پشتگوێ خستنی چین، لە سەردەمی ئێستا تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی دەوری جیهانی داوە، ئایا فۆلکلۆریش وەک خۆی ماوەتەوە؟ تا چەند ئەدەبییات گرینگی هەیە؟ لە گەشەی زمان و هزر و خەیاڵی منداڵ، پۆلێنکردنی حیکایەتەکان بە پێی ئاستی زمان و گەشەی منداڵ، لە سەر پەرەپێدانی منداڵ.

**کلیلە وشە**

ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەدەبی منداڵان، بیر، منداڵ، حیکایەت و چیرۆک، زمان.

### پێشکەش بە

- دایک و باوک و خوشک و براکانمان.
- سەرپەرشتیاری بەڕێزمان (د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ).
- تەواوی قوتابی و مامۆستا هێژاکانی بەشی زمانی کوردی.
- پێشکەش بەو کەسانەی، کە ئارەزووی ئەدەبییات دەکەن.

## سوپاس و پێزانین

- بۆ خودای باڵا دەست، ڕاگری ئەرز و ئاسمان.
- م. باوەڕ فەرهاد، هاوکارمان بوو، لە ڕێکخستن و دیزاین و لایەنی تەکنیکی.
- بەڕێز م. ئامانج ڕەحمان حەمەد، لە پێدانی بەشێک لە پێشنیار و سەرەنجەکانی.
- م. عبدلکریم شاکر، لە وەرگێڕانی بەشێک لە سەرچاوە عەرەبییەکان.
- مامۆستا هێژاکانی بەشی زمانی کوردی.
- وە بۆ گشت ئەو هاوڕێ و کەسانەی کە هاوکارمان بوون.

## بەڵێننامە و ڕەزامەندی

- توێژینەوەکە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوونی خۆمانە، بەهاوکاری سەرپەرشتەکەمان بە ئەنجاممان گەیاندووە.
- بەڵێن و دڵنیایی دەدەین، کە سەرجەم ناوەڕۆکی توێژینەوەکە گوزارشت لە توانستی ئەکادیمی توێژەر دەکات و لە هەر کوێیەکیشدا بۆچوونی ئەوانی دیکە بەکارهێندرابێت ئاماژە بە سەرچاوەکان کراوە.
- بەڵێن دەدەین توێژینەوەکە پێشتر بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە بەکار نەهاتووە، تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامە پێشکەشکراوە.

## یادداشت و ڕاسپاردەی سەرپەرشت

پشتگیریی سەرپەرشت

پشتگیری ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان بە نموونەی حیکایەت و چیرۆک (توێژینەوە و کاری مەیدانی)" دەکەم، کە لە ژێر چاودێری من لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی / فاکەڵتیی ئاداب زانکۆی سۆران ئامادەکراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی.

پشتڕاستی دەکەمەوە، کە هەموو پێداویستییەکانی توێژینەوەی دەرچوون جێبەجێکراون.

واژوو:

سەرپەرشت: د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ

ڕێکەوت: ١١/ ٦/ ٢٠٢٣

پشتڕاستی دەکەمەوە، کە هەموو پێداویستییەکانی توێژینەوەی دەرچوون جێبەجێکراون، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیە، دەینێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

نازناوی زانستی و ناوی تەواوی سەرۆکی بەش: د. کیفی محمد عزیز

سەرۆکی بەشی کوردی / فاکەڵتیی ئاداب

ڕێکەوت: ١١/ ٦/ ٢٠٢٣

## ناوەڕۆک

پوختە ____ I

کلیلە وشە ____ I

پێشکەش بە ____ II

سوپاس و پێزانین ____ III

بەڵێننامە و ڕەزامەندی ____ IV

یادداشت و ڕاسپاردەی سەرپەرشت ____ V

ناوەڕۆک ____ VI

پێشەکی ____ ١

ناونیشانی توێژینەوەکە ____ ١

سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە ____ ٢

گرینگی توێژینەوەکە ____ ٢

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە ____ ٢

پرسیاری توێژینەوەکە ____ ٣

گیروگرفتی توێژینەوەکە ٣

ئامانجی توێژینەوەکە ٣

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ٤

بەشی یەکەم ٥

تەوەرەی یەکەم ٥

١.١ پێناسەی فۆلکلۆر ٥

١.١.١ هۆی دروستبوونی فۆلکلۆری کوردی ٦

١.٢ گرینگی فۆلکلۆر ٨

١.٢.١ چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ٩

١.٢.٢ خاسییەتەکانی فۆلکلۆر ٩

١.٣ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ١٠

١.٤ چەمکی ئەدەبی منداڵان ١١

١.٥ ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان ١٣

تەوەرەی دووەم ١٤

١.٦ حەکایەتی فۆلکلۆری ١٤

١.٧ جیاوازی نێوان چیرۆک و حیکایەت ______ ١٦

١.٨ شێوازەکانی حیکایەت ______ ١٧

١.٩ چیرۆکی فۆلکلۆری ______ ١٨

١.١٠ تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی فۆلکلۆری ______ ١٩

١.١٠.١ چیرۆکی منداڵان ______ ٢٠

١.١٠.٢ چیرۆک بە زمانی ئاژەڵان ______ ٢٠

١.١٠.٣ گرینگی چیرۆکی منداڵان ______ ٢١

بەشی دووەم ______ ٢٢

تەوەرەی یەکەم ______ ٢٢

٢.١ پرسیارەکانی توێژینەوەکە ______ ٢٢

تەوەرەی دووەم ______ ٢٧

٢.٢ جۆرەکانی گێڕانەوەی فۆلکلۆری ______ ٢٧

٢.٣ حیکایەت و کاریگەریی حیکایەت لەسەر دەروونی منداڵان ______ ٢٨

٢.٤ تایبەتمەندی حیکایەت ______ ٢٩

تەوەرەی سێیەم ______ ٣١

٣.١ تێگەیشتن و کاریگەری زمان لە سەر توانستی منداڵاندا ____ ٣١

٣.١.١ قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ ____ ٣٤

٣.١.٢ قۆناغی گەشەکردنی منداڵ ____ ٣٥

٣.٢ خەیاڵکردن لای منداڵ ____ ٣٦

٣.٣ خەیاڵی منداڵ لە تایبەتمەندی زمانی ئاژەڵاندا ____ ٣٧

٣.٤ ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان ____ ٣٩

٣.٥ هێڵکارییەکان ____ ٤٣

٤.١ ئەنجام ____ ٤٥

٤.٢ ڕاسپاردە و پێشنیار ____ ٤٧

٤.٣ لیستی سەرچاوە ____ ٤٨

٤.٤ پاشکۆی یەکەم: حیکایەتەکان ____ ٥٣

٤.٥ پاشکۆی دووەم: دیمەنی بەشێک لە کاری مەیدانی و چاوپێکەوتنەکان ____ ٨٨

## پێشەکی

ئەدەبی فۆلکلۆری، لای هەموو نەتەوەیەک گرینگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لە ناو فۆلکلۆریش، ئەدەبی منداڵان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت. لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر ئەدەبییاتی فۆلکلۆری منداڵان وەک دەزانین، کە ئەدەبییات ڕۆڵێکی گرینگ دەبینی لە پێشوەچوونی هەر نەتەوەیەک، ئەدەبیاتی منداڵان کاریگەرییەکی باشی دروست کردووە، لە سەر لایەنی چالاکی زمان و هزریان. بۆیە باسی ئەدەبییاتی فۆلکلۆری منداڵان دەکەین.

بە نموونەی  حیکایەت و چیرۆکی منداڵانمان وەرگرتووە، چونکە قۆناغی منداڵی ناسکترین و گرینگترین قۆناغی ژیانی ئادەمیزادە، ئەدەبی منداڵان یەکێکە لە شێوازە هەر گرینگەکان بۆ بەرەو پێشچوونی بیری منداڵان، لە ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو، چونکە گرینگە، لە ڕووی زمان و خەیاڵی منداڵ جۆرەکانی حیکایەت وەک: (گاڵتەئامێز، پەروەردەیی، پەند، حیکمەت، دانایی، ئامۆژگاری، ...هتد).

## ناونیشانی توێژینەوەکە

ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان، بە نموونەی حیکایەت و چیرۆک(توێژینەوە و کاری مەیدانی).

## پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووتر

توێژینەوە لە بارەی فۆلکلۆری کوردی کراوە، بە تایبەتیش لە بارەی منداڵان، بە نموونە: یەکێک لەو توێژینەوانەی، کە لە بارەی چیرۆکی منداڵان کراوە، لە لایەن بەڕێز: م. مضفر مصطفی اسماعیل، بە ناونیشانی (ڕووخسار و چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت). توێژینەوەیەکی تریش، لەبارەی منداڵان محمد مێرگەی چیرۆکی نووسیووە، وەک: (چیرۆکی سەر زمانی ئاژەڵان). ئەوەی سەرەنجمان دابێت، کەمتر لە بارەی حیکایەتی فۆلکلۆری منداڵ کراوە. بۆیە لە توێژینەوەکەماندا حیکایەتی سەر زارەکیمان وەرگرتووە.

## سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە

{لێکۆڵینەوەکە لە دەڤەری سۆران تا ناوچەی سورچیایەتی و لە لایەکی تریش قەزای سیدەکان، دەست پێدەکات، لەگەڵ دەوروبەری قەزای سۆران. بە شێوەیەکی مەیدانی و سەر زارەکی لێکۆڵینەوەکە کراوە.}

*ڕێبازی توێژینە وە: (وەسفی شیکارییە).*

## گرینگی توێژینەوەکە

هەر وەک دەزانین، فۆلکلۆر و ئەدەبییات لە هەر نەتەوەیەک ڕۆڵ و بایەخی زۆری پێ دەدرێت. بە تایبەت فۆلکلۆری منداڵان، کە زۆر بواری جیاواز لە خۆ دەگرێت بەشێکی گرینگی ئەو سامانە بە نرخە کۆکراوەتەوە، لە فەوتان بە مەبەستی پاراستنیان. هەروەها بایەخێکی تری ئەو توێژینەوەیە پۆلێنکاری و دابەشکاری توێژینەوەکەیە بەسەر ئاست و توانستی منداڵان تا زیاتر حیکایەتەکان ڕۆشنایی ببینن. بۆ ئەم مەبەستەش حیکایەت و چیرۆکی، کە لە زەینی منداڵدا نزیکە وەرمان گرتووە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

فۆلکلۆر هۆکارێکە بۆ ڕاگرتنی مانەوەی شوناس و کەلتوور و زمانی هەر نەتەوەیەک، فۆلکلۆری منداڵان بە تایبەت چیرۆک و حیکایەت لە پاشەکشە دایە. بە تایبەت بەهۆی تەکنەلۆژیاوە منداڵ لە چالاکی زمانی و هزری دوورکەوتۆتەوە لەو بوارە، بۆیە ئێمەش بە پێویستی دەزانین بە بیری منداڵان و خوێندەواران و پەروەردەکاران بهێنینەوە، فۆلکلۆر چەند میراتێکی بە نرخە.

## پرسیاری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، خۆی لە چەند پرسیارێک دەبینێتەوە هەندێک لەو پرسیارانە، بۆچی حیکایەت پشت گوێ خراوە؟ جیاوازی چییە لە نێوان حیکایەت و چیرۆک لای منداڵان؟ لە لای منداڵاندا لە ئێستادا تا چەند گرینگی بە حیکایەت و چیرۆکەکان دەدرێن؟ حیکایەت ڕۆڵی هەیە، لە بەرەو پێشبردنی هزری منداڵان؟ ئایا پێویست نییە، لە ئێستادا گرینگی پێ بدرێت. ئەمانەو چەند پرسیارێکی تر هەوڵمان داوە، وەڵامیان بدەینەوە لە توێژینەوەکەماندا.

## گیروگرفتی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان بێ بەش نەبووە لە گیروگرفت، چونکە هیچ کارێک بێ کەموکووڕیی و گرفت نابێت، ئەوەی لە توێژینەوەکەماندا ڕووبەڕوومان دەبوویەوە کەسانی بە تەمەن، کەمتر حیکایەت و چیرۆکی منداڵانیان لە هزردا مابوویەوە، یاخود شەرم و ترسێکیان لا دروست دەبوو، لە کاتی چاوپێکە وتنەکانماندا منداڵانیش بەهۆکاری ئەوەی لە ئێستادا سەردەمەکە پێش کەوتووە، کەمتر ڕوویان لە  حیکایەت و چیرۆکە، حەزی گێڕانەوەیان کەمترە زیاتر مۆبایل و تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئاشناکردنی نەوەی تازەییە، بە حیکایەتەکانی کۆن منداڵان بۆ ئەوەی هەر وەک کۆن، کە گرینگی زۆری پێدەدرا لە شەوان و بەتایبەت لە شەوانی زستاندا بۆ منداڵان چیرۆک و حیکایەت دەگوتران لە لایەن کەسانی بە تەمەن، بۆیە ئێمەش دەمانەوێ لە ڕێی ئەو تێگەیشتنە ئەکادیمییەوە، دووبارە بە گوێی منداڵاندا بدرکێنین و لایان ئاشنا بکەینەوە، فۆلکلۆرەکەمان زیندوو بکەینەوە.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، پێک دێت: لە دوو بەش: بەشی یەکەم - تیۆری/ دوو تەوەرە لە خۆ دەگرێت، بەشی دووەم – پراکتیکی/ سێ تەوەرە لە خۆ دەگرێت.

## بەشی یەکەم / تەوەرەی یەکەم

### ١.١ پێناسەی فۆلکلۆر

بە پێی ئاستەکانی زمان هەر وشەیەک، کە دروست دەبێت یان دارێژراوە، یاخود لێکدراو، هەر بۆیەش بەم شێوەیە شیرکردنەوە بۆ وشەی فۆلکلۆر کراوە لە ڕووی ڕۆنانەکەیەوە. "وشەی فۆلکلۆر وشەیەکی تێکەڵە لە دوو وشە پێک هاتووە، (فۆلک) واتا نەتەوە یان کۆمەڵە کەسانێک. (لۆر) واتە پەند (حیکمەت) لە پاش چەند ساڵێک ئەم وشەیە بە هەموو ئەوروپا بڵاوبووەوە لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ڕووسیا خرایە سەر دەم". (کۆمەڵە نووسەر، ٢٠٠٩: ١٢-١٣). کەواتە ئەدەبی فۆلکلۆر هەروەک لێکدانەوەکەی بۆ کرا لەسەرەوە لە یەکگرتنی کۆمەڵە کەسانێک بۆ مەبەستی پەند و حیبرەتێک بەکاریان هێناوە.

"فۆلکلۆر بەشێکە لە کەلتوور، کەلتووریش بە شێوەیەکی گشتی، بە تێکرای بیروباوەڕەکان، شێوازی ژیان، داب و نەریتە هاوبەشەکانی تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاری کراو" (تالب سەرانی، ٢٠١٦: ١٥٣). هەر کۆمەڵگایەک پابەندی نەریت و کەلتووری خۆیەتی، ئەگەرچی هاوبەشییەک هەیە، لە نێوان هەندێک کەلتووری جیاوازدا جا لە ڕووی زمان بێت، یاخود ژانرەکان بی وەک چیرۆک و حیکایەت، چونکە فۆڕمێکی گێڕانەوەیە، هەر بۆیەش جێگای بایەخ پێدانە.

### ۱.۱.۱ هۆی دروستبوونی فۆلكلۆری كوردی

وشەی فۆلكلۆر: لە زمانی فەرهەنگیدا بە مانایی زانستی گشتییە. سامانی نەتەوەیە، كە تێدا هەموو خەڵک بەژدارن. هەوڵی هێشتنەوەی ئەو سامانە دەدەن.

چەند خاڵێک لە هۆی دروستبوونی فۆلكلۆری كوردی

- سروشتی ژیانی هەموو نەتەوەیەک ئەدەبی تێدا گەشە دەكات.
- ژینگەیی لادێی و پەیوەندی كۆمەڵایەتی، بیروباوەڕ و داب و نەریت.
- هۆكاری ئاینی، ئەزموونی ژیان هەڵەكردن و ڕاستكردنەوە.
- ئاڵوگۆڕی هزری نێوان كەسەكان. كاتی زۆر دەست بەتاڵی و بە تایبەت لە وەرزی زستاندا.
- ژینگەیی كوردستان، خاک و ئاو هەوا و كشتوكاڵ و شاخاوی.
- كۆمەڵگای كوردی كۆمەڵگایەكە ڕووداوگەلی سیاسی و كۆمەڵایەتی و نەریتی هەیە.
- كورد و ئاوارەبوون و دەربەدەری.
- خەیاڵكردن لای كورد لە ڕابردوودا ڕۆڵی ژیانی كۆمەڵایەتی گێڕاوە.
- نەبوونی ناوەندێكی سەربەخۆ (دەوڵەت).[۱]
- سووتاندنی نووسراوە كوردییەكان.
- لەو هەرێمەی ئێمە كاغەز تا ئێستاش بە شێوەیەكی بەرچاو بڵاو نەبوو. (ح.س، ۲۰۰۹: ۱۲٦_۱۲۷). ئەمانە چەند خاڵێک بوون، لە سەر دروست بوونی فۆلكلۆری كوردی مەرج نییە، ئەمانە هەمووی بێت، بەڵكوو بەشێكی هۆكاری دروست بوونەكەیەتی. كاتێک گوێبیستی وشەی فۆلكلۆر[۲] دەبین، ڕاستەوخۆ هەموو ئەو شتانەمان دێتەوە خەیاڵ، كە لە كۆندا هەبوونە پشتیان پێ بەستووە. لە سەردەمی ئێستادا وردە وردە، بەرەو نوێ بوونەوە، دەچێت. "فۆلكلۆر زۆر مەیدانی كەلەپووری نەتەوەی دەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەكانی، میللی كۆن، ڕایەخ، خواردن، قاپ و قاچ، كاسە و كەوچ، حەیران، لاوک، چیرۆک، حەكایەت، ...هتد.

۱نەبوونی زمانێكی ستاندارد، ئەگەر ئەمە دروست بایە، فۆلكلۆر زیاتر گەشەی بە خۆوە دەبینی.
۲وشەی فۆلكلۆر وەک دیارە شتە كۆن و ڕەسەنەكان دەگرێتەوە، لایەنی هزری و ماددی، كە باب و باپیرانمان بەكاریان هێناوە، پشتیان پێ بەستووە.

شەقڵی تایبەتی کۆنی میللەتێک لە بەرهەمی دەستکرد یا بەرهەمی بیر بهێڵێتەوە" (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١١). کەواتە، بە هۆکاری ئەو کەرەستانەوە فۆلکلۆر بە دیار دەکەوێت، کە چەندە گرینگ و جێی بایەخە، بۆیە میللەتان هەوڵی پاراستنی دەدەن. "فۆلکلۆر بەدەستهێنانی ئەزموونی گەورەی مرۆڤایەتییە، زەخیرەیەکی گرینگە، تێدا زانیارییەکانی دەمێنێتەوە. سامانێکە لە لایەن خەڵکەوە دروستبووە".(هیمداد حوسێن، ٢٠٠٧: ٥). کەوایە، هەر میللەتێک گەر فۆلکلۆری لاواز بوو، ئەوا ناتوانێ پێشکەوتێکی گەورە بەدەست بهێنێت، بەتایبەت ئەدەبی فۆلکلۆر خوازەییە، لە چەمک و زاراوەی جیاوازی ئەدەبی فۆلکلۆر، چونکە ڕێگایەکە زۆر شتی تێدا کۆدەبێتەوە. کوردیش خۆی بە فۆلکلۆرەکەیەوە هەڵواسیووە، نایەوێ ئەو سامانە پڕ لە بەهایەی لە دەست بدات. فۆلکلۆر، لە دنیای ئەمڕۆدا پانتایەکی زۆری داگیرکردووە بە چەندان جۆری لە ناو خۆیدا لێ بۆتەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات کاریگەری دروست بکات، لە سەر نەتەوە و کەلتوورە جیاوازەکان. فۆلکلۆر دەکرێ بە خەیاڵی دروست بکرێت و واقیعیش بێت، واتە زارەکی بێت و نووسراویش بێت.

منداڵ زیاتر لە قوتابخانەکان فێری زانست و زانیاری دەبن، بەڵام لە هەندێک گوندەکان قوتابخانە نەبووە، منداڵ ناچار بووە بچێت بۆ قوتابخانەکانی تری دەوروبەر، ئەمەش وای دەکرد تێکەڵاویی دروست بێت لە نێوان منداڵەکان یاری و کات بەسەر بردنی ڕۆژانەیان چ لە قوتابخانە بێت، یان دەرەوە پێکەوە بن. ئەمەش ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت؛ لە دروست کردنی پەیوەندی نێوان منداڵی جۆراوجۆر هەیە. ئەزموونی گێڕانەوەی زۆر بە سوودە توانایی بیرکردنەوە بەوانی تریش دەگەینێت. بۆیە فۆلکلۆر بۆ جەماوەر و کۆمەڵ دەگەڕێتەوە.

## ٢.١ گرینگی فۆلکلۆر

سامانی هەر نەتەوەیەک لە فۆلکلۆرەکەیەوە دەست پێدەکات، گرینگی کۆکردنەوەی فۆلکلۆریش وەک سامانێکی بەنرخ و بەهایەکی دەوڵەمەند بە دیار دەکەوێت. فۆلکلۆریش کارێکی وا دروست دەکات، تا بە چاوێکی پڕ بە بایەخ لێی بڕوانین ئەمەش بە شێوەیەکی زانستی و مەیدانی دەکرێت، کە کار لەسەر کۆکردنەوەی فۆلکلۆر بکرێت، بە تایبەت هی منداڵان، کە گرینگی زۆری هەیە، نابێت بە چاوێکی کەم سەیر بکرێت.

گرینگی فۆلکلۆر خاسییەت و ڕەسەنایەتی ئەو ناوچەیە و دەوروبەرەکەی دیار دەکات. کاری کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لەسەر بنەمایەکی زانستی ڕاست و دروست دیار دەکرێت. بە پێی پڕۆگرام و بەرنامەی خۆی. گرینگی فۆلکلۆر لەوە دایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فۆلکلۆر لە پەرەسەندن و گەشەسەندن دایە.(شوکریە ڕەسوڵ، ١٩٩٧: ٢). ئەگەر سەرەنج بدەین لەسەردەمی ئێستامان دا بەهۆی کاریگە ری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، بایەخێکی زۆری بەخۆوە بینیووە. فۆلکلۆرناسەکان لە ڕێگەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی : حیکایەت و گۆرانی مەتەڵ پەند، ...هتد. کە شتی کۆن و تایبەتن میللەتەکەی پێ دەناسرێت. ئەمانەش لە زۆربەی کات پشتاو پشت بووە، کوڕ لە باوکیەوە، منداڵ لە دایکیەوە ئەیبیستێت و ئەمێنتەوە، بۆیە بەرهەمی فۆلکلۆر ناتوانین بڵێین تاکەکەسیەوە، بەڵکو گشتییە. (شوکریە ڕەسوڵ، ١٩٩٧: ٢). کەوایە، فۆلکلۆری نووسراو نەنووسراومان هەیە[٣]، کە ئەوەی نەنووسراو چێژو تامێکی زیاتری هەیە لە چاو ئەوەی نووسراو تۆمارکراوە، چونکە زیاتر خەڵک لە کاری ڕۆژانە سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ منداڵەکانیان، بەکاریان هێناوە، بایەخی زیاتربووە. "ئەدەب دەکرێت بە دوو بەشەوە، ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نووسراو" (هونەر صوفی، ٢٠٢١: ١٢).

٣مەبەست لە فۆلکلۆری نووسراو و نەنووسراو، یاخود ئەدەبی نووسراویش پێ دەگوترێ. ئەگەر نووسراو بێ، کتێبەکان دەگرێتەوە، بەڵام نەنووسراو زارەکییە، لەسەر زاری خەڵکەوەیە.

توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی ئەدەبی زارەکی دەسووڕێتەوە، چونکە زیاتر گرینگی بە خۆوە بینیووە. هەر بۆیەش شتە زارەکییەکان سوود بەخشترن لە چاو شتە تۆمارکراوەکان، ئەو تام و چێژەی لە شتی زارەکی دەست دەکەوێت، کەمتر لە هی نووسراو دەست دەکەوێت. بەتایبەت لە کاتی یەکتر بینین و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای یەکتری، هەر ئەوەشە وای کردووە، بایەخدار بێت.

### ١.٢.١ چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

هەر نەتەوەیەک، کە دروست بووە فۆلکلۆری هەبووە بۆیەش کوردیش چەند بەشێکی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لە فۆلکلۆری کوردی هەر وەک عیزەدین، دەڵێت: "ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی هەر وەک ئەم ئەدەبە لە لای زۆربەی گەلان و بەتایبەتی لای گەلانی ڕۆژهەلات. بریتییە: لە چەند جۆرێکی بنەڕەت وەک: ئەفسانە، بەیت، بەیتی قارەمانی بەیتی دڵداری، وەک: چیرۆک، حیکایەت، لای لایەی منالّ، پەند، مەتەڵ، گاڵتەو گەپ،...هتد." (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١٥). کەوایە، ئەمانە ڕێچکە شکێنی ئەدەبی فۆلکلۆرین بە هۆی ئەمانەوە فۆلکلۆر دەوڵەمەند بووە، لە نێو نەتەوەکانی تریش ڕەنگی داوەتەوە.

### ٢.٢.١ خاسییەتەکانی فۆلکلۆر

بە گشتی فۆلکلۆر چەند خاسییەتێکی هەیە، کە بریتین لە:

- لەناو خەڵکیدا ئێجگار زۆر بڵاووە، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، بە تایبەتی لای ئێمە.
- خاوەنی یەکەمی دیار نییە.
- فۆلکلۆر کەرەستەیەکی خاوی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێک.

- نەتەوەی کورد دەوڵەمەندە لە ڕووی فۆلکلۆرەوە، هۆی ئەمەش تەنیا ئەوە نییە، کە ئەدەبییاتی نووسراو نەختێک درەنگ لە ناو کوردا پەیدا بوو بێت. بەهۆی بوونی چەندان دیالێکتی جیاواز دەوڵەمەندی کردووە، گەشە و گۆڕانی بەخۆوە بینیووە.
- کەرەستەی فۆلکلۆر ئەگەر هەرچەند کۆنیش بێت، پێگە و گرینگی خۆی لە دەست نادات، هەر بایەخدارە.
- فۆلکلۆری هەر نەتەوەیەک وەک ڕەمز وایە، بۆ ئەو نەتەوەیە، کە میللەتەکە یاخود نەتەوەکە پێ دەناسرێتەوە کوردیش بێ بەش نییە لەو ڕەمزە.

## ٣.١ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

میللەتی کوردیش هەر وەک میللەتانی تری جیهان، خاوەن شوناس و مێژوو و فۆلکلۆری تایبەت بە خۆیەتی، کە مێژوویەکی دورودرێژی هەیە. "میللەتانی جیهان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، سەرەتا لە فۆلکلۆرەوە دەستیان پێ کردووە، نەتەوەی کوردیش لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە دەوڵەمەندەکانی جیهان. " (ڕازاو ڕەشید صبری، ٢٠١٠: ٣٥). چونکە، فۆلکلۆر شتێکە وەک سامانی هەر نەتەوەیەک ڕۆڵی هەیە، کوردیش دەوڵەمەندە لە ڕووی کەلتوور و فۆلکلۆرەوە خاوەنی چەندان حیکایەت و چیرۆک و ئەفسانەو داستان و مەتەڵ و حەیران و لاوک،...هتد.

ئەمانە بە هۆکارێک دادەنرێت بۆ بەرەو پێشوەچوونی وڵات و نەتەوەی کوردیش بە پشت بەستن بە فۆلکلۆرەوە خۆی بەرەو پێش بردووە. هەوڵی داوە فۆلکلۆری خۆی بە دنیا ئاشنا بکات، بە تایبەت لە ڕووی ئەدەبی منداڵاندا. فۆلکلۆر لە باب و باپیرانی ئێمەوە هاتووە واتە سەر زارەکی بووە، وەکو جەوهەرێکی گرینگ پاراستوویانە، فۆلکلۆر لەو هونەر و بیرو باوەڕەی جۆری ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، کە میللەت گوزارشت پێ لە ناخی خۆی دەکات. سەرەڕای ئاڵۆزی بارودۆخەکەی، سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسانی بەلای خۆیدا

ڕاکێشاوە. مینۆرسکی لە گەشتێکدا بۆ کوردستان (١٩١٤)ز[٤] لە بارەی کوردەوە دەڵێ: "کورد خاوەنی ئەدەبێکی میللی هێندە دەوڵەمەندە، کە گەلێک هەقایەت و داستان، ستران دەگرێتەوە" (ڕازاو ڕەشید صبری، ٢٠١٠: ٣٥). کەوایە، ئەدەبی فۆلکلۆری ئەو ئەدەبەیە کەوا لە گەرمەی ژیاندا تاکی ناو کۆمەڵگا لە ناو چینە جیاجیاکانی خەڵک، ڕۆژانە لە ڕووی پێویستییەوە بەرهەمی دێنێت و کۆمەڵ وەری دەگرێت و بەکاری دەهێنێت.

## ٤.١ چەمکی ئەدەبی منداڵان

ئەدەبی منداڵان بەشێکی زیندووی ئەدەبی هاوسەردەمی گەلی کوردە و نیشانەیەکی دیاری ئاستی بەرەو پێشچوونی کەلتوورەکەیەتی. ئاشکرایە لە فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکە، لە دەستپێکدا کۆمەڵێک بەرهەمی شیعر و چیرۆک و بەرهەمی دی جۆراوجۆری تایبەت بە منداڵان هەبووە. بۆیەش گەشەیەکی ئاوا خێرایی بەخۆوە بینیووە، کە ئەدەبیاتی گەورانیشی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان.

نووسەرانی کوردیش بایەخیان بە ئەدەبی منداڵ داوە، لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کردوون، بۆ ئەوەی دنیای منداڵان یاخود ئەدەبیاتی، کە تایبەت بە منداڵن نەفەوتێت، بەرەو دووبارە گەشەکردن بیبەن. منداڵ بە پێشەنگی هەر نەتەوەیەک دادەنرێت، چونکە منداڵ نەوەی داهاتووە، زۆربەی شتی نوێیەکان  لە لایەن منداڵەوە دەکرێت. نووسینەوەی ئەدەبی منداڵانیش دەبێت بە زمانێکی سادەو ساکار و ڕوون بێت. بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە لەنگی و تەم م مژی نەکات، ئێمە کۆمەڵێک بەرهەمی وەک: شیعر و چیرۆک و مەتەڵی فۆلکلۆری هەمە جۆرمان هەیە، بۆ منداڵان ئەم بەرهەمانە بە سوود و گرینگن؛ ئەم

---

٤ساڵی ١٩١٤_١٩١٨ جەنگی جیهانی لە ئەوروپا دەستی پێکرد.

بەرهەمانەش بە شێوازی گێڕانەوە دەردەبڕێت ئەدەبی منداڵان لە سەرەتایی سەدەی بیستەم گەشەی بە خۆوە بینیووە.

ئەمەش بۆ ڕێنوێنیی کردنیان نووسراوە، فۆلکلۆریش گرینگییەکی زۆری لە پەروەردەیی نەتەوایەتی، وە بە ئاگا هێنانی ئەندێشە و کار کردنە سەر دەروون و ئاوازەی منداڵ هەبووە. (ڕێواس ئەحمەد، ٢٠١٠: ٧_ ٨). کەوایە، منداڵ لە ڕێگای ئەو وتە جوانانە حەز و چێژی لا دروست دەبێت، خۆشییەکی پڕ مانا بە عەقڵ و هزریان دەگەیێنێت ئەمەش بە شیعرو پەخشان و چیرۆک و حیکایەت، ...هتد. دەکرێت. منداڵ کاتێک سەیری دەوروبەری دەکرد، گوێبیستی قسەکانی کەسانی گەورە دەبوو لە ڕێگای ئەم قسانەوە بیری دەکردەوە، شتەکانی لە مێشک دەمایەوە مێشکی منداڵ پاک بووە لە وەرگرتنی شتەکان بۆیە کۆڕو کۆبوونەوەکانی شەوان و مەجلیسی گەوران وای لە منداڵ دەکرد گۆرانێک لە خۆی دروست بکات، ئەگەر سەرنج بدەین لە دنیای ئێستاماندا بەرهەمەکانی منداڵان لە لای هاوسێکانیشمان بایەخی زۆری پێدراوە، چەندان پەرتووک وناملیکەو گۆڤار بڵاوکراونەتەوە، یەکەمین گۆڤاریش بە ناوی گروگاڵی منداڵان[٥] بوو.

٥گۆڤاری گروگاڵی منداڵان لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری مهاباد دەرچوو، یەکەم گۆڤار تایبەت بە منداڵان بوو.

## ٥.١ ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان

پێناسەکردنی فۆلکلۆری منداڵان کارێکی وا ئاسان نییە، ناتوانین بە شێوەیەکی وا باسی بکەین، چونکە پرۆسەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە. گۆڕانکاری دروست دەکات بە پێی هەلومەرجی تێدایە، لێکۆڵینەوە و گەڕانی زۆر لە بارەی فۆلکلۆرەوە کراون. منداڵان دنیایەکی جوان و تایبەت بە خۆیان هەیە، لە کۆندا منداڵان لە ژیانێکی سادەو ساکاردا لە لادێکاندا دەژیان.

چەندان یاری جۆراوجۆریان دەکرد، یاخود ڕوویان لە مەجلیس و کۆبوونەوەکانی کەسانی بە تەمەن و بە ئەزموونی شارەزا لە فۆلکلۆر گوێیان لێ ڕادەگرتن و بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە بە تایبەت حیکایەت و چیرۆکی منداڵانە، بەم شێوە ژیانی ڕۆژانەیان پێ دەبردە سەر. کەواتە، فۆلکلۆر یەکێکە لە پایە گرینگەکانی هەر نەتەوەیەک، بەهۆی فۆلکلۆرەوە ئاشنایەتی دروست دەبێت، لە نێوان نەتەوەو وڵاتاندا نابێت وا بە ئاسانی پشت لە فۆلکلۆر بکرێت. "فۆلکلۆر جیهانێکی بەرفراوانە لە ژیانی مرۆڤدا، هیچ گەڵ و نەتەوەیەکیش بێ فۆلکلۆر نییە... فۆلکلۆری کوردیش بەشێکە لە سامانە فۆلکلۆرییەکانی دنیاو خەرمانێکی لە بن نەهاتووی میللەتی کوردە، بەهۆی ئەم فۆلکلۆرەوە، کە بووەتە جێگەی سەرەنجی ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە گرینگە، فۆلکلۆری کوردی بایەخێکی گرینگی بۆ سەر جیهانی فۆلکلۆر بە شێوەیەکی گشتی هەبووە." (مضفر مصطفى اسماعيل، ٢٠١١: ٤٧). کەواتە کورد لە ڕێگای سامانەکەیەوە، کە فۆلکلۆرە شوناسی خۆی بە گەلان و جیهان ناساندووە. کاتێک خەڵکی بیانی دێت، بۆ گەشت و سەیران گەڕانێک بە ناو خەرمانی فۆلکلۆری کوردیدا دەکەن.

## تەوەرەی دووەم

### ١.٦ حەکایەتی فۆلکلۆری

حەکایەتی فۆلکلۆری ئەو حەکایەتانەن، کە لە دێر زەمانەوە سەریان هەڵداوە و دەماو دەم لە پێشینانەوە بۆ پاشینان گوازراوەتەوە. ئەم جۆرە حەکایەتانە لای هەموو میللەتان هەن، لە ناخی ژیانی گەلانەوە هاتوون هەڵگری بیروڕای ڕەنگ و ڕووخساری سەردەمەکەی خۆیانن. (مضفر مصطفى اسماعيل، ٢٠١١: ١٠٩). هەروەها، حیکایەتەکان لە هزری تاکی ئەو سەردەمەدا هەڵقوڵاو بووە، ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیان بوونە.

پۆل دۆلارو (Paul Delarue) دەڵێ: "هیقایەت بریتییە لە گێڕانەوەیەکی زارەکی زۆر ڕێکو پێک" (موحسین ئەحمەد عومەر، ٢٠٠٥: ٥٠). کەوایە حیکایەت فۆرمێکی گێڕانەوەیە ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە ڕاستەقینەی یان ڕووداوە ڕاستەقینەکە لە بیری حیکایەت خوانەکەیە بە سوود وەرگرتن لە خەیاڵەوە، بەرهەمی هێناوە.

فۆلکلۆری زارەکی تەکنیکێکە، دەکرێت تێهەڵکێشی بوارەکانی تریش بکرێ، بۆ ئەوەی بابەتەکە دەوڵەمەند بێت، چونکە حیکایەت لە ڕێگای شیعرو ڕۆمانیش پەیڕەو دەکرێت. دەکرێ بڵێین هەر سەردەمێک بەهۆی شتێکەوە دەناسرا حیکایەتیش ئەو کاتی ڕێچکە شکێنی هەموو فۆلکلۆر بووە زیاتر پشتیان پێ دەبەست، چونکە لە ژیانی ڕۆژانە دەگوترانەوە بە مەبەستی پەند و حیبرەت بۆ منداڵانیان دەگوترایەوە، منداڵانیش زۆر بە جۆش و خرۆشەوە بەرەو ڕووی دەچوون، بە گرینگیان چاو لێ دەکردن لە ڕووی پێکهاتە و هونەرییەوە حیکایەتیش پێک دێت لە (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی)، بەڵام سەرەتایی حیکایەت جیاوازە بە پێشەکیەک دەست پێ دەکات وەک دەروازەیەک هیچ پەیوەندی بە ناوەڕۆک وە نییە، ڕستەی کورتی خاوەن بیرۆکەی پێکەنین ئامێزە، بە زمانێکی پوخت دەگێڕدرێتەوە، هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ و ڕوو ڕەشتر نەبوو، پاشا مرد کفن نەبوو، هەڵیان گرت جێگایی نەبوو، دایان نا ڕێگا نەبوو، قەبریان بۆ هەڵکەند پاچ و بێڵ

نەبوو. کۆتایی حیکایەتیش وەک قفڵدانێک و دەروازە داخستنێک حیکایەت بێژ بە وردی دای دەخات، وەک: منیش هاتمەوە و کڵاشم دڕا هیچم پێ نەبڕا، یاخود چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز. "ڕەخنەگرێکی وەک ڤلادمێر پرۆپ بە یەکێک لە ڕابەرانی فۆرماڵیستی ڕووسی دادەنرێت، کە لە کتێبە بە ناوبانگەکەی (مۆرفۆلۆجیای حیکایەت)، لە ساڵی (١٩٢٨) بڵاوکردەوە. پرۆپ لە م کتێبەدا بە ٣١ ئەرک حیکایەت مەزندە دەکات، پێی وایە، حیکایەت دەبێت ٣١ جووڵە لە خوێ بگرێت".(حەمە مەنتک، ٢٠٢١: ١٤)، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەرکەکان لە حیکایەتێکدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو دەکرێت حیکایەتێک کەمتر بێت یەکێکی تر زیاتر.

ئەگەر باسی چەند زاراوەیەکی فۆلکلۆری بکەین، کە بۆ حیکایەت بەکارهاتووە وەک: (حیکایەت، حەکایە ت، چیرۆک، هەقایەت). هەروەها بۆ حیکایەتخوانیش ئەم زاراوانە بەرچاو دەکەوێت(حیکایەتخوان، چیرۆکخوان، خۆشخوان، هەقایەتخوان، چیرۆکبێژ).(شوکریە ڕەسول، ٢٠٠٥: ١١). بەپێی ناوچە و شێوەزارەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. لەلایەکی تریشەوە ئەو تێکەڵ بوونەی کە لە نێوان گوندنیشیان دەکرا، بیروڕای تیکەڵ بە یەکتر دەبوون، چەندان حیکایەتی نوێ لە دایک دەبوون.(مضفر مصطفی اسماعیل، ٢٠١١: ١٠٩). یاخود ئەو حیکایەتانەی کە باپیرو داپیرەی منداڵان دەچوونە، لای یەکتر سوودیان لێکتر وەردەگرت بۆیە فۆلکلۆر لەگەڵ ئەویشدا حیکایەت خاوەنی یەکەمی ون دەبوو[٦] لە بەر ئەوەی سەر زاری دەبوو، کەسی یەکەم دیار نەدەما تێکەڵ دەبوو، فۆلکلۆر بۆ هەمووانە بۆ گەورە پیر گەنج منداڵ، بەڵام هەندێک حیکایەت زیاتر لە چوارچێوە ی تێگەیشتنی منداڵان نزیکە، هەندێکی تر بۆ گەوران، مەبەستیش لەمە پەند و ئامۆژگاری بووە، بۆ ئەوەی لە کاری ڕۆژانەیان پشتی پێ ببەستن.

---

٦حیکایەت خاوەنی یەکەمی ون دەبوو، چونکە لە زارێکەوە دەگوازرایەوە بۆ زارێکیتر.

## ١.٧ جیاوازی نێوان چیرۆک و حیکایەت

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم جیاوازییانە لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە، کە بریتین لە:

- چیرۆک ژانرێکی ئەدەبییە دەچێتە بەر ڕۆشنایی ڕەخنە.
- حیکایەت میراتێکی فۆلکلۆرییە، چیرۆکبێژە فۆلکلۆرییەکان گواستویانەتەوە، وەک چۆن حیکایەت ناچێتە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنە. حیکایەت کۆمەڵێک ڕووداوی پوختەن، دوورن لە داڕشتنی هونەریی، ئەگەر هاتوو بە شێوازێکی هونەریی داڕێژران، واتا تەکنیکەکانی گێڕانەوەیان تێدا بەکارهات ئەوا دەبێتە چیرۆک و هیچیتر حیکایەت نامێنێت.
- جیاوازیەکی دیکە ئەوەیە، کە حیکایەت خەیاڵزادەی تاکێک نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگە بە تێکرا تێیدا بەشدارە.
- چیرۆک وا نییە، بەپێی ئەوەی بەرهەمی دانەرێکی دیاریکراوە. بابەتی ناوەڕۆکی حیکایەتەکان دیاریکراون، لە دەوری چەند پرسێکی چاکسازی مرۆیی و کۆمەڵایەتی دەخولێنەوە.
- بەڵام چیرۆک وانییە، چیرۆک هەوڵێکە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی واقیع و تاقیکردنەوەی تەواوی ڕێگەکانە لە چارەسەرکردنی پرسێکی دیاریکراو.
- خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە حیکایەتەکان بەگشتی دوورن لە ئاڵۆزی و زمانێکی سادەیان تێدا بەکاردێت. لە ڕووی زمان، خەیاڵ، لە ڕووی بابەت، لە ڕووی گێڕانەوە، کارەکتەر، ناوی کارەکتەر، شوێن.
- بەڵام لە چیرۆکدا ئاڵۆزیەکی زمانەوانی، بابەتی، هونەری و شێوازیی هەیە.( مؤمن الوزار، ٢٠٢١: بدون صفحة). بە کورتی ئەمانە چەند جیاوازییەکی نێوان حیکایەت و چیرۆک بوون، کە دەکرێ بۆ لێکتێگەیشتن بەم شێوەیە جیا بکرێنەوە.

## ٨.١ شێوازەکانی حیکایەت

یەکێکە لە هونەرە میللییە ناسراوەکان، داهێنانێکی سەر زارەکی میللی کوردیە، هونەرێکی داستان و پەخشان ئامێزە و لە ئەنجامی پەرەسەندنی ڕووداوەکان ڕەنگی داوەتەوە، دەگێڕدرێتەوە حیکایەت فۆڕمێکی دەستنیشان کراوی هەیە، ڕەگەزەکانی هەردەم جێگیرن، لە حیکایەتدا سروشت و ژینگە باسی لێوە ناکرێ، بۆ ئەوەی منداڵ تێبگات زمانێکی سادەو ساکار بێت، باسی داهاتووی نەتەوە دەکات هیواو ئامانجەکانی. منداڵ لەوەدا، کە بیرو هەست و نەستەکەیان لە جیهانی کەسایەتی ڕووداوەکانی حیکایەتدا دەژین، هەست بە خۆشییەکی قوڵ دەکات، منداڵ دەتوانێت پێنج تا دە جاریش حیکایەتەکان بڵێتەوە، بەیانی بکات.

لە حیکایەتدا هەموو کات پێکەنین نییە، بەڵکو حیکایەتەکان جۆری زۆرە، هەیە بۆ ترسە، منداڵ زیاتر حەزی پێ دەکات لە ناو منداڵانیش بڵاووە.(ڕێواس ئەحمەد، ٢٠٠٥: ٧_٩_٣٤_٣٥_٥٦). کەواتە، لە کۆندا هەقایەت لە لایەکەوە بۆ کات بەسەر بردن و ڕابواردن بووە، لە لایەکی تریش گێڕانەوە ی سەرگوزەشتەکانی ژیانی مرۆڤ بووە، گەلێک هۆکار هەیە لە سەردەمی ئێستادا، کە وای کردووە حیکایەت گرینگی پێ نەدرێت و پشتگوێ بخرێت، کەچی لە کۆندا چەندان نووسەری بواری فۆلکلۆری هەبوون گرینگیان پێداوە، زیاتر چیرۆک لای ئەوان گرینگتربووە، چونکە هەر شتێک پاداشتی هەبێت، چ مەعنەوی بێت یان ماددی سروشتی مرۆڤ وایە، حەزی پێدەکات. ئەگەر سەرنج بدەین لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا یاخود حەفتاکاندا کۆمەڵێک چیرۆک نووسی بە توانا هەبوونە پێشبڕکێیان لە سەر چیرۆکەکانیان دەکرد، کە کامە باشترینە کەچی لە ڕۆژگاری ئێستادا تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی بەرچاو هاتۆتە پێشەوە، هەر ئەمەش وای کردووە، کە ژانری ئەدەبی بەشێکی

فەرامۆش بکرێت و گرینگی پێنەدرێت، مرۆڤ سروشتی وایە حەز بە شتی دوور و درێژ ناکات، بۆیەش چیرۆک کەمێک درێژە دەکێشێت، شتێکیش درێژ بێت تامی لێ ناکەیت، بۆیە گەر کورت و پوخت بێت حەزی پێدەکات.(دیمانە لەگەڵ بەڕێز: ئەرسەلان فارس کریم)[٧]

## ٩.١ چیرۆکی فۆلکلۆری

لە بەشێک لە سەرچاوەکان جیاوازی نێوان چیرۆک و حیکایەت ناکەن، بە یەک شتی دادەنێن، بەڵام هەندێک خاسییەت و مەرج وا دەکات لێک جیا بکرێنەوە.[٨] چیرۆک کە لەناو کوردیدا حیکایەت یا "نەقڵ"ی پێ دەڵێن و لە ناو کوردی لۆردا" مەتەڵۆک" پێ دەگوترێت، بەشێکی گەورەی ئەدەبی فۆلکلۆرە، فۆلکلۆری کوردی گشت ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە لە کۆندا پشتیان پێ بەستووە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، چیرۆکیش بە هەمان شێوە یەکێکە لەو گرینگییانە. چیرۆکی فۆلکلۆر پەخشانە گێڕانەوەیەکە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکەی دیکە دەگوازرێتەوە، لە ڕێگەی نووسین یاخود بە شێوەی زارەکی، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەشێ لە لایەن کەسی گێڕەرەوە گۆڕانکاری بەسەردا بکرێ. (فوزي العنتيل، ١٩٩٩: ١٧). کەوایە، هەر وەک چەندان پێناسەی جیاواز بۆ چیرۆکی فۆلکلۆری کراوە، دەشێ هیچ پێناسەیەک تایبەت نەبی بە گشتگیری لێیان بڕوانین، چونکە بیرکردنەوەی هیچ کەسێک لێک ناچێت، بۆیە گۆڕانکاری دروست دەبێت لە دەربڕین بۆ چیرۆک.

---

٧ئەرسەلان فارس کریم، سۆران، سەرپەرشتیاری پەروەردەی و پسپۆڕی زمانی کوردی. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/٢ هەینی.

٨تێبینی : لە بەشێک لە سەرچاوەکان جیاوازیەکی ئەوتۆی نێوان حیکایەت و چیرۆک ناکەن، بە یەک شتی دادەنێن، تەنیا لە حاڵەتی خاسییەت و تایبەتمەندی نەبێت، لێکیان جیا دەکەنەوە. د.أحمد مرسي، (١٩٨٤)، الأدب الشعبي و فنونة، مكتبة الشباب، وزارة الثقافة، الشفافة، الجماهيرية، مصر.د.طارق الحصري، (٢٠٠٧)، استلهام التراث في مسرح، الطفل، ط١، الإسكندرية، دار الوفاء، للطباعة والنشر. د.عبدالحميد يونس، (١٩٦٨)، الحكاية الشعبة المؤسسة العصرية العامة، دار الكتاب العربى للطباعة والنشر

" چیرۆک لە کۆنترین ژانرە ئەدەبییەکانە، زادەی خەیاڵی مرۆییە و هەر لە سەرەتایی بە دەرکەوتنی مرۆڤ بەستراوەتەوە، لە سەرەتایی درووستبوونیەوە بە شێوەی زارەکی گواستراوەتەوە، چونکە گێڕانەوەی چیرۆکە فۆلکلۆرەکان، لە مێژوو کۆنترە و وابەستەی ناوچەیەکی دیاریکراو نییە". (سیث طومسون، ١٩٨٧: ٨٠). هەر وەک، چیرۆک بەرەو پێشچوونێکی مێژووی ئەفسانەیە و لە ڕووی دارشتنەوە، لەو دەچێت. "چیرۆکیش وەک ئەفسانە دەماو دەم پشتاو پشت دەگێڕدرێتەوە، حیکایەت قوڵەو وشەی تایبەتی خۆی هەیە".(عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ٢٤_ ٢٥). کەوایە، حیکایەت بە هۆی قوڵبوونەوەکەیەوە زیاتر سەرەنجی دەوروبەر بۆ خۆی ڕادەکێشت، تا بە حەماسەتەوە گوێ لێ بگرێت. هەر شتێکیش کە لێی وردبوویە وە مەبەست و پەیامێکی لە خۆی هەڵگرتووە.

## ١.١٠ تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی فۆلکلۆری

خستنەڕووی چەند تایبەتمەندییەکی، چیرۆکی فۆلکلۆری کە بریتین لە:

- چیرۆکی فۆلکلۆری خەسڵەتێکی جیهانگیری تێدایە، چونکە هەموو گەلانی دنیا چیرۆکی تایبەت بەخۆیان هەیە.
- چیرۆکی فۆلکلۆر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بە شێوەی زارەکی دەگوازرێتەوە، بەڵام لە شێوەی گشتیدا بونیادێکی کلاسیکی هەیە هەر بۆیە زانینی بنەڕەتی چیرۆکە گرینگییەکی وای نییە، بەپێی ئەوەی چیرۆکەکە بەردەوام لە گێڕانەوەدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت. (أحمد مرسي، ١٩٨٤: ٨١) . کەواتە، بە گشتی دەتوانین بڵێین چیرۆک ناتواندرێ لە کە سێکدا کۆی بکەینەوە بە پێی بیری کەسەکان، گۆڕانکاری بە خۆی دەبینێت.

### ١.١٠.١ چیرۆکی منداڵان

منداڵ کۆمەڵێک بابەتی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ڕۆژانە خۆی پێووە سەرقاڵ دەکات. یەکێک لەو بابەتە گرینگانەش چیرۆکە، چونکە منداڵ بۆ خۆی ڕادەکێشێت تا کاریگەری لە سەر دروست بکات. "هەر کردەوەیەکی چیرۆک بۆ منداڵان دەبێت هەندێک ڕووداوی لابەلای تێدا بێت، کە دەکەوێتە سەر مرۆڤ یان ئاژەڵ یان جنۆکە یان بێ گیانیش لەگەڵ دەدوێن".(مضفر مصطفی اسماعیل، ٢٠٠٨: ١٠_١١). کەواتە، چیرۆک لقێکی گرینگی ئەدەبە میللەتان پشتی پێ دەبەستن، چونکە هۆکارێکی گرینگی بەرەو پێشوەچوونی لایەنی هزری، فەلسەفە، زانست، ...هتد. دەگرێتەوە، چیرۆکیش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە؛ کە مرۆڤ لە ژیانی ئەشکەوت و ژیانە ساکارە کە بووە ڕووبەرووی چەندان ناخۆشی و کارەسات و ئاژەڵی دڕندە بۆتەوە ئەوانەش وایان کردووە ببێتە ئامرازی گێڕانەوە بۆ منداڵەکانیان.

### ٢.١٠.١ چیرۆک بە زمانی ئاژەڵان

منداڵ لە جیهانێکدا دەژیت حەز بە شتێک ئەکات، لەگەڵ فکر و زەینی ئەودا بگونجێت، بێگومان چیرۆکی سەر زاری ئاژەڵانیش ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت، لە سەر کاریگەری فکر و خەیاڵ لای منداڵ هەر بۆیەش بە لێکۆڵینەوە و نووسینی لە باراوە کراوە، ناوی جۆراوجۆر بۆی دانراوە.

بە گوێرەی ئەو گەڕان و سەرەنجدانە لە سەر بەشێکی زۆری نووسین و لێکۆڵینەوەکان، تایبەت بە ئەدەبی منداڵان، لە ناو ئەویشدا چیرۆکی سەر زمانی منداڵان چەندەها ناوی جیاوازی لێنراوە، وەک: حیکایەتی گیانداران، چیرۆک دەربارەی گیانەوەر و باڵندە، چیرۆک و حیکایەت دەرهەق بە حەیوانان، تەیر و تەرەوالان، حیکایەتی سەر زاری ئاژەڵان، ...هتد.

(محەمەد مێرگەیی، ٢٠٢٢: ١١٠). بە گوێرەی هەلومەرجی جیاوازو ئەو ناوانە بەکار دێن، لە ناو دەقەکاندا، هەر یەکەو تایبەتمەندی جیاوازی وەرگرتووە لای نووسەران تێگەیشتنی منداڵ بۆ کامەی بگونجێت ئەو بەکاردەهێنێت. "چیرۆکی منداڵان بەو ناوە ناونراوە، چونکە ڕووداوەکانی لە دەوروبەری باڵندە و ئاژەڵەکان دەسوڕێتەوە، کەسایەتی ئاژەڵین، منداڵ چێژی پێدەکات".(ڕازاو ڕەشید صبری، ٢٠١٠: ١٣٢). کەواتە منداڵ چێژ لە شتێک دەبینێت، کە بە ئاسانی لێی تێبگات و کەسایەتی ئاژەڵی لە دەوروبەری منداڵ هەڵقوڵاوە، منداڵیش بەردەوام ئاژەڵی خۆشویستووە.

### ٣.١٠.١ گرینگی چیرۆکی منداڵان

ئەدەبی منداڵان بە تایبەت چیرۆک گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، بۆیە بە چەندان شێوە و ڕوانگەی جیاواز باسی لێوە دەکرێت، چونکە ئەدەبی منداڵان ڕۆڵ دەبینێت، لە پێشوەچوونی نەتەوەو گەشەی کەسایەتی خۆی، ئەو شتانەی کە ڕۆژانە کردوویتی یان لە کۆڕو کۆبوونەوەکان گوێ بیستی بووە، جا حیکایەت بێت چیرۆک یان هەر شتێکی تر لە خۆی دا ڕەنگی داوەتەوە، سوودی لێ بینیووە.

## بەشی دووەم / تەوەرەی یەکەم

### ٢.١ پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا بە پێویستمان زانی ڕاپرسییەکی گشتیی بکەین دەربارەی حیکایەتی منداڵان بۆ زانینی هۆکارەکانی لاوازبوونی حیکایەت، ئەمەش بە سوود وەرگرتن بە چەندین چاوپێکەوتن و کاری مەیدانی لەگەڵ مامۆستا و قوتابی و منداڵاندا، لە خوارەوە پرسیار و وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە دەخەینەڕوو:

- ڕێژەی ئاشنایی منداڵان بە حیکایەت؟

لە سەردەمی ئێستادا، کە تەکنەلۆژیا باڵی کێشاوە بە سەر جیهان وای کردووە زۆربەی بوارەکانی ئەدەبی و بە تایبەت ژانری ئەدەبی وەک: چیرۆک و حیکایەت لاواز بێت و گرینگی پێ نەدرێت. لە دیمانەیەک لەگەڵ م. ڕێبوار سەبارەت بە ڕێژەیی ئاشنایی حیکایەت لای منداڵ دەڵێت:

"منداڵان دەزانن شتێک هەیە، بە ناوی چیرۆک و حیکایەت، کە لە باو باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە. گوێ بیستی بوونە، بەڵام وەک شتێکی مێژووی و بەسەرهات دەی بینن، ئاشنایەتیان بە ڕێژەیەکی کەم هەیە، بۆ ئەم ژانرە فۆلکلۆریە."[٩] لە بەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵ خاتوو: کانیاو، لەو بارەیەوە وتی: "پێمان وایە دەگەڕێتەوە سەر خودی منداڵەکە و تواناوی زیرەکی خۆی تا چ ڕادەیەک لە هزری ماوەتەوە."[١٠] مامۆستایەکی تری هەمان بابەت وتی: "قوتابی و منداڵ کەمتر خۆی بە بابەتی لاوەکی خەریک دەکات، چونکە خۆی فریاری وانەکانی ناکەوێت، جا بە دوای شتی لاوەکی بێت."[١١] مامۆستایەکی تر

---

٩ڕێبوار عبدولرحمان ڕەسول، مامۆستای کوردی، ڕواندز. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢١شەممە.

١٠کانیاو کاکل شمس الدین، مامۆستای کوردی، سۆران، قوتابخانەی دواناوەندی دلارای کچان. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/١٧ سێشەممە.

١١دلڤین فاضل نبی، مامۆستای کوردی، سۆران.هەمان ڕێکەوت.

جیاواز تر بۆچوونی وابوو لەسەر ئەوەی، کە منداڵ کەمتر ئاشنایەتی بە حیکایەت ماوە، ئەو پێی وابوو لە ئێستادا دایک و باوکیش وەک جاران گرینگی پێ نادەن، بە شێوەیەکی ڕۆتینی خۆیان بە حیکایەت هەڵواسیووە.[١٢]

- هۆکارەکانی لاوازبوونی حیکایەت بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی پشت گوێ خستن و نەمانی حیکایەت لە نێو جیلی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک، کە بریتین لە:

- بەکارهێنانی مۆبایل بە شێوەیەکی بەرچاو کاتەکانیان بە مۆبایل بەرێ دەکەن، بۆیە حیکایەتیان فەرامۆش کردووە.[١٣]
- بە حوکمی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ژیانیش وەک جاران نەماوەتەوە، هەر ئەوەش وای کردووە، حیکایەت پشتگوێ بخرێت، تەکنەلۆژیا جێی بگرێتەوە.[١٤]
- لە گوندا زیاتر گرینگی پێ دەدرا، چونکە هەر شتێک پاداشتی هەبووایە، لای منداڵ خۆشەویست دەبوو، جا مەعنەوی بووایە یان ماددی. (ئەرسەلان، ٢٠٢٢).
- لە لایەکی تر لە گوندا کەسانی بەتەمەن بە سەرچاوە دادەنران بۆ گێڕانەوەی ئەم ژانرە فۆلکلۆریانە، جا بە لە ناوچوونی ئەم کەسانە، یاخود کۆچ کردنیان، حیکایەت و چیرۆکیش دەچێتە ژێر گڵ.
- حیکایەت و چیرۆکەکان هەر بە زارەکی تام و چێژی زیاترە، بەڵام گەر نەکرایە سەر کتێب و نەنووسراوە، ئەوا نامێنێتەوە، پشتگوێ دەخرێت.
- مامۆستاکان تا چەند گرینگی بە بابەتی فۆلکلۆری دەدەن لە وانەی کوردیدا لە بەشی ئەدەبەکەیدا؟

---

١٢برهان قادر عولا، مامۆستای زانستە گشتییەکان، ڕواندز ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١١/٢٩ سێ شەممە.
١٣سلێمان حسن جندی، سۆران، تەمەن: ٦٦ ساڵ، کاسب. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢٣ دووشەممە.
١٤کانی حسین حمد، سۆران، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، ١٤ ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢٢ یەک شەممە.

- مامۆستاکان کەمتر گرینگی پێ دەدەن، زیاتر وا بەستەی مەنهەجەکەن، تەواو بکەن، بە شێوەیەکی تایبەت لەسەری ناڕوات.
- مامۆستای ئێستا زیاتر کات دەکوژێت و ئەمەش بە هۆکاری ئەوەیە ئیشی تری هەیە، دەیەوێ زوو تەواوی بکات.
- دەگەڕێتەوە سەر خودی مامۆستا هەیە، ئەزموونی نییە، بەڵام بە ڕێژەیەکی بەرچاو ٩٠٪ خۆی بۆ تەرخان ناکات و بە ڕێژەیی ٥_١٠٪ خۆی تەرخان دەکات.
- بـابەتی لاوەکـی وەک: هـونەر و وەرزش و مۆسـیقا بـۆتە بـابەتێکی سـەرەکی لە قوتابخانەکـان گرینگـی بەوان دەدرێـت و قوتـابی و منـداڵ لێـی دوورکەوتـۆتەوە، لە فۆلکلۆری کوردی.
- چەندان دەرچوومـان هەیە، پسپۆڕ لـە بـواری خۆیدا، بەڵام ئەزمـوونێکی کەمیـان هەیە، لەسەر بابەتە ئەدەبییەکان. بە پێی ئەو ڕێسایانەی نێو سیستەم دەڕۆن، خۆیان پێوەی خەریک ناکەن.[١٥]
- مامۆستاکان لـە وانەکانیـان بەرچـاو ڕوونـیەک دەدەن بە قوتابییـان بە شـێوەیەکی سـادە، قوڵ نابنەوە لە سەر شتەکە.
- جیاوازی کردنی منداڵ لە نێوان حیکایەت و چیرۆک تا چ ئاستێکە؟
- چێژو خۆشی پێدەبەخشێت، جیاوازی لە نێوانیان ناکات.[١٦]
- لای گەورانیش وەکو یەک تەماشا دەکرێت، لێکیان جودا ناکەنەوە، بە پێی شوێن گۆڕانکاری بەسەر دێت.
- تا ئێستا کەسانی پسپۆڕ لەو بوارە بۆ منداڵانیان ڕوون نەکردۆتەوە، کە حیکایەت لە واقیعی ژیان وەرگیراوە. دروستکراوی دەستی مرۆڤەکانە، بەڵام چیرۆک دەکرێت کورت و خەیاڵی بێت و ڕاستیشی تێدا بێت. چیرۆک پێشەکی و ناوەڕۆک و ئەنجام دەدات بە

---

١٥ئەرسەلان فارس کریم، سەرپەرشتیاری پەروەردەی، پسپۆڕی زمانی کوردی، سۆران، ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/٢ هەینی.

١٦کانیاو کاکل شمە الدین، مامۆستای کوردی، قوتابخانەی دلارای کچان. سۆران، ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/١٧ سێ شەممە.

دەستەوە، بەڵام حیکایەت یەک سەر دەست پێ دەکات، پێشەکی و ناوەڕۆک و ئەنجامی نییە. بۆ حەوانەوەی منداڵ چیرۆکی جۆراوجۆر دروست دەکران.[17]

- جیاوازی ناکەن لێکی جیا ناکەنەوە، بە یەک شتی دەبینن.[18] پێیان وایە، لە ڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆکە وە وەکوو یەکن. بەڵام ڕاست نییە، چیرۆک و حیکایەت جیاوازن، ئەویش بەهۆی خەسڵەتەکانیانەوە.
- دەگرێتەوە سەر ئاستی تێگەیشتنی منداڵ ئەگەر تەمەنی لە سەرووی ١٠ساڵی بێت، جیاوازی دەکات، لە چەند منداڵێکمان پرسی جیاوازیان بۆ کردین، کە حیکایەت زارەکیە و نەنووسراوە، چیرۆک تۆمار کراوە، دەنووسرێتەوە.
- حیکایەت خاوەنی یەکەمی دیار نییە، بەڵام چیرۆک خاوەنی دیارە.[19]
- ئەو قوتابییانەی لە ئاستی سەرەتاین، مێشکیان بەو شتانە داناچێت، وەک: پۆلی ١ تا ٣، بەڵام ئەوانەی پۆلی ٤ تا ٦ مێشکیان تا ڕادە یەک بەو شتانە دەشێت.
- لە سەردەمی تەکنەلۆژیا تا چەند منداڵ گرینگی بە حیکایەت و چیرۆک دەدات، لە بیری ماوەتەوە؟

منداڵ لە شارەکاندا خەریکی مۆبایل و تیک تۆک و سناپ... هەر ئەمەش وای کردووە دوورکەوێتەوە لە حیکایەت و چیرۆک.[20] بە شێوەیەکی زۆر کەم، چونکە تەکنەلۆژیا کاریگەری دروست کردووە، لە سەر لایەنی هزرو و زمانییان هەر ئەوەش وای کردووە دوور بکەونە لە حیکایەتی فۆلکلۆری.

- ڕێگاکانی مانەوەی حیکایەت لە ناو هزرو بیری تاکی کورد، بە زیندووی بریتییە لە:

---

١٧سلێمان حسن جندی، کاسب، سۆران، تەمەن: ٦٦ ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١/٢٣ دووشەممە.
١٨مەئوا عبدالقادر حسن، قوتابی، پۆلی حەوتەم.١٤ ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢٣ دووشەممە.
١٩ڕێبوار عبدولرحمان ڕەسوڵ، شوێن: ڕواندز، مامۆستای کوردی. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢١ شەممە.
٢٠دلڤین فاضل نبی، مامۆستای کوردی، سۆران، ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/١٧ سێ شەممە.

پێویسته له وەزارەتی پەروەردە وە گرینگی پێ بدرێت، بەشێک تایبەت بکرێت، به فۆلکلۆری کوردی، ئەو حیکایەتانەی له زارەکی وەر دەگیرێن و کۆدەکرێنەوە ئەرشیف بکرێن و بنووسرێنەوە. منداڵ دووربخرێتەوە له تەکنۆلۆژیا و باو باپیرانمان له شەواندا دەست پێشخەری بکەن، بۆ گێڕانەوەی حیکایەته فۆلکلۆریەکان. له قوتابخانەکاندا له وانەی کوردی له بەشی ئەدەب بابەتێک زیاد بکرێت به حیکایەت و هەفتەی جارێک به منداڵ بخوێندرێتەوە و پێی لەبەر بکەن. بارودۆخی خێزانه کان و کێشه کۆمەڵایەتیەکان هۆکارن بۆ له ناو چوونی حیکایەت.

باسکردنی حیکایەت له لایەن کەسانی به ئەزموون و به بیرهینانەوە بۆ منداڵان به تایبەت له بەر ئاگردان و شەوانی زستان. بەڕێوەبەری قوتابخانەکان داوا له مامۆستاکانی زمانی کوردی بکەن، گرینگی بەو بابەتەنه بدەن، بۆ ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و حەزیان لا دروست بێت، زیاتر پشت نەبەستن به مەنهەجەکە، خۆیان بەو بابەتانەش خەریک بکەن.[٢١] پێویسته له قوتابخانەکان بەشێک تایبەت به فۆلکلۆر و شته کەلەپورییەکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی فۆلکلۆرەکەمان له ناو نەچێت و بمێنێتەوە.

---

٢١موسا داود، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی سیده کانی کچان. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/١ سێ شەممە. کات: ٢:١٥ خولەک.

**تەوەرەی دووەم**

## ٢.٢ جۆرەکانی گێڕانەوەی فۆلکلۆری

فۆلکلۆر هەر وەک کە دیار دەکەوێت، پێویستی بە گێڕانەوەیە لەو جۆرانەش کە لەگەڵ عەقڵییەتی منداڵ بگونجێت، توێژەران بە پێنج جۆر مەزندەی دەکەن، وەک د. عبدالحمید دەڵێت: "توێژەران و ڕەخنەگران، گێڕانەوە فۆلکلۆرەکانیان دابەشکردووە بۆ سەر پێنج جۆری سەرەکی کە بریتین لە: ئەفسانە، داستان، چیرۆکی ئاژەڵان، چیرۆکی جنۆکە و بوونەوەرە خەیاڵییەکان، چیرۆکی مەتەڵئاسا و تەنزئاسا". (د.عبد الحمید یونس، ١٩٦٨: ١٣_ ١٤). کەواتە، لە ڕێگای نزیک بوونەوە لە بیری منداڵ ئەتوانی ئەو مەبەست و پەیامەی منداڵ لە بیری دایە، بتوانی لێی تێبگەیت.

ئەمەش بە ڕێگای دیالۆگ دەکرێت، لە دیدی منداڵەوە زیاتر نزیک دەبنەوە لە ڕاستی چیرۆکەکان بیرۆکەو تێگەیشتن لە چیرۆکەکان بەرجەستر دەکات. لە ڕێگای گفتوگۆوە گرینگی دیالۆگ دەردەکەوێت، بیروتێگەیشتنەکان ئاسانتر دەبن، لە لای یەکتر. هەر وەک لە نموونە ی حیکایەتی (مریشکە قوندە)، کە بە شێوەیەکی تەنزئامێزە، دیالۆگ لە نێوان مریشک و شوانە، منداڵ حەز بەو جۆرە دەکات. وشەکانی پەیام بەخشن، کۆتایش وەک قفڵدانێک بەم جۆرەیە، چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز. بەشێکی حیکایەتەکە " مریشکە قوندە گۆتی: دەچمە شاری شوکردنێ شوانەکە گۆتی: وەرە شووم پێ بکە، ..."(بڕوانە پ.ژ.٥٣). لە ڕووی ئاستی تێگەیشتنی منداڵ بۆ تەمەنی ٥_٧ساڵی دەگونجێت. لە ڕووی کاتی گێڕانەوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، حیکایەتێکی گاڵتەئامێزە. "قۆناغی منداڵی، ناسکترین و گرینگترین قۆناغی ژیانی ئادەمیزادە، زۆربەی زانایانی دەروونناسیی و پەروەردەیی جەخت لەسەر ئەم قۆناغە دەکەنەوە، چونکە دروستی ئەم قۆناغە بەردی بناغەی دروستکردنی نەوەی دوارۆژە، هەر بۆیەش ئەمرۆکە لە هەموو جیهاندا بایەخێکی زۆر بەو قۆناغە دەدرێت. " (ڕازاو ڕەشید صبری، ٢٠١٠: ٧). کەواتە منداڵ

وەسیلەیەکی گرینگ دەبێت تا کۆمەڵگا پشتی پێ ببەستێت و بایەخی پێ بدات. هەر ئەمەش وای کردییە، کە پەرەی پێ بدرێت. هەر وەک ئاماژەیی بۆ کراوە، منداڵ ناسکە چۆن بتەوێت ئاوا ئەتوانی بیرو هۆشی داگیر بکەیت.

## ٢.٣ حیکایەت و کاریگەریی حیکایەت لەسەر دەروونی منداڵان

دەروونی منداڵ شتانێک دەخوازێت، کە ئاسوودەی بکات و چێژی پێ ببەخشێت. هەر بۆیەش حیکایەت وەک یەکێک لە کاریگەرییەکان دانراوە بۆ منداڵ. هەر وەک لە حیکایەتی (پشیلەی ڕەش)، ئاگادارکردنەوەی منداڵە، لەوەی ئەگەر کارێکتان کرد ئەگەر لە سەر حەق بووی لێی خۆش مەبە، بۆ ئاسوودە بوونی لایەنی دەروونی خۆت، بەڵام گەر ناحەق بووی داوای لێبوردن بکە. بۆ ئەوەی کردەیی ئەخلاقی خۆت نیشان بدەیت.

ئەمەش نیشانەی دەرخستنی لایەنی پەروەردەییە. هەر ئەو فاکتەرانە دەبنە هۆی کاریگەری لە سەر دەروونی منداڵ. بەشێکی حیکایەتی (پشیلەی ڕەش)"هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو... پشیلەیەکی ڕەش هەبوو، زۆر خراپەکار بوو، هەموو مریشکەکانی گەڕەکەکەی هەراسان کرد بوو..."(بڕوانە، پ.ژ. ٧٣) "بێگومان چیرۆک ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینیت، لەسەر دەروونی منداڵ، چونکە منداڵ وا دروست بووە، چیت بوێت ئەتوانی بەرامبەری بکەیت منداڵ سروشتی خۆی حەزی لە چیرۆکە و چیرۆک بەهێزترین ڕەگەزی ئەدەبییە، بۆ کارتێکردن لەسەر دەروون، بەتایبەتیش لەسەر دەروونی منداڵان" (سەنگەر زراری، ٢٠٢١: ١٧٥). کەواتە، زۆرجار منداڵ بەڕێگای چیرۆک زۆر شت فێردەبێت، لە هزری دەمێنێتەوە هەم لە ڕووی ئامۆژگاری سوودی لێ دەبینێت، هەمیش بۆ ژیانی ڕۆژانەی بەکاری دەهێنێت. " چیرۆک بۆ منداڵان ئامرازێکی گرینگیی پەروەردەیی فێرکردنەو کاریگەریەکی زۆری هەیە" (سەنگەر زراری، ٢٠٢١: ١٧٥). هەر بۆیە، دەروونی منداڵ بە

ڕێگای چیرۆک ئەتوانین پڕی بکەینەوە، بۆ ئەوەی مێشکی لە ڕووی فێرکردن و سوودبینین بەهێزتر بێت.

### ٢.٤ تایبەتمەندی حیکایەت

بە شێوەیەکی گشتی چەند تایبەتمەندییەکی حیکایەت، دەخەینەڕوو کە بریتین لە:

- هەبوونی کەسایەتی لە نێوان حیکایەتەکە. بێگومان هەر حیکایەتێک کەسایەتی هەیە، بۆ ئەوەی جوولە بە حیکایەتەکە بکات. جا کەسایەتی مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ، ... بۆ نموونە: حیکایەتی (فاتیمە خان) کەسایەتی نێو حیکایەتەکەیە، کە مرۆڤە. لە نموونەکانی حیکایەتەکانی تر، کەسایەتی ئاژەڵی، بزن و مەڕ، شێر، چۆلەکە، ...
- ڕەچاوی کات ناکرێت، بە شێوەیەکی ئازادە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خودی گێڕەڕەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ حیکایەت دەکات، حیکایەت هەیە کورتە و لەگەڵ ئەوەی کە حیکایەتی درێژیش هەیە، بەڵام زیاتر بۆ هی گەوران دەشێت، منداڵ حەز بە حیکایەتێک دەکات چێژو خۆشی پێ ببەخشێت. بۆ نموونە: حیکایەتی (قەڵەڕەشی لە خۆبایی)کورتە، بەڵام حیکایەتی(مام سمایل) درێژترە.
- هەبوونی ٣١ جوولە[٢٢]، بە هەبوو نەبوو کەس لە خودا گەورەتر نەبوو، دەست پێدەکات گۆڕانکاری دروست ئەکات، لە کەسێکەوە بۆ یەکی تر.

تەکنیکی گێڕانەوە سەرەتا بە گاڵتە ئامێزی دەڕوات بۆ ئەوەی منداڵ حەزی بۆ بچێت. هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو، کەس لە بەندەی ڕوو ڕەشتر نەبوو، هەڵیان گرت جێگا نەبوو، دایان نا ڕێگا نەبوو بەو

٢٢حیکایەت لە جوڵە پێک دێت، جا بە پێی ڕێساو یاسا ٣١ جوڵە دەگرێتەوە، بەڵام هەیە بە کەمتر لە جوڵەکان دەری دەبڕی.

شێوەیە دەڕوات. مەرج هەموو حیکایەت لە ڕووی جووڵە وەک یەک بن، بۆ نموونە: حیکایەتی(مشک و کەستەخۆر) جووڵەی کەمە، لە نێوان ٣_٥ جووڵە دەبێت. مەبەست و پەیامێکی گەورەشی لە پشتەوەیە.

- هەبوونی خاسیەتی کەسایەتی نێو حیکایەت، ئەمەش وا دەکات، بە ئاسانی جیا نەکرێتەوە. بۆ نموونە: کەسایەتی (فاتم) جۆرێکە، نیشاندەری ئازایەتی و قارەمانییە. کارەکتەر دەجەنگێت بۆ ٩ براکانی. بەشێکی حیکایەتەکە، "دەگێڕنەوە، فاتم کچێک بوو تاقانەی ٩ برا بووە، ڕۆژێکیان ٩ براکان دەچنە دەرەوە بۆ گەشت. دوای ٦ ڕۆژ براکانی نەگەڕانەوە، ..." (بڕوانە، پ.ژ.٨٢). زۆربەی حیکایەتەکان کۆتایان خۆشییە، یان ناخۆشی.
- ئەگەر ئازاو بە توانا بن، کەسایەتی ئەوا خاسیەتەکەیان تێدایە. ئەگەر ترسنۆکیش بن، ئەوا تێدا نییە، وەک کەسی ئاسایی دەبینرێت. بۆ نموونە: حیکایەتی(شوانە درۆزنەکە)، کەسایەتییەکە ترسنۆکە، کەچی لە حیکایەتی(ڕێوی و کەو)، کەسایەتی کەو زیرەکە، زاڵ دەبێت بە سەر ڕێوی.

**تەوەرەی سێیەم**

## ٣.١ تێگەیشتن و کاریگەری زمان لە سەر توانستی منداڵاندا

زمان کردەیەکی خودایە، کە بە مرۆڤی داوە کە لەلایەن خوداوەیە بە هیچ زیندەوەرێکی تری نەداوە. زمان گرینگترین کەرستەی دەربڕین و گوزارشتکردن و گەیاندن و تێگەیشتنە."زمان کەرستەی سەرەکی پێش کەوتنی گشت گەل و نەتەوەکانە، تازەکەرەوەی ڕۆشنبیرییە" (شریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ١٥٠). کەواتە، زمان نامرێت و هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە، وەکو هەر ئەندامێکی گیانی مرۆڤ گەشە دەکات، پێش دەکەوێت و وشە گەلێکی تازە دەگرێتە خۆی.

هەروەها زمان کلیلی گەیشتنە بە هۆش و دڵ و دەروونی منداڵان؛ زمان لە ئەدەبی منداڵان ئەو وشەو واژە و ڕستانەیە کە نووسەری ئەدەبی منداڵان بۆ داڕشتنی بیرۆکە و ئامانجەکانی بە شێوازێکی سەرکەوتوو لە نووسینی (حیکایەت، ڕۆمان، شانۆ، پەخشان،...هتد) بە کاری دەهێنێت. کەواتە، زمان هۆیەکە بۆ لە یەکتر گەیشتن دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆڕفیم) کە هەر یەکەیان خاوەنی واتاو مۆڕفێکن(مارتنیت). هەروەها زمان لە ڕێگای گوزارشت کردن جا بە وتن بێت یاخۆ نووسین لە بیروبۆچوونەکان، کە بۆ خەڵک فەراهەم دەکات.(محمد زەهاوی، ١١٢٢: ٤٥٥). کەواتە، زمان دەورێکی باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت بۆ هەر لایەک دەچین و بە هەر لایەکدا دەڕوانین دەیبینین، زمان لە بەر دەست و دەمدایە بۆتە بەشێکی وا لە مرۆڤ، کە هەرگیز لێی جیا نابێتەوە.(محمد فتاح، ٢٠١١: ٩).

هەروەها، زمان دەبێتە هۆیەکی بەهێز بۆ بەدەستهێنانی مەعریفی لای منداڵ؛ کاتێک منداڵ بەرەو پێش دەچێت ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پەیدابوونی عەقڵی منداڵ.(نەوزاد کەلهوڕی، ٢٠١٠: ١٢٩). کەواتە، عەقڵی منداڵ بەردەوام شتی نوێ وەردەگرێت، لە گەشەکردنی خێرا دایە. زۆر کەس زمان بە بابەتێکی ئاسایی دادەنێت، پێی وایە زمان بە سادەیی و سانایی بەکاردێت،

ئەو زمانناسانەی کە دەروونییەن هۆگری هەڵدانی زمانی منداڵ(زمان گرتن)، حەزیان لێیەتی، بەڵام هەندێک زمانناس ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، وەک: ئیدوارد ساپیر، بیست ساڵ لەمەوبەر پێی وابووە، بە خراپ لە زمان و تەرجووبەکەی تێگەیشتووین. (ڕەحیم سورخی، ٢٠٠٦: ٥٨). کەواتە، ئێمە کاتێک باسی زمان دەکەین بە شتێکی سادەیی وەرنەگرین، چونکە زمان گرینگی هەیە، لە ناو هەموو زانستەکاندا، جێگای خۆی کردۆتەوە.

لە پاش ئەوەی زمانەوانان لە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و دروستبوونی زمان لای مرۆڤ نەگەیشتن بە ئەنجامێکی تەواو ئاڕاستەی لێکۆلینەوە کانیان گۆڕی بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵ، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە زانیاری لە سەر چۆنیەتی وەرگرتنی زمان بکەن. پێیان وایە منداڵ لە ئەنجامی لاسایی کردنەوەی ئاخاوتنە ڕۆژانەکان کەسانی دەوروبەریان فێری زمان دەبن.(دانا تحسین محەمەد، ٢٠١٨: ٤٣). کەواتە، زمان پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و شارستانییە، ئەو چالاکییە کە ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخات. فێربوونی زمان لە لایەن هەر مرۆڤێکەوە کارێکی ئاسان نییە،ساڵەکانی سەرەتاکانی ژیانی منداڵی هەموو بیرو هۆشی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکات، تا وای لێ دێت لە تەمەنی شەش ساڵی فێری زمانی دایک بێت.(تارا عبدالله سعید، ٢٠١٨: ٣٦٦). کەواتە، هەستیارترین قۆناغی تەمەنی منداڵی لە شەش ساڵییەوە، دەست پێدەکات. "زمانەوانی، ئەو زانستە بوو، کە لە کەرەستەکانی زمان(دەنگەکان، وشەکان، ڕستەکان)، دەکۆڵێتەوە". (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، ٢٠١٦: ١٤٧). کەواتە، پێویستە زمانەوانی خۆی دەرباز بکات لە و چوارچێوە ی، کە ئەو سێ ئاستە لە خۆی دەگرێت، بەڵکو بە شێوازێک لای منداڵ سادە و ساکار بێت.

"منداڵ زۆر جار دەگوترێت، کە سەدەی بیستەم سەدەی منداڵە، چونکە ئەوەندەی لەم سەدەیەدا گرینگیی بە منداڵ دراوەو توێژینەوەی زانستی دەربارەی بە ئاکام گەیاندراوە" (شریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٢٢). کەواتە، منداڵ ئاستێکی گەورەی نیشان داوە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بۆیە لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەوە دەکرێت. هەر وەک لە پێشەوە بە شێوەی

تیۆری لەسەر زمان و تێگەیشتنی توانست لای منداڵ دواین، لێرەدا لە حیکایەتەکاندا پراکتیزەی دەکەین. بۆ نموونە: حیکایەتی(چۆڵەکە)، بە زمانێکی سادە و ڕەوان نووسراوە، منداڵ لێی تێدەگات و وشەو دەلالەتەکان لێک جیابکاتەوە. چونکە منداڵ لە نێوان خەیاڵی سەربەست و قۆناغی سەرکێشی دایە. سەرەتایی حیکایەتەکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی چۆلەکەیە، بە شێوەیەکی زنجیرەیی یەک بەدوایی یەک داهاتوو.

بەشێکی حیکایەتەکە"ڕۆژێکیان چۆلەکەیەک لە سەر دارێک هەر نیشت بوو، دڕکێکی لە پێیەکانی ڕاچوو، زۆر ئازاری دا. لۆیە فڕی لە سەر دارەکە، چووە لای پیرەژنێک تەماشای کرد ئەو پیرەژنە خەریکی تەندور سۆرکردنەوەیە، ..." (بڕوانە، پ.ژ.٧١). نموونەیەکی تری حیکایەت(مەڕێک دوو بەرخ)، بە هەمان شێوە نزیکە لە زمان و تێگەیشتنی منداڵ. ئەم جۆرە حیکایەتە لە نێوان تەمەنی ٦_١٢ ساڵی دەگونجێت. کۆتایی حیکایەتەکە بە شادوومانی تەواو دەبێت. نموونەیەکی تر حیکایەتی(کچەکەی پشت کەندوی ئارد)، زمانێکی سادەی هەیە، گێڕانەوەکە باسی کچێک دەکات، کە هەڵهاتووە لە دەست ورچێک. (بڕوانە، پ.ژ.٧٢). ئاستی تەمەنیش لە نێوان ٧_١٢ ساڵی.

جۆری حیکایەت پەند ئامێزە.(ئەوەی لە خوا غافڵ بێت، کافرە. شتێک لای خودا بێت، هەر نازانیت چۆن هاتووە). حیکایەتی(کە تێر بووی دەست لە خواردن هەڵبگرە)، لە نێوان تەمەنی ٧_١٤ ساڵی دەشێت. کارەکتەرەکان بۆقن. کۆتایی پەشیمان بوونەوەیە، بە ناخۆشی. حیکایەتی(کیسەڵ)، کە کارەکتەرەکان ئاژەڵن، کاریگەری لە سەر توانستی منداڵان دروست دەکات. حیکایەتەکە، لە نێوان تەمەنی ٧_١٤ ساڵی دەگونجێت. بەشێکی حیکایەتە، باسی کۆمەڵە کیسەڵێک دەکات، کە لە گەشتێکدانە. بەڵام خوێیان لە بیر دەچێت، بۆیە داوا دەکەن ئەندامێکیان بڕوات بیهێنێت...(بڕوانە، پ.ژ.٦١). نموونەی حیکایەتێکی تر(مەیمونە قون سۆر)، لە نێوان ٦_١٥ ساڵی. ئاستی تێگەیشتن سادەیە، جۆری حیکایەت بۆ گاڵتەئامێزییە.

### ١.١.٣ قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ

گەشەی مناڵ بە قۆناغ تێدەپەڕێت، هەر قۆناغەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بە هۆکاری ژینگەیەوە، وەکو: دەوروبەر، ئاستی ئابووری، باری کۆمەڵایەتی، خێزان، ... دروست دەبێت.

قۆناغی وەرگرتنی زمان بە سێ شێوەیە:

- منداڵی یەکەمی تەمەنی: حاڵەتی گریان و قیژەی منداڵ.
- لە دوای ساڵی سێیەمەوە: لەو تەمەنەوە مناڵ توانی وەرگرتنی دە هەزار وشەی هەیە، تا کۆتایی ساڵی شەشەم.
- بە پێی گەشەی عەقڵی: گۆڕانکاری دروست دەبێت، لە لای مناڵ دەست دەکات، بە گروگاڵ، گریان، قیژە کەوتن، ...هتد.

بە پێی تیۆری ڕەفتاری وا لێکی دەدەنەوە، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، وەکو: ڕەوشتێکی دەرەکی تەماشا دەکەن و لێی دەکۆڵنەوە، بە ئاکامی کارتێکردنی نێوان وروژێنەر و وەڵام دانەوەکانی مرۆڤ دای دەنێن، لای ئەوان زمان ڕەوشتێکی بینراوە، ئەمەش لە ئەنجامی تاقیکردنەوە بوو لەسەر ئاژەڵان، وەکو: پشیلە و مەیمون، بۆیە پەیوەستیان کرد بە منداڵەوە، لە ڕێگای هەوڵدانەوە.(عەدنان عبدالوەهاب، ٢٠١٥: ٤١).

کەوایە، گەشەی منداڵ بە گوێرەی ژینگە دەگۆڕێت لە هەموو ژینگەیەکدا وەک یەک نییە، جیاوازە جا هۆکاری لۆجیکی بێت، یان کەش و هەوا، ...هتد. دەبێتە هۆی قۆناغی وەرگرتنی زمان لای منداڵ. بە پێی بۆچوونی (محەمەد مێرگەیی) لە بارەی گەشەی منداڵ دەڵێت: " قۆناغی منداڵیەتی زوو(٣_٥) ساڵان. هەروەها قۆناغی واقیعی و خەیاڵی سنووردار بە ژینگەش ناودەبرێ، قۆناغی منداڵیەتی ناوەند(٦_١٢)ساڵان، یان قۆناغی خەیاڵی سەربەست، قۆناغی منداڵیەتی درەنگ یان قۆناغی سەرکێشی و پاڵەوانیەتی(٩_١٢)ساڵان". (محمد مێرگەیی، ٢٠٢٢: ١٢٠)، پێی وایە، گەشەی منداڵ لەو قۆناغانە دەست پێدەکات، بەڵام ژینگەیی

جیاوازیش کاریگە ری دەبێت لە سەر گەشەو لایەنی جەستەیی منداڵ. بە پێی ئەم سێ ئاستەی تەمەنە، حیکایەتی(٣ برا) لە نێوان ٩_١٢_١٥ ساڵی دەگونجێت.

ئاستی تێگەیشتنی منداڵ بەرزترە، چونکە لەم قۆناغەدا منداڵ باڵ دەکێشێت بۆ سەرکێشی و پاڵەوانییەتی. پارچەیەک لە حیکایەتەکە "سێ برای زۆرزان هەبوون، بە یەکەوە هەر سێ برا زۆرزانەکان چوونە سەفرەی لە وەرزی بەهارێ بۆ مەبەستی ئیش کردن."(بڕوانە، پ.ژ.٥٧).

نموونەیەکی تر حیکایەتی (خۆشەویستی ڕاستەقینە)، لە ڕووی تەمەن ١٠_١٨ ساڵی دەبێت. باسی پیاوێک دەکات کە زۆر ژنەکەی خۆشویستووە، هەموو کات ڕێزو یارمەتی دەری بووە...ڕۆژێک پیاوەکە بە مەبەستی کارکردن دەچێتە دەرەوە، دوای کەمێک هەواڵی پێ ئەدەن ژنەکەی سووتاوە،..." (بڕوانە، پ.ژ.٦٠).

### ٢.١.٣ قۆناغی گەشەکردنی منداڵ

ئەریکسۆن(Arickson) بەم شێوەیە دابەشی کردووە:

لە لە دایک بوونەوە تا ١٨ مانگی.

لە ١٨ مانگی تا ٣ ساڵی.

لە ٣ ساڵی تا ٦ ساڵی.

لە ٦ ساڵی تا ١٢ ساڵی. حیکایەتی(مەڕێک دوو بەرخ)."ڕۆژێک مەڕێک و دوو بەرخ دەبن. دایکەکەیان دەچێت بۆ دەرەوە بۆ ناو سروشت. بۆ پەیا کردنی خواردن، دوو بەرخەکە لە دوای دایکیان ڕۆیشتن، ..." (بڕوانە، پ.ژ.٦٩). جۆری حیکایەتەکە پەروەردەییە، بە ئاگا هێنانەوەی منداڵ. هیچ کات بێ فەرمانی دایکیان نەکەن و گوێڕایەڵی بن.

لە ١٢ ساڵی تا ١٨ ساڵی. حیکایەتی(کە تێر بووی دەست لە خورادن هەڵبگرە)، لە ڕووی تێگەیشتنەوە منداڵ لەو تەمەنە عەقڵی کراوەترە. زمانێکی بێ خەوشە. حیکایەتە باسی کۆمەڵە

بۆقێک دەکات، لە ناو ئەو بۆقانەدا دانەیەک زۆر خۆرە حیساب بۆ ماعیدە و تەندروستی خۆی ناکات.(بڕوانە، پ.ژ.٧٠).

جان بیاجیە (gean piget) بەم شێوەیە دابەشی کردووە:

لە لە دایکبوونەوە تا ٢ساڵی.

لە ٢ ساڵی تا ٧ ساڵی.

لە ٧ ساڵی تا ١١ ساڵی. حیکایەتی(ڕێوی و مریشک) (بڕوانە، پ.ژ.٧٠).

لە ١١ ساڵی تا ١٤ ساڵی. حیکایەتی(عۆلیشک)(بڕوانە، پ.ژ.٧٥).

## ٢.٣ خەیاڵکردن لای منداڵ

لە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت، (خيال الأطفال)، بە ئینگلیزی ( children imagination )، بە گشتی منداڵان زۆر خەیاڵ دەکەن ئەم خەیاڵکردنەش ڕۆڵێکی گرینگیی لەسەر گەشەی ژیانیان هەیە، منداڵ سروشتی وایە؛ کە ڕۆژانە چەندان کەسایەتی ڕاستەقینە و نا ڕاستەقینە دەبینێت. ڕاستەقینە لە جیهانی منداڵدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، وەکو: باتمان، سوپەرمان، ...هتد. کاتێک لە تەمەنێکی کەمەوە منداڵ حەز بە خەیاڵ دەکات، ئەمەش وا دەکات کاریگەری لە سەر دروست بکات، گەشە بە مێشکی منداڵ بدات.

جیهانی منداڵ فراوانە حەز بە هەر شتێک بکات، دەیەوێ پێی بگات ئەمەش ئاسان نییە، چونکە گەیشتن بە هەر شتیک هەوڵدانی دەوێت خەیاڵی منداڵیش ئاوایە دەیەوێ بگات بە شتانێک کە دەکرێ مەحاڵ بێت یانیش مەحاڵ نەبێت.

له حیکایەتی(شێری دارستان) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خەیاڵی منداڵ بۆ ئەم جۆرە حیکایەتە، لێکدانەوەیە کە ئاخۆ بەڕاستی شێری دارستان پیر دەبێت و داوای ئەوە دەکات کەسێک بێتە جێگای. پارچە یەک لە حیکایەتەکە "دەگێڕنەوە، کە شێرێک لە دارستانێکدا هەیە، زۆر پیرە داوا لە گورگ دەکات بچێت مامزێکی بۆ بهێنێت تا لە سەرە مەرگدا بیخوات، ..." (بڕوانە، پ.ژ.٧٧). حیکایەتی(پەشیمانی ئەسپێک)، زمانێکی ڕوونە لەگەڵ خەیاڵی منداڵ دێتەوە، پەیوەندی ڕستەکان لەگەڵ یەکتردا هاوئاهانگیی هەیە. بە پێی تەمەن بۆ ٨_١٤ ساڵی دەگونجێت.

پارچەیەک لە حیکایەتەکە"دەگێڕنەوە کە ئەسپێک هەبووە، لە چۆڵەوانیدا دەژیا. هەر وەک گیاندارەکانی تر، ڕۆژێکیان بازرگانێک داوای لێ کرد، بچێتە لای ئەو بۆ ئەوەی گالیسکەکەی بۆ ڕابکێشێت. ئەویش بەرامبەر بەوە پاداشتی بداتەوە." (بڕوانە، پ.ژ.٦٨). حیکایەتی(بزن و مەڕ)، لە خەیاڵی منداڵدا نزیکە، بە حوکمی هەبوونی ئاژەڵەکان ئەمەش لە جیهانی ئەواندا ڕاستەقینەیە. لە ڕووی ئاستی تەمەن ٧_١٥ ساڵی. جۆری حیکایەت پەند ئامێزە، (کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی).

## ٣.٣ خەیاڵی منداڵ لە تایبەتمەندی زمانی ئاژەڵاندا

مەبەست لە زمانی ئاژەڵان لای منداڵ، ئەوەیە بە حوکمی نزیکی منداڵ لە ئاژەڵان هەر ئەمەشە وای کردووە، لە زمانی ئاژەڵان تێ بگات، چیرۆکی پێ دروست بکرێت. " چیرۆکی ئاژەڵان بۆ مەبەستی منداڵ گوتراوە، لەو جۆرە چیرۆکانەدا، کە بە زمانی ئاژەڵانەوە باسی ئەو ئاژەڵانە دەکات کە لە ژینگەی نزیک و دووری منداڵدا هەنە و منالٚ خۆشی دەوێت بە ئاسانی لاسایان دەکاتەوە، پەیامێکی مرۆڤایەتی و پەروەردەییە بابەتی هەمەڕەنگی لە خۆ گرتووە لە ژیانی مرۆڤدا دەکرێت کێشەی نێوان دوو کەس بێت، یان دوو هاوسەر، ...هتد.

پێی چارەسەر دەکرێت هەندێک لەو جۆرانەش لە قورئانی پیرۆزیش هاتووە، وەک: چیرۆکی مانگای بەنی ئیسرائیل، هود هودی سلێمان، گوێ درێژی عوزێر، وشترەکەی صالح، مێرووله، نەهەنگ، ...هتد." (مضفر مصطفى اسماعيل، ٢٠٠٨: ١١٥_١١٦). کەواتە، ئاژەڵان دەورێکی باڵایان هەیە لە تێگەیشتن و گۆڕینی هزری منداڵ، هەر شتێکیش لە قازانجی منداڵ بێت ئەوە بۆ منداڵ دەبێتە جێگای بایەخ پێدان. حیکایەتی(مێروولەکان)، بە حوکمی ئەوەی ئاژەڵ و زیندەوەر لە چواردەوری منداڵ هەیە، منداڵیش هەوڵی پاراستن یاخود لە ناو بردنیان دەدات. حیکایەتی (مێروولەکان)، جیاوازی نێوان دوو مێرووله باس دەکات. بەشێکی حیکایەتەکە"مێروولەیەکی سۆر و مێروولەیەکی ڕەش هەبوون، مێرووله ڕەشەکە هەندێ منداڵی هەبوون. بەس مێرووله سۆرەکە هیچ منداڵی نەبوون. ڕۆژەک مێرووله ڕەشەکە چووە بازاڕ گۆتیە منداریێنە خۆ تا دێمەوە دەرکێ نەکەنۆ،..."(بڕوانە، پ.ژ.٨٧).

نموونەیەکی تر، حیکایەتی(کۆتر و ڕێوی)، وەک دیارە ڕێوی بە فێڵ و تەڵەکە بازیەکەی ناوی ڕۆیشتووە، کۆتریش بە جوانی و میهرەبانی و ئاشتی. منداڵیش ئاژەڵێکی خۆش دەوێت یان باڵندەیەک لەگەڵ ئەودا بگونجێت، بە سۆزو بەزەیی و میهرەبانی ڕەنگدانەوەی ئەو بێت. ئەم جۆرە حیکایەتە لە نێوان تەمەنی ٩_١٥ ساڵی دەگونجێت. بەشێکی حیکایەتەکە"کۆترێک و ڕێویەک هەبوون، ڕۆژێک ڕێوی بە کۆتری گۆت: خۆشم دەوێی، کۆترەکە وتی: هۆی خۆشەویستی من چییە؟ ڕێوی گوتی: تۆ کۆترێکی زۆر جوان و لە سەرخۆی، کۆترەکە گوتی: ئەم خۆشەویستییە، لەگەڵ خۆت ببە گۆڕ ڕێوی توڕەبوو گوتی: بۆ بێڕێزیم پێ دەکەی، کۆترەکە گوتی: چونکە تۆ درۆزنی من هەرچی خۆشەویستی و ڕێزە، دام بە کەسێ، ئەویش ڕۆیشتوو نەگەڕایەوە، بۆیە هیچ باوەڕم بە خۆشەویستی نییە، بە تایبەتی لەگەڵ تۆی درۆزن،..." (بڕوانە، پ.ژ.٦٣).

## ٤.٣ ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان

بێگومان چیرۆک خاوەنی ڕووخسارێکی هونەری و ناوەڕۆکێکی تایبەت بەخۆیە، بینای دروست بوونی چیرۆک لەسەر ئەم دووە دروست دەبێت، ناوەڕۆک لایەنی بابەتە ئەدەبییەکان دەخاتەڕوو، ڕووخساریش چوارچێوەی هونەری باسی لێوە دەکات.

گرینگترین ئەو ڕەگەزانەش، کە جێی ئاماژە پێ کردنە لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆک ئەمانەی خوارەوەن:

- بابەت: بیرۆکەی نووسەرە بۆ دروست کردنی بابەتێکی پەیوەست بەوەی منداڵ حەزی پێوە دەکات، سەرنج ڕاکێش بێت و منداڵ حەزی پێ بکات، کاریگەری دروست بکات لە سەر زمان و لایەنی ڕەوشت و دەستپاکی، ئامۆژگاری، ...هتد.

لە توێژینەوەکەماندا ئەوەی بۆمان دەرکەوت، زۆربەی حیکایەت و چیرۆکەکان، پەروەردەیی و ئامۆژگارییە، چونکە سروشتێکی فێرکاری و ئەخلاقی هەیە. ٤٢ حیکایەت و چیرۆکمان بە نموونە وەرگرتووە. بەشێکی حیکایەتەکان بە نموونە: (مشک و کەستەخۆر، مریشک، شێری دارستان، گورگی برسی، پشیلەی ڕەش، بزن و مەڕ، چۆلەکە،...)

- ڕووداو: چیرۆک چ هی گەوران بێت یان هی منداڵان، بە کۆمەڵێک ڕووداو و گیروگرفت تێدەپەڕێت. ئەمەش بە سەر پاڵەوانی چیرۆکەکە دێت یەکەم ڕەگەزە، چێژ بە منداڵ دەبەخشێت. نموونەی بەشێکی ڕووداوەکان، کە بە سەر پاڵەوان هات بێت.

وەک: (گورگ و بزن)، کارەکتەر ئاژەڵە، سەرەتایی ڕووداوەکە بە بزن دەست پێدەکات، کاتێک گورگ دەکەوێتە ژێر دارێکی گەورە، ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات، بەڵام بزن یارمەتی دەدات و ڕزگاری دەکات.(بڕوانە، پ.ژ.٦٥). کۆتایی ڕووداوەکە پاڵەوان هەمان کار دەکات کە سەرەتا کردوویەتەی، واتە گورگ دەچێتەوە ژێر دارەکە.

نموونەیەکی تر، حیکایەتی(چۆلەکە)، کارەکتەری سەرەکی چۆلەکەییە، ڕووداوەکان یەک بە دوای یەکتردا دێن. بەشێکی حیکایەتەکە"ڕۆژێک چۆلەکەیەک لە سەر دارێک هەر نیشت بوو، درکێکی لە پێیەکانی ڕاچوو، زۆر ئازاری دا... لە کۆتایی حیکایەتەکەش بە ناخۆشی کۆتایی دێت، کاتێک چۆلەکە بلۆری لە دەست دەکەوێت دەشکێت"(بڕوانە، پ.ژ.٧١).

- گرێچن(تەون): پرۆژەیەکی ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، بە شێوەیەکی هونەری چیرۆک نووس جموجۆڵ بە ڕووداوەکان دەکات، بە شێوەیەکی هونەری بەمەش ڕووداوە کان گەورە دەبن، بەرەو پێش دەچن، وە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە.

بە نموونە: حیکایەتی(پاشا و وەزیر)، سەرەتایی ڕووداوەکە، بە شێوەیەکی هونەری ڕێکخراو دروست بووە، بەشێکی حیکایەتەکە"لە شارێکدا پاشایەک هەبوو، ئەو پاشایە وەزیرێکی هەبوو. وەزیریش ناوی حەیاس بوو، ئەو پاشایە ئەو وەزیرەی زۆر خۆش دەویست... وەزیر کۆشکی جێ هێشت و ڕۆیشت چووە گوندێک خۆی شاردەوە...لە کۆتاییدا پاشاو وەزیر بەیەک شاد بوونەوە، کێشە و ناکۆکیان لە نێواندا نەما."(بڕوانە، پ.ژ.٥٨).

- کەسایەتی: ڕاست و دروستی، نیشان دەدات، خاڵێکی ترە لە ڕەگەزە کانی چیرۆک، چیرۆکنووس، بە توانای خۆی دەست بە دیاری کردنی کەسایەتی دەکات، دەیان بەستێتەوە بە بەشەکانی تر.

لە چیرۆکی منداڵان کەسایەتی بریتییە: لە مرۆڤ، ئاژەڵ، بێ گیان و بە گیان، کەسایەتی نێو ئەفسانەکان، ...هتد. لە جیهانی منداڵاندا ڕەنگ دەداتەوە. نموونە لە حیکایەتی(بزن و مەڕ)، کەسایەتی ئاژەڵن. حیکایەتی(چۆلەکە)، بە هەمان شێوە کارەکتەر باڵندەیە و ڕوح لە بەرە. لە حیکایەتی(مام سمایل)، کەسایەتی مرۆڤە، بەشێکی حیکایەتەکە "کەسێک هەبوو بە ناوی مام سمایل، ڕۆژێک مام سمایل بە کوڕی خۆی دەڵێ برۆ مەیدانێ ئەو گایەم لۆ

بفرۆشە، ئەویش چوو لۆ مەیدانێ، کڕیارەک لێی پەیا بوو، گۆتی: کا ئەوە گایە ئەو چێرە، لە لای ئەو کڕیاری ڕۆیشت،..."(بڕوانە، پ.ژ.٧٩).

- کات و شوێن: هەردووک دوو پێویستی چیرۆکن؛ بەژدارن لە دروستکردنی چیرۆکدا بە شێوەیەکی هونەری.
- شوێن/ هەموو مرۆڤ و گیانلەبەرەکان، تەنانەت بێ گیانەکانیش دەگرێتەوە.

نموونەی شوێنەکان، کە لە حیکایەتەکان هەبوون، نموونەی حیکایەتی(کچەکەی پشت کەندووی ئارد)(کەندوو، ماڵ، حەوشەی پیرەژن، ماڵی ئاغا، گوند.) حیکایەتی(بزن و مەڕ)(کوێستان← شوێنێ ساردو دلڕفێنە، ئاژەڵدارەکان مەڕومالاتی بۆ دەبەن.)(خانوو← شوێنێکی تری بزنەکەیە).

- کات/ ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت، لە ناو چیرۆکدا بە هەمان شێوەی شوێن، لەگەڵ شوێن چوارچێوەیەک دروست دەکەن بۆ جوانکاریی چیرۆک.

بێگومان هەموو چیرۆکێک و حیکایەتێک لە کاتێکی دیاری کراو دەگێڕدرێنەوە، ئێستا_ ڕابردوو، ئەوەی لە حیکایەتەکانمان سەرنجمان دابێت. زۆربەی بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، وەک: ئەوسا، ڕۆژێک، دەگێڕنەوە، کەسێک هەبوو، فلان، ... نموونەی حیکایەتی (کچەکەی پشت کەندووی ئارد)، لە ڕووی کاتی گێڕانەوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، باسی کچێک دەکات هەڵهاتووە، لە دەست ورچێک.(بڕوانە، پ.ژ.٧٢).

نموونەیەکی تر( مریشکە قوندە)، ئەم حیکایەتە زیاتر بۆ مەبەستی چێژو خۆشییە، بۆ منداڵ گوتراوە، لە کاتێکدا منداڵ دڵتەنگ بوو بێت، یاخود بێزار،... بەشێکی حیکایەتەکە"ڕۆژێک مریشکە قوندە دەچێتە شاری لۆ شووکردن تووشی شوانەکی دەبێت بە مریشکە قوندە دەڵێت: ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ مریشکە قوندە توورە دەبی دەرێ سندان لۆ پێم دەرێی مریشکە قوندە،..."(بڕوانە، پ.ژ.٥٣).


- ناوەڕۆک/ لە کۆی ٤٢ حیکایەتی فۆلکلۆری منداڵاندا، بۆمان دەرکەوت زۆرینەی ناوەڕۆکێکی ئەخلاقی لە پشتەوە بوو، کە پەروەردە و ئامۆژگاری بووە.

ئەگەر بە ڕێژە بیان خەینەڕوو: پەروەردە ٢٩٪ ئامۆژگاری ٢٩٪ پەند ئامێز ٩٪ چێژو خۆشی ٩٪ گاڵتەئامێز ٩٪ چەند نموونەیەک لەو حیکایەتانەی کە پەروەردە و ئامۆژگاری بوون، وەک: (بزن و مەڕ، زوڵم کردن، پەشیمانی ئەسپێک، مەڕێک و دوو بەرخ، قەڵە ڕەشی لە خۆبایی،...).


حیکایەتی چێژو خۆشی(مریشکە قوندە، چۆلەکە،...) حیکایەتی پەندئامێز(کچەکەی پشت کەندووی ئارد، ژیری بە گەورەی و بچووکی نییە،...) حیکایەتی گاڵتەئامێز(ئاوێنە، ئاوایی، مەیمونە قون سۆر،...). کەواتە لە چیرۆکدا گرینگی ئەو بابەتانەی، کە لە پێشتر ئاماژەی پێ کران، ڕۆڵیان هەیە، لە دروستکردنی جوانییەکی تەکنیکی لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆک. بۆیەش ڕەگەزەکانی چیرۆکیش هەر یەکەیان لە کاتی خۆی بە کار دێت، یاخود هەندێکیان پێکەوە دێن.

## ٣.٥ هێڵكارییەكان


هێڵكاری ژمارەیی بۆ پێوانی حیكایەتەكان بەپێی ئاستی تەمەنی منداڵ لە كۆی ٤٢ حیكایەت كە كۆكراوەتەوە لەم توێژینەوەیەدا.





وێنەی ١ حیكایەتەكان بەپێی ئاستی تەمەنی منداڵ




وێنەی ٢ جۆری حیكایەتەكان




*وێنەی ٣ ڕێژەی ئاشنایەتی بەپێی ڕاپرسی*




*وێنەی ٤ کۆی گشتی ئاشنایەتی و نا ئاشنایەتی بەپێی ڕاپرسی*

## ٤.١ ئەنجام

لە کۆتایی ئەو توێژینەوەیەدا، گەیشتن بە چەند خاڵێک بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

- گۆڕانی سەردەم و بارودۆخ، ئەمەش هۆکارێکی ترە، لەوەی حیکایەت بەرەو لاوازی و کزی بچێت. منداڵ زیاتر وابەستەی تەکنەلۆژیا و مۆبایل بووە. دوورکەوتۆتەوە لە فۆلکلۆر و ئەدەبییات بە تایبەتیش حیکایەتی منداڵان.
- زمان و خەیاڵ دوو شتی گرینگن. چونکە کاریگەری دروست دەکەن لای منداڵ لە ڕووی گەشە و زیرەکی. حیکایەتیش فۆڕمێکی گێڕانەوەیە. بۆ نموونە ئەو حیکایەتانەی کە لە ڕووی خەیاڵ و زمان ئاماژەمان بۆی کردووە.(پەشیمانی ئەسپێک، بزن و مەڕ، کۆتر و ڕێوی، چۆلەکە، مریشکە قوندە، کچەکەی پشت کەندووی ئارد،...).
- بە پێی ئاستی تەمەنیش لە نێوان ٥_١٥ساڵی حیکایەتەکانمان پۆلێنکردووە، هەر حیکایەتێکیش بۆ تەمەنێک دەگونجێت. چونکە ئاستی تەمەنی کەم لە نێوان٥_١٠ ساڵی کەمێک لە ڕووی تێگەیشتن و زمان ئاڵۆزییەک هەیە، بەڵام ١٠_ بۆ سەرەوە سادە و ئاڵۆزییەکی ئاوا بەرچاو ناکەوێت. بۆ نموونە ئەو حیکایەتانەی کە زمانێکی سادەیان هەبوو لە ڕووی تێگەیشتن.(مریشکە قوندە، چۆلەکە، ئاوێنە، گرەوی پاشا، ٣ دینار، بزن و مەڕ، شێری دارستان،...).
- کارەکتەرەکانی نێو حیکایەتەکانیش هەردووک جۆری هەبوون، وەک: ئاژەڵی، باڵندە، مرۆڤ. نموونە: کارەکتەری حیکایەتی(چۆلەکە)، باڵندە بوو، حیکایەتی(بزن و مەڕ)، ئاژەڵ بوو. حیکایەتی(مام سمایل)، مرۆڤ بوو. بەڵام منداڵ سروشتێکی جوانی هەیە، زیاتر حەز بە حیکایەتی سەر زمانی ئاژەڵان دەکات، چونکە لە دەوروبەر و خەیاڵیدا جێگر دەبێت، وە حیکایەتە ترسناکەکانیش زۆر بە لای منداڵدا گرینگ و تایبەتن.
- بە شێوەیەکی گشتیی تا ئێستاش جیاوازی یەکەی ئەوتۆی نێوان حیکایەت و چیرۆک نەکراوە، چونکە هەردووک بە فۆڕێکی گێڕانەوەی دەست پێ دەکەن، بەڵام ئەوەی

لێکیان جیا دەکاتەوە، تەنێ خاسییەتەکانییانن. حیکایەت سەرەتا بە شتێک دەست پێ دەکات، هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو،... کۆتایش قفڵ دانێکە، کڵاشم دڕا هیچم پێ نەبڕا، یاخۆ چەپکێک گوڵ و چەپکێک نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز. بەڵام لە چیرۆکدا ئاوا نییە، جیاوازە شتێکی ترە.

- بە پێی ڕاپرسییە گشتییەکەی کردوومانە، بۆمان دەرکەوت کە بە ڕێژەیی ٦٠ لە سەدی ئاشنایەتیان بە ژانرە گێڕانەوەکان کەمە، بە تایبەت حیکایەت. بە ڕێژەیی ٤٠ لە سەدی ئاشنایەتییان پێی هەیە.
- حیکایەتەکانیش بە پێی جۆر و ناوەڕۆک جیاواز بوون، بە ڕێژەیی ٢٩٪ ئامۆژگاری بوو، ٢٩٪ پەروەردەیی بوو. ٩٪ چێژو خۆشی، ٩٪ گاڵتەو گەپ. ٩٪ پەند و حیبرەت بوو. لە ڕووی ئاستی تەمەنی منداڵیش بە پێی حیکایەتەکان. لە نێوان ٥_١٠ساڵی کەمتر هەبوو، بەڵام ١٠_١٥ ساڵی زیاتر ڕەنگی دابوویەوە لە نێو حیکایەتەکان.

## ٤.٢ ڕاسپاردە و پێشنیار

- وەزارەتی پەروەردە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، لە پەرەپێدانی کەلتووری.
- زیاتر چاپ کردنی کتێبە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکان بە تایبەت هی منداڵان. بکرێنە سیناریۆی گۆرانی و فیلم.
- بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، دەستپێشخەری بکەن بۆ هاندان و مەرج دانان بۆ مامۆستاکانی بواری ئەدەب، بە تایبەت مامۆستاکانی هونەر و وەرزش وانەیەک تایبەت بکرێت بە بواری فۆلکلۆری. بۆ ئەوەی بە زیندووی بمێنێتەوە فۆلکلۆر.
- مامۆستاکان ڕۆڵیان هەبێت لە ئاشناکردنی قوتابییان، بە فۆلکلۆر بە تایبەت چیرۆک و حیکایەت گێڕانەوەیان بۆیان.
- ڕۆڵی دایک و باوک، لە پەروەردەکردنێکی تەندروستی منداڵەکانیان کەمکردنەوەی مۆبایل و تەکنەلۆژیا لێیان هاندانیان بۆ خوێندنەوە. لە پاڵ ئەمەشدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە وشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگا.







## ٤.٣ لیستی سەرچاوە

سەرچاوە کوردییەکان


- ح.س، زمان، (٢٠٠٩)، *وێژەو فۆلکلۆری کوردی*، چاپەمەنی ئەلیکترۆنی، زمانی کوردی.
- حەمە هەورامی، (٢٠٠٥)، *ئەدەبی منداڵانی کورد*، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر. چ.و.پ. هەولێر.
- شوکریە ڕەسوڵ، (١٩٩٧)، *ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی*، چاپی یەکەم، هەولێر.
- شوکریە ڕەسوڵ، (٢٠٠٥)، *حیکایەتی گیانداران*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چ. شڤان.
- عیزەدین مستەفا ڕەسول، (٢٠١٠)، *لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*، چاپی سێیەم، هەولێر.
- موحسین ئەحمەد عومەر، (٢٠٠٥)، *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی*، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر، ب.ئاراس.
- حەمە مەنتک، (٢٠٢١)، *گێڕانەوە ناسی دەروازەیەک بۆ تیۆرەکانی گێڕانەوە*، چاپی یەکەم، هەولێر.
- مارف خەزنەدار، (٢٠٠١)، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر، ب.ئاراس.
- ڕازاو ڕەشید صبری، (٢٠١٠)، چیرۆکی *منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا*، (٢٠٠٥_١٩٩١)، چاپی یەکەم، هەولێر، چ.حاجی هاشم. ب. ئەکادیمیای کوردی.
- ڕێواس ئەحمەد، (٢٠٠٥)، *سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد*، چاپی یەکەم، هەولێر، چ. وەزارەتی پەروەردە.
- سعدالله شێخانی، (١٩٨٥)، *فۆلکلۆری کوردی*، کەلەپووری و نەتەوەی.
- سەنگەر زراری، (٢٠٢١)، *کورتە چیرۆک و مەرجە هونەرییەکانی*، چاپی دووەم، د.فام.
- شریف فلاح، (٢٠١٢)، *لە بارەی ئەدەبی زارەکی و خەسڵەتەکانییەوە*، سنە، گ.ڕامان. ژ.(١٧٩).
- شریف قەرەچەتانی، (٢٠٠٩)، *سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)*، چاپی یەکەم، سلێمانی، ک.پ.بنەڕەتی، چ.پەیوەند.
- کۆمەڵە نووسەر، (٢٠٠٩)، *سەرەنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردیەوە*، چاپی دووەم، هەولێر، ب. ئاراس.
- لەتیف هەڵمەت، (٢٠١٣)، *دیوانی منداڵان*، چاپی سێیەم، کەرکوک، چ.کارۆ، ب.ک. ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرۆک.

- مضفر مصطفى اسماعيل، (٢٠١١)، *ڕووخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت*، چاپی یەکەم، هەولێر، چ. حاجی هاشم، ب. ئەکادیمیای کوردی.
- محمد فتاح، (٢٠١١)، *زمانەوانی*، چاپی سێیەم، هەولێر، ب. ئەکادیمیای کوردی.
- محەمەد مێرگەیی، (٢٠٢٢)، *چیرۆکی سەر زمانی ئاژەڵان بۆ منداڵ*، چ١. چ.ڕۆشنبیری، هەولێر.
- نەوزاد کەلهوڕ، (٢٠١٠)، *گەشەی منداڵ*، چاپی یەکەم، هەولێر، چ. خانی(دهۆک).
- هیمداد حوسێن، (٢٠٠٧)، *ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی*(دەق و لێکۆڵینەوە)، چاپی یەکەم، کەرکوک، چ.شەهید ئازاد هەورامی، ب. سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو.
- ڕەحیم سورخی، (٢٠٠٦)، *زمان، هزر و کەلتوور*، چاپی یەکەم، هەولێر، چ.پەروەردە، د. ب. موکریانی.

سەرچاوە عەرەبییەکان

- أحمد مرسي، (١٩٨٤)، *الأدب الشعبي و فنونة*، مكتبة الشباب، وزارة الثقافة، الشفافة، الجماهيرية، مصر.
- طارق الحصري، (٢٠٠٧)، *استلهام التراث في مسرح، الطفل*، ط١، الإسكندرية، دار الوفاء، للطباعة والنشر،.
- عبدالحميد يونس، (١٩٦٨)، *الحكاية الشعبة المؤسسة العصرية العامة*، دار الكتاب العربى للطباعة والنشر للتاليف والنشر.
- سعيد محمد السيابي، (٢٠٠٥)، *توظيف الأدب الشعبي فى النص المسرحي الخليجي*، السلسة المسرحية(الدراسات)، إصدارات دائرة الثقافة، والإعلام، حكومة الشارقة.
- سيث طومين، (١٩٨٧)، *الحكاية الشعبية عالميتها، وأشكالها*، ترجمة: أحمد آدم، القاهرة، مجلة الفنون التعبية، العدد٢١.
- عبدالتواب يوسف، (١٩٩٢)، *الطفل العربي والأدب الشعبي*، القاهرة، الدار المصرية البنانية.
- فوزى العنتيل، (١٩٩٩)، *عالم الحكايەت الشعبية*، مكتبة الدرسات، الشعبية، القاهرة، الهيئة العامة لقصور الثقافة.
- مؤمن الوزار، (٢٠٢١)، *الفرق بين القصة والحكاية*.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Sutton_smith(et_al), B.(١٩٩٩).*children folklore* .A Source book .Utah ،logan: Utah state university press.

سەرچاوە فارسییەکان

- حسین میکائیلی، (١٣٩٤)، *پژوهشنامه ادبیات کردی، «بیت» در ادب فولکلور کردی*، اول، شماره ١، دانشگاه آزاد اسلامی واحد بوکان.

ماستەرنامە

- تاڵب سەرانی، (٢٠١٦)، *پێگەی ڕواندز لە ئەدەبی فۆلکلۆردا*، زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی/ ئاداب، بەشی کوردی.
- هەڵمەت بایز ڕەسوڵ، (٢٠١٣)، *دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا*، نامەی ماستەر، چاپی یەکەم، هەولێر، چ.شەهاب، ش.یەکێتی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی ٨٣
- عەدنان عەبدولوەهاب، (٢٠١٥)، *وەرگرتنی زمان لای منداڵ*، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتیی/ زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی زمانی کوردی.

توێژینەوەکان

- تارا عبدالله سعید، (ئەوانی تر)، (٢٠١٨)، *سیمانتیکی زمان لای منداڵ*، سلێمانی، کۆلێجی زمان، زانکۆی گەرمیان، پەروەردەی بنەڕەت_ بەشی زمانی کوردی.
- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، (٢٠١٦)، *زمانی منداڵ لە نێوان فۆلکلۆری دەڤەری ڕواندز و شاشەی زیرەکدا*، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان.
- محەمەد زەهاوی، (ئەوانی تر)، زمان و بیر، (١١٢٢)م ، المجلد الاول، العدد ١٢٢، زانکۆی گەرمیان، فاکەڵتیی_ زانستە مرۆڤاییەتیەکان و وەرزش، فاکەڵتیی پەروەردە.
- هونەر صوفی، (٢٠٢١)، *شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لە سەر بنەمای تیۆری حیکایە تناسیی ڤلادیمێر پرۆپ*، سۆران، بەشی زمانی کوردی.

وانەکان

- بە سوود وەرگرتن، لە وانەکانی م. حەیات سعید عبدالکریم، مامۆستا لە زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، وانەی ئەدەبی فۆلکلۆر. ساڵ: (٢٠١٩_٢٠٢٠).

چاوپێکەوتنەکان

- ئەرسەلان فارس کریم، سۆران، سەرپەرشتیاری پەروەردەی و پسپۆڕی زمانی کوردی. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/٢ هەینی.
- ئامینە صالح عبدالله سۆران، مامۆستای کوردی، ق. چەمی ڕێزانی بنەڕەتی تێکەڵاو. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢١ شەممە.
- هاوژین سالار(ئەوانی تر)، سیدەکان، تەمەن: ١٣_١٤ ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/١ شەممە. کات: ٢ی پاش نیوەڕۆ.
- مەئوا عبدالقادر حسن، پۆلی حەوتەم، تەمەن: ١٣ ساڵ، سۆران، ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢٣ دووشەم. کات: ١٠ بەیانی _کانی حسێن حمد، پۆلی حەوتەم، تەمەن: ١٤ ساڵ. سۆران ،(هەمان ڕێکەوتی پێشوو).
- موسا داود، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی سیدە کانی کچان، ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/١ شەممە. کات: ٢:٤٠ خولەکی دوای نیوەڕۆ.
- کانیاو کاکل شمس الدین، مامۆستای کوردی، ٢٨ ساڵ، قوتابخانەی دواناوەندی دلارای کچان. سۆران، ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/١٧ سێ شەم. کات: ١١ پێش نیوەڕۆ.
- سلێمان حسن جندی، کاسب، تەمەن: ٦٦ ساڵ، سۆران، ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢٣ دووشەم، بەیانی.
- ڕێبوار عبدولرەحمان ڕەسوڵ، مامۆستا کوردی، ڕواندز. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢١ شەممە. کات: ١١ پێش نیوەڕۆ.
- دلڤین فاضل نبی، مامۆستای کوردی، سۆران. (هەمان ڕێکەوتی پێشوو)_ شوکریە احمد تاهیر، مامۆستای کوردی، ٢٦ ساڵ، سۆران. (هەمان ڕێکەوتی پێشوو)
- تەڵحەت ئامۆکەی، گوندی جۆنەرە، دەڤەری سورچی، قوتابخانەی جۆنەڵەی تێکەڵاو. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٢/٢٢ پێنج شەممە. کات: ١:١٠ خولەکی دوای نیوەڕۆ.
- برهان قادر عولا، مامۆستای زانستە گشتییەکان، ٥١ ساڵ، ڕواندز، ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١١/٢٩ سێ شەممە. ٦ ئێوارە.

وتاری ئەلیکترۆنی

- https://hjuoz.uoz.edu.krd/index.php/hum'article/view/٢٩٤/٢٣٥ Kurdish children ، (٢٠١٨) Adabiata zarokan, la bakur ، tűrkan Tosun گۆڤارا زانستا مرۆڤایەتی_ زانکۆیا زاخۆ.
- https://zaniary.com/blog/٦٠٣٠f٠c٢e٩٢٥a/%D٨%B٢%D٩%٨٥%D٨%A٧%D٩%٨٦-%DA%٨٦%DB%٨C%DB%٨C%DB%٩٥ زمان چییە؟ زانیاری، محمد رزگار، ڕێکەوتی : ٢٠٢١/٢/٢٠ کات: ١٤:٢٠:٠٠
- https://zaniary.com/blog/٦٢dd٣٨ac٤٤٩db/%D٨%AE%DB%٩٥%DB%٨C%D٨%A٧%DA%B٥%DA%A٩%D٨%B١%D٨%AF%D٩%٨٦-%D٩%٨٤%D٨%A٧%DB%٨C-%D٩%٨٥%D٩%٨٦%D٨%AF%D٨%A٧%DA%B٥%D٨%A٧%D٩%٨٦ خەیاڵکردن لای مندالآن، زانیاری ، ئیلهام ئەنوەر، ڕێکەوتی: ٢٠٢٢/٧/٢٤، کات: ١٤:٢٨

### ٤.٤ پاشکۆی یەکەم: حیکایەتەکان

- مریشکە قوندە[٢٣] (٥_٧)ساڵ.[٢٤]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو، مریشکە قوندەیەک هەبوو ڕۆژەکێ، مریشکە قوندە لۆ شاری شووکردن بەڕێکەوت. تووشی شوانەکی بوو. شوانەکە بە مریشکە قوندەی گوت: مریشکە قوندە بۆ کێ دەچی؟ مریشکە قوندە گوتی: سندانی مریشکە قوندەی لۆچ دەڵێی مریشکە قوندە؟ شوانەکە گوتی: ئەدی بڵێم چ ؟

مریشکە قوندە گوتی بڵێ:

نــازێ ... نــازێ

چارۆک[٢٥] ... پیازێ

ڕەقمە[٢٦] ... ڕەقازێ[٢٧]

دەچیە... کێندەرێ؟

مریشکە قوندە گوتی: دەچمە شاری شووکردنێ شوانەکە گوتی: وەرە شووم پێ بکە. مریشکە قوندە گوتی: باشە، بەڵام چۆن بەخێوم دەکەی؟ شوانەکە گوتی: بە نانی شوانی.

---

٢٣حیکایەتی گاڵتەئامێز (مریشکە قوندە)

٢٤وەرگیراوە، لە بەڕێز: ئیدریس سعید احمد، تەمە ن، ٣٩ ساڵ. شوێن: سیدەکان، پیشە: بەڕێوەبەر. ڕێکەوت: ٩_٢_٢٠٢٣ پێنج شەممە. کات: ٤:١٠ خولەکی ئێوارە.

٢٥ئەوەی پیرەژن بە سەر خۆیان دادەدەن.

٢٦ڕەقمە← سخت، دژوار، ڕەق.

٢٧ڕەقاز← لارولەنجە، سەماکەر.

مریشکە قوندە گوتی: کەوابێ شـووت پێناکـەم ئەی شوان. شوانەکە گوتی: مریشکە قوندە بۆچی شـووم پێ ناکەی؟ مریشکە قوندە گوتی: ئەچمە شاری شـووکردنێ، شـوو دەکەم بە ئاشـەوانێ، بەخێوم دەکات. بە دەخڵ و دانێ بن کۆتەلانێ، باشترە لە پارچە نانێ لای شوانێ، مـن شوو ناکەم بە شوانێ، بە هاوێنێ لە کویستانێ، بە زسـتانێ لە گەرمـیانێ، خـەوم قووڵە ناتوانم، بەیانییان هەستمـەوە، لۆ مـەڕ بەردانێ و هۆڵ ڕاماڵینێ[28]. کلاشم دڕا هیچم پێ نەبڕا. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز.

- گرەوی پاشا[29] (٨_١٢) ساڵ.[30]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵباز تر نەبوو، کەس لە بەندەی ڕووڕەشتر نەبوو. پاشایەک هەبوو، زۆر حەزی لە پێکەنین، قسەی خۆش، فشە، فیشاڵ و درۆ دەکرد. ڕۆژێک پاشا گرەوێکی ڕاگەیاند گوتی: هەرکەسێک هەر درۆزنێک، درۆیەکم لۆ بکات و بڕوا بە درۆکەی بکەم ئەگەر گۆتمێ: درۆ دەکەی وەعد بێت، نیوەی وڵاتەکەمی پێشکەش بکەم. درۆزنەکان بۆ بردنەوەی گرەوەکە کەوتنە خۆیان ڕۆژی یەکەم بەرگدروویەک چوو، بۆ لای پاشا و گوتی: خاوەن شکۆ ئەم نێوڕانێ بینیم ئاسمان دڵی دڕابوو و ئاوی لێدەچوو، منیش بە پەلە مەکینەکەم هەڵگرت و فڕیم بۆ ئاسمان و بە چرکە ساتێک جوان دڵی ئاسمانم دوورییەوە، پاشا: دەستەکانت خۆشبێ کارێکی چاکت کردووە، بەرگدرووەکە بەبێ ئومێدی گەڕایەوە، چونکە پاشا پێی نەوت درۆدەکەی ڕۆژی دووەم، شوانێک چوو بۆلای پاشا و گوتی: خاوەن شکۆ من منداڵ بووم باپیرم قەڵەنگێکی[31] زۆر درێژی هەبوو، سەد باڵ درێژ بوو، بە چاوی خۆم بینیم باپیرم لە دوورەوە بەو قەڵەنگەی

28ڕاماڵین(هاژۆتن)، زیاتر بۆ مەبەستی هۆر و ئەو شوێنەی، کە ئاژەڵی تێدا کۆدەکرێتەوە، ئاڵیکی تێدایە. ڕاماڵین، بە مانایەکی تر شتێک، کە بووبێتە بەربەستێک لە بەردەم شتێک.

29حیکایەتەی پەندئامێز_ دانایی(گرەوی پاشا)

30هەمان سەرچاوەی پێشوو.١

31قەڵەنگ← لە کۆندا لە سەری بانی(خانوو)، کونێکی گەورە هەبووە، دوکەڵی لێ دەچووە دەر. لە هەندێک شوێنی تر، بە مانای (گۆپاڵ)، دێت.

مەڕەکانی پێ لێدەخوڕی، پاشا بە شوانەکەی گوت: ئەو قەڵەنگەی باپیرت لە شوولکی چەمەکەی باپیری من بڕی بووی، لەو کاتەدا چەمەکەی باپیرم شوولکەدار[32]ی لەوەش بەرزتری تێدا بوو، شوانەکەش بەبێ ئومێدی دەرچوو، چونکە پاشا بە ئەمیشی نەوت درۆدەکەی ڕۆژی سێیەم، پیاوێکی هەژار قزناغێکی گەنم پێوانی پێبوو چووە، بەردەمی پاشا وەستا و تەماشی کرد، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات. پاشا: ها مامە گیان، چیت دەوێت؟ ئەو قزناغە دارە چییە؟ بە دەستەوە؟ پیاوە هەژارەکە، خاوەن شکۆ ساڵی پار، دە قزانغ[33] بەم قزناغە زێڕی خاوێنت لە من قەرزکرد، هاتووم قەرزەکەم بدەیتەوە

پاشا: بە تووڕەییەوە، ئەوە دەڵێی چی؟ من زێڕم لە تۆ قەرزکردووە ؟!

پیاوە هەژارەکە، بەڵی خاوەن شکۆ دیارە لە یادت نەماوە یان ناتەوێ بمدەیتەوە؟

پاشا: درۆدەکەی پیاوە، هەژارەکە کەواتە گرەوەکەم لێت بردەوە، چونکە تۆ بەڵێنت دا بە هەرکەسێ بڵێیت درۆدەکەی نیوەی وڵاتەکەتی پێشکەش بکەیت. ئێستاش خۆت یەکلایی بکەرەوە یا دە قزناغ زێڕم بدەرێ، یا نیوەی وڵاتەکەتم بدەرێ کامیانم دەدەیەتێ؟ پاشا لە زیرەکی ئەم پیاوە هەژارە، سەری سوڕما دانی بە دۆڕاندنەکەیدا نا و ناچار بوو، کە یەکێکیان قبووڵ بکات گرەوەکەی دۆڕاند. کلاشم دڕا هیچم پێ نەبڕا.

- ئاوێنە[34] (٧_١٢) ساڵ.[35]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕیوی فێڵباز تر نەبوو، کەس لە بەندەی ڕوو ڕەشتر نەبوو. پیاوێک هەبوو، لەگەڵ خێزانەکەیدا لە کێڵگەیەکدا دەژیان. هیچ کەسێکی ئەم خێزانە ئاوێنەیان نەبینی بوو پیاوەکە لە کێڵگەکەیدا ئاوێنەیەکی خڕی کچکۆکەی

٣٢شولکەدار← شوارک، داری شلک و ناسک. لە سەرەتایی ساڵدا، بە دیار دەکەوێت.
٣٣قزناغ← شتێکە، لە دەست دەکرێت، بە مەبەستی چنین، تەون، بۆ ئەوەی ئەزیەت بە کەسەکە، نەگات.
٣٤حیکایەتی کۆمیدی(ئاوێنە)
٣٥هەمان سەرچاوەی پێشوو.٢

گیرفانی دیتەوە، کە سەیری ئاوێنەکەی کرد و وێنەکەی خۆی تێدا بینی وای زانی ئەمە، وێنەی بابێ وییە، ئی مردیە زۆر دڵی خۆشبوو، ئاوێنەکەی خستە گیرفانییەوە، هەموو ڕۆژێک بە دزی تەماشێ ئاوێنەکەی دەکرد و قسەی لەگەڵ وێنەکەی خۆیدا دەکرد، دەشی گوت باوکە گیان تۆ کوتومت لە من دەچیت، قسێنە منیش دووبارە دەکەیتەوە، ژناویش هەستی بە شتێک کرد و لە مێردەکەی کەوتە گومانەوە، ڕۆژێک پیاوەکە ئاوێنەکەی لە بیرچوو بوو، لە ماڵەوە لێی بە جێمابوو ژنەکەی ئاوێنەکەی بینی، سەیری ئاوێنەکەی کرد، کە وێنەکەی خۆی لە ئاوێنەکەدا بینی، دڵی داخورپا و گوتی ئەها، دۆزیمەوە ئەمە ئەو ژنەیە، کە هەموو ڕۆژێک مێردەکەم بە دزیی منەوە قسەی لەگەڵدا دەکات. ئەمە کوێی لەمن جوانترە قبووڵی ناکەم، ژنەکەی زۆر توورە بوو، بە بۆڵە بۆڵ چوو بۆ لای خەسووەکەی و ئاوێنەکەی دایە، دەستی و پێی گوت: پووری گیان بڕوانە، کوڕەکەت هەموو ڕۆژێ بە دزی منەوە لەگەڵ ئەم ژنەدا قسە دەکات. ئەمە کێیە؟ کە خەسووەکەی سەیری ئاوێنەکەی کرد و وێنەکەی خۆی لە ئاوێنەکەدا بینی، دڵی بووکەکەی دایەوە و پێی گوت: ڕۆڵە گیان، دڵگران مەبە، غەم مەخۆ، چونکە ئەم ژنە پیرە و لەوانەیە، بەم زووانە بمرێت لەکۆتایدا هیچم پێ نەبڕا پێڵاوێکم پێ بڕا.

- پاشایەکی زاڵم (٨_١٤) ساڵ.[٣٦]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو... لە گوندێک پاشایەک هەبوو، زوڵمی لە خەڵک دەکرد، ڕۆژەک چوو بۆ لای پیاوێکی نەجار[٣٧] گۆتی: هەتا سبیانێ دەبی بارێک لۆمن حازر کەی، ئەگەر نا بە مشاری سەرت دەبڕم گۆتی نەجاریش چووە لای خێزانەکەی کەوتنە، بەر بارێکی خەم گۆتیان کوو بتوانین هەتا سبیانێ بارێ پوشی حازرکەین، ژنا

٣٦بە سوپاسەوە وەرگیراوە لە خاتوو: هەدیە برایم عالی، تەمەن: ٤٥ ساڵ. شوێن: سیدەکان. پیشە: ئافرەتی ماڵ. ڕێکەوت: ٨_٢_٢٠٢٣ چوارشەممە.
٣٧نەجار← ئەو کەسەیە، پیشەیی دارتاشی دەکات.

نەجاریش گۆتێ نەجار بنوو خوا یەکە و دەرگا هەزارە، سبیانێ هەستانۆ هەر خەمیان بوو، پاشا بهێت سەریان ببڕێ گۆتی خەبەرێ پاشای هات. ئێ مردی گۆتی ژنەکەی گۆتە نەجاری نەم گۆت نەجار بنوو خوا یەکە و دەرگا هەزارە کەواتە، زوڵم و ستەم بۆ کەس ناچێتە سەر. خڵاس و براوە هیچم پێ نەبڕا.

- سێ برا[38] (٩_١٥) ساڵ.[39]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو... چ لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو، چ لە بەندەی ڕوو ڕەشتر نەبوو، سێ برای زۆرزان هەبوون، بەیەکەوە هەرسێ برا زۆر زانەکان، چوونە سەفرەی لە وەرزی بەهارێ لۆی کارو کاسبیێ بکەن. فسلەکەی خۆش بوو، گیا لە چۆکابوو، هەواکەی خۆشی هەبوو، ئەو زۆر زانانە زۆر ڕۆیشتن دوای گەیشتنە جێیەکی پشوو بدەن، دانیشتن پێکەوە، هنجێ قسەیان کردن زۆر زانەک، تەماشای دەوروبەرێ خۆی کرد، چ بوونە گوندەچی پاشەیەچی لێبوو، پاشاکەش کچێکی جوانی هەبوو، ئەوان هەر کچەکەیان دیت، مارێکی گەورەش لەوێ هەبوو، بەڵام کوشتیان. پاشا گۆتی: هەرکەسێک ئەو ڕمەی لەعەردی چەقایە، ئەوەی بتوانی دەرێ بینی، کچاخۆمی ئەدەمێ، یەکێک لەو زۆر زانانە ناوی ئەحمەد بوو، بە ئەحمەدیان گۆت ئەو ڕمە بەتوو نەبی بەکەسی ناهێتە دەرێ، ئەحمەد هەموو هەوڵی خۆیدا، بەڵام چ کەڵکی نەبوو، دواتر خوارزای ئەحمەد بە ئاسانی ڕمەکەی، پاشا گۆتی کچا خۆمت ئەدەمێ خورزای ئەحمەدیش گۆت ئەمن کچا تووم ناوێت، بدە خاڵێ من پاشا وچی زانی خوارزای ئەحمەدی کاتێ زانی پاشای کچا خۆی دایە، خارێ وی، تووڕەبوو، پاشا لەشکرەکی ناردە سەریان وە بەس ئەحمەد و خوارزای بەسە زاڵ بوون شارەکەیان تەواو داگیر کرد، ژنا ئەحمەد داوای لە خوارزای کرد، شتی نەشیاوی لەگەل

---

٣٨حیکایەتی پەندئامێز(سێ برا)

٣٩بە سوپاسەوە وەرگیراوە، لە خاتوو: سەروین جعفر قادر، تەمەن: ١٩ ساڵ. پیشە: قوتابی. شوێن: باڵەکایەتی.ڕێکەوت: ٦_١١_٢٠٢٢ یەک شەممە.

بکات، ئەویش وتی شتی وانابێت تۆ خاڵۆژنی منی، کە ئەحمەد هاتەوە ژنەکە بوختانی بە خوارزای ئەحمەدی کرد، خوارزاکەش گوێی لەهەموو قسەکان بوو، خوارزاکەش ڕۆیشت. کە تە ناو کەندەکێ دەست و پێی شکان، ئەحمەد زۆر پێی تێک چوو، خوارەزای ئەحمەد هەموو، ڕاستییەکانی پێ گۆت ئەحمەدیش، کە ڕاستییەکانی زانی ژناخۆی کوشت لە کۆتایدا هیچم پێنەبڕا پێڵاوەکم پێبڕا.

- پاشا و وەزیر[40] (٨_١٥) ساڵ.[41]

هەبوو نەبوو، کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو...لە شارەکی پاشایەک هەبوو، پاشایەکەش وەزیرەکی هەبوو، وەزیرەکەش ناوی حەیاس بوو، ئەو پاشایە ئەو وەزیرەی زۆر خۆش دەویست، کە ناوی حەیاس بوو. پاشا هەموو پرسوڕای بە حەیاسی دەکرد و لە قسەی دەرنەدەچوو، چونکە زۆر دانا بوو واستە بە حەیاسی خۆش گوزەرانی کەتبوو ناو خەڵکی و دەوڵەتەکەی هەر فراوان دەبوو، ڕۆژ هات ڕۆژ چوو ئەو پاشایە لە حەیاسی تووڕە بوو، بە حەیاسی وەزیری گوت ئەت کوژم حەیاسیش لە ترسا ڕوحاخۆ لە کۆشکی پاشا ڕایکرد و لە شارەکە خۆی حەشار دا چووە، ماڵی کابرایەک خۆی داڵدە[42] دا، دوای پاشا پەشیمان بووەوە، کە ئەم فەرمانەی دەرکردووە گوتی باشە من چیمکردووە، من بۆ ئەو وەزیرە زیرەکەم لە دەستەخۆدا، وەزیری نە دۆزیەوە، هیچ شتێکیان بێ ئەو بۆ نەدەچووە سەر، بۆ ئەوەی پرسوڕاوێژی خۆی بکات. وەڵحاسر دوای لەگەڵ ئەوەی کە وەزیریان نەدیتەوە، کاروباریان نەدەچووە سەر، بیریان کردەوە، کە چۆن حەیاسی وەزیر بدۆزنەوە، وەزیرەکی گۆت من فکرەیەکم هەیە، بە پاشای گوت پاشا تۆ

---

٤٠حیکایەتی پەند ئامێز، ژیری(پاشاو وەزیر)

٤١وەرگیراوە، لە بەڕێز: سایب سابیر، تەمەن: ٢٨ ساڵ. پیشە: مامۆستا، شوێن:گوندی کۆلیت. ڕێکەوت: ٨_٢_٢٠٢٣ چوارشەممە.

٤٢داڵدەدان← واتە گەمارۆدان، یاخود چواردەورە گرتن. کەسێک بکەوێتە ناو شوێنێک دەرچوونی نەبێت. لە لایەکی تریشەوە بە واتای خۆ شاردنەوە دێت.

دەبی، لەو شارە چەند ماڵی تێدانە یەکە و بەرخێکیان پێ بدەیت، پێیان بڵێی ئەو بەرخانەهەتا چل ڕۆژی بەخێو دەکەن. جۆو شتی باشی پێ بدەن، ئەو بەرخەش نە قەڵەو بیت نە لاواز بیت. دەبی لەیەک قیاسی بمێنێت، وەلا پاشا ئەو فەرمانەی دەرکرد و جێبەجێ کرا. هەر ماڵەو بەرخێکیان دانێ پێیان گوت: پاشا گوتویەتی نابی، ئەو بە رخانە نە قەڵەو بن نە لاواز دەبی وەکی خۆ بمێنێتەوە، گوتی ئەگەر نا ساحێبی ئەو مارەی ئەکوژم، ئەگەر بەرخەکە گۆڕابیت، وەڵا ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیشت حەیاسی وەزیر خاوەنی ئەو ماڵەی بینی، کە بەرخەکەی لە خۆگرتییە، پێی گوت بۆ وا تێکچووی چی بووە؟ ساحێب ماڵەکە، هەموو شتێکی بە حەیاسی وەزیر گووت. حەیاسیش پێی گووت: هیچ دڵی خۆت تەنگ مەکە من ڕێگایەکت پێ دەڵێم، کە چۆن خۆت ڕزگار بکەیت گوتی چۆن؟ ڕزگارم دەکەی حەیاس پێی گوت هەرچی خواردنی باشە بدە ئەو بەرخەی بەس لە بەرامبەر ئەو بەرخە پیستە گورگەکیش بێنە لە پێشی دانێ، ئەو بەرخە نە قەڵەو دەبی نە لاواز. لە ترسان گۆشتی پێ ناگرێت ئەو کابرایە بە قسەی حەیاسی وەزیری کرد. ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو ٤٠ ڕۆژەکە تەواو بوو. پاسەوانێنە پاشای لە ناو شاری گەڕان پێیان گۆتن دەبی هەموو بێن و بەرخێ، خۆ لەگەڵ خۆتان بینن. داخوا ئێ کێ قەلەو بوویە ئێ کێ لاواز بوویە، هەموو خەڵک کۆبوونەوە، بەخۆو بە بەرخێ خۆ، چوونە کۆشکا پاشای ئەوەی پاشا تەمەشای دەکرد، بەرخێ هەمووا قەڵەو ببوو، بەرخێ چل ڕۆژی لەماڵێ بە سحەت بێگومان قەڵەو دەبیت. ئەوەی تەمەشای دەکرد قەڵەو ببوو، هەتا گەیشتنە ئەو کابرایەی، کە حەیاسی وەزیری لەکنەخۆ حەواندبوویەوە، دیتیان بەرخێ وی گۆڕانی بەسەر دا نەهاتییە، نە قەلەو بوویە نە لاواز بوویە، وەڵا وەزیرەکان و پاشا پێیان گۆت چۆن توانیت ئەو بەرخە، لێنەگەڕێی نە قەلەو بیت نە لاواز کابرا گوتی: بەخۆ وەم لێکردیەکە نە قەلەو بیت نە لاواز پاشا گوتی ئەگەر قسەی نەکەی، سەری لێ بپەڕێنن. کابرا قسەی کرد، لەترسی ئەوەی نەی کوژن گوتی پاشا کەسەکی بێ گانە[٤٣] هاتە ماڵێ گوتی لێم

---

٤٣بێ گانە← کەسێک لە دوورەوە بێت، یاخود غەریبە بێت، نەناسراو بێت.

قەومایە ئەمنیش لەکنەخۆ دالّدەم دا، ئەوی قسەی لۆ من کرد، گوتی هیچ خۆ بە خەم مەکە ئەو بەرخە، بەخێوکە پیستە گورگەکی دانێ بەرخەکە، نە قەڵەو دەبی نە لاواز، لەترسی پیستە گورگی وەکی خۆ دەمێنێتەوە. پاشا زانی، کە ئەو کەسە حەیاسی وەزیرە پاشا بەخۆو بە وەزیرا کەتنە رێ تەگە کابرای چوون بۆ ماڵی کابراچوون حەیاسی وەزیر بێنەوە، کەچوون حەیاسی وەزیر لە ماڵی کابرا بوو، پاشا دەستی لە ملی حەیاس کرد و ماچی کرد و لەگەڵی پێکهاتەوە داوای لێبوردنی لە وەزیر کرد و پێی گوت: دەبی لەگەڵم بێیتەوە، کۆشکێ ئیدی بەو شێوەیە بوو، پاشاو وەزیر پێکهاتنەوەو خەڵکەکەش بەوە زۆر دڵخۆش بوون. خەلاس و براوە هیچم پێ نەبڕا.

- خۆشەویستی ڕاستەقینە[٤٤] (٩_١٥) ساڵ.[٤٥]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو...دەڵێن ڕۆژێک لە گوندێک ، ژن و پیاوێک هەبوون. زۆر یەکتریان خۆشدەویست بۆ یەکتر زۆر باشبوون و هەموو کات خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر دەردەبڕی و ڕێزی یەکتریان دەگرت و ڕاستگۆبوون لەگەڵ یەک و زۆردڵخۆش بوون پێکەوە، بەلام ڕۆژێک پیاوەکە بەمەبەستی کارکردن لە ماڵ دەڕۆتە دەرەوە، دوای کەمێک هەواڵی دەدەنێ، ژنەکەت سوتاوە دەم و چاوی هەمووی سوتاوە و شێواوە بە زووترین کات، بگەڕێوە ماڵ و دەبێ بی بەی بۆ نەخۆشخانە، پیاوەکە زۆر ئاقڵ و ژیرو بەوەفابوو خێزانەکەی زۆرخۆش دەویست وتی: منیش هەردووک چاوم لەدەست داون ناتوانم بێم ڕۆیشتن، پیاوەکەشیان هێنا. خەڵکەکە، وتیان ئەمە، قەدری خوایە یەکیان سوتاوە، یەکیشیان هەردووک چاوی لەدەست داوە، دەی بەهەر جۆرێک بێت، ژنەکەیان چارەسەرکردوو، هینایانەوە ماڵەوە و پیاوەکەش بە هەمان شێوە، دوای(٤٠)ساڵ، ڕۆژێکیان

---

٤٤حیکایەتی پەند ئامێز، وەفا(خۆشەویستی ڕاستەقینە)
٤٥وەرگیراوە، لە بەڕێز: عدنان حسین مستەفا، تەمەن: ٢٩ ساڵ. پیشە: خەیات شوێن:سیدەکان، ڕێکەوت: ٥_٢_٢٠٢٣ یەک شەممە.

ژنەکە مردوو، گەڕایەوە لای خوا، چوون بۆ سەرقەبران و شاردیانەوە، لەکاتی گەڕانەوە، پیاوەکە ئەوەندە بەکوڵ دەگریا بۆخێزانەکەی خەڵک هەمووی لە گریانی ئەو سەریان سوڕما، وتیان با دەستی بگرین و ببەینەوە ماڵ، چونکە ئەو پیاوەش نابینایە پیاوەکە وتی ناوە□للە، من نابینا نیمە و هیچ عەیبم نییە، وتی چڵ ساڵە وەم نەکردووە، خێزانم هەست بکات، کە من وەک جاران خۆشم ناوێت وە هیچ شتێکم نەکردووە هەست بە کەمی بکات. بۆ ئەوەی وا بیر نەکاتەوە، بڵێ دەم و چاوم سوتاوە مێردەکەم منی خۆش ناوێ، چونکە ناشرینم خەڵک هەموویان سەریان سوڕما لەخۆشەویستی و بەوەفای ئەم پیاوە، کێ هەیە، چڵ ساڵ خۆشەویستی نێوان خۆی و خێزانی ئاوا بە جوانی ڕابگری، پێویستە هەموومان لەو پیاوە فێری خۆشەویستی ڕاستە قینە بین، چونکە ئەو پیاوە ڕاست وای خۆی نیشاندا، کە نابینایە، بەڵام ئەگەر بیری لێبکەینەوە لە ڕاستیدا گوندەکە، هەمویان نابینابوون، تەنها ئەو پیاوە چاوساغ بوو، چونکە ئەو پیاوە خۆشەویستی ڕاستەقینەی دەبینی وە فێری هەموو، خەڵکی کرد، لە کۆتایدا هیچم پێنەبڕا.

- کیسەڵ (٧_١٤) ساڵ.[٤٦]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو، کەس لە بەندەی ڕوو ڕەشتر نەبوو...دەگێڕنەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆمەڵە(کیسەڵێک)، ڕێک کەوتن، پێکەوە گەشتێک بکەن و بچنە دەرەوەوە بە مەبەستی بەسەر بردنی کاتێکی خۆش، دەڵێن چوونە شوێنێک دوو ساڵ بەس، بەڕێگاوەبوون تا گەیشتن، کە دانیشتن کاتی نان خواردن هات. سەیران کرد(خوێ)، یان لەبیرکردووە، ئەوەش بۆ وان کارەسات بوو، لە نێو خۆیان ڕێک کەوتن، کامە(کیسەڵ)، لە هەموویان خێراترە، بگەڕێتەوە(خوێ )بینی، یەکێکیان لە نێوخۆیان هەڵبژارد، بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو مەرجەکی هەبوو، وتی دەبێ هەمووتان وعد بدەن

---

٤٦هەمان سەرچاوەی پێشوو. حیکایەتی (کیسەڵ)، پەند ئامێز، پەیمان شکێن.

نان نەخۆن، هەتا من دەگەڕێمەوە، هەمویان پێکەوە وتیان باش، وعد تا تۆ دێیەوە، ئێمە چاوەڕوان دەبین، ئینجا کیسەڵەکە ڕۆیشت، چوار ساڵی پێچوو، ناتەوە هەر چاوەڕوان بوون، دواتر بووە شەش ساڵ ناتەوە، هەرچاوەڕوان بوون، وتیان نا هێتەوە با نان بخۆین، دەستیان کرد، بە نان خواردن کیسەلەکە، لەپشت بەردێک هاتە دەر وتی زانیم نان دەخۆن، نە چ بوو خوێ بینی، جا پێویستە فێرببین ئیشی خۆمان بەخۆمان ئەنجام بدەین، چونکە کەس بجدی کارت بۆ ناکات. خەڵاس و براوە هیچم پێ نەبڕا.

- پاسەوان (٩_١٥) ساڵ.[٤٧]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو... پیاوێک بۆ ماوەی دوو ساڵ پاسەوانی ماڵەکی، دەوڵەمەندی دەکرد، هەموو ڕۆژێ پیاوە پاسەوانەکە، سڵاوی لە خاوەن ماڵەکەی دەکرد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە، ئەویش نیگەران بوو، وایزانی کەسێکی لووت بەرزە هەموو ڕۆژێک، ئەو خواردنەی دەمایەوە لۆ مارومنداری کۆی دەکردەوە، دەیبردەوە ڕۆژێک خاوەن ماڵەکە بینی، بەڵام هیچی پێ نەگۆت هەر لە دوورەوە تەمەشای دەکرد، بەڵام ڕۆژێک پاسەوانەکە شۆک بوو، بینی خواردنێکی خۆش لە تەنیشت پاشماوەکان دانراوە ئەویش پێی خۆش بوو، هەموو ڕۆژێک ئەو خواردنانە هەبوون دەیبردەوە لۆ مارێ، بەڵام بە مردنی خاوەن ماڵەکە، هەموو شتێک گۆڕا، خواردنی خۆشیش نەما ئیتر داوای لە ژنی ماڵەکەی کرد، موچەکەی زیاد بکات، چونکە باری دارای خراپ بوو، ژنەکەش وتی: بۆ پێشتر داوات نەکرد وتی ئایا پاشی ئەوەی پیاوەکەم مردووە، خواردنی جاران نەماوە، ئیتر بیری کەوتەوە لە بڕیارەکەی پەشیمان بویەوە، بەڵام پێی سەیر بوو بۆچی؟ هیچ ڕۆژیک وەڵامی سەلامی نەدایەوە، دواتر کوڕەکەی خواردنی برد، بۆ ماڵی پاسەوانەکە، کوڕەکە وەکی باوکی وەڵامی نەدایەوە، بۆیە پاسەوانەکە بە دەنگێکی بەرز وتی: دەست خۆش گەورەم کوڕەکە

---

٤٧وەرگیراوە، لە بەڕێز: بەشدار سەباح، تەمەن: ٣٣ ساڵ.شوێن: سیدەکان. ڕێکەوت: ٢٨_١_٢٠٢٣ شەممە. حیکایەتی (پاسەوان)، پەند ئامێز، زوو بڕیار نەدان لە کارێک.

وتی: ببورە منیش وەک باوکم گوێم گرانە نابیستم، لەو ڕۆژەوە پاسەوانەکە هەستی بەهەڵەی خۆی کرد، بۆ ماوەی چەند بە هەڵە، لە باوک کوڕەکەی تێگەیشت، ئەوەمان بۆ ڕوون بویەوە، کە هەندێک جار ڕاستییەکان پێچەوانەی تێگەیشتنەکانمانن.

- کۆتر و ڕێوی (٩_١٥) ساڵ.[٤٨]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو... کەس لە بەندەی ڕوو ڕەش تر نەبوو، کەس لە مرۆڤ سەر سەختتر نەبوو، هەڵیان گرت جێگا نەبوو، ...کۆترێک و ڕێویەک هەبوون، ڕۆژێک ڕێوی بە کۆتری گوت: خۆشم دەوێی، کۆترەکە وتی: هۆی خۆشویستنی من چییە؟ ڕێوی گوتی: تۆ کۆترێکی زۆر جوان و لە سەرخۆی، کۆترەکە گوتی: ئەم خۆشەویستییە، لەگەڵ خۆت ببە گۆڕ ڕێوی توڕەبوو گوتی: بۆ بێڕێزیم پێ دەکەی، کۆترەکە گوتی: چونکە تۆ درۆزنی من هەرچی خۆشەویستی و ڕێزە، دام بە کەسێ، ئەویش ڕۆیشتوو نەگەڕایەوە، بۆیە هیچ باوەڕم بە خۆشەویستی نییە، بە تایبەتی لەگەڵ تۆی درۆزن، ڕێویەکە لە توڕەیان پەلاماری داو ویستی بی خوات، کۆترەکە هەڵفڕییە سەر لقەدارێکی بەرز گوتی: بینیت ڕێوی تۆ درۆزنی. بۆ مەبەستی خۆت منت بەکار هێنا. کلاشم دڕا هیچم پێ نەبڕا.

- فاتیمە خان و بزن (٨_١٢) ساڵ.[٤٩]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو... گوندێک هەبوو چەند ماڵێکی لێ بوو، یەکێک لە ماڵەکان چەند سەر بەران و مەڕ و بزنیان هەبوو، وە کچێکی زۆر جوانیشیان هەبوو، ناوی (فاتیمە خان) بوو. یەکێک لە بزنە کانی کردە دۆستی خۆی و کەیڤی پێ هات.

---

٤٨وەرگیراوە لە بەڕێز: برهان قادر عولا، پیشە: مامۆستا، شوێن: ڕواندز، تەمەن: ٥١ ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١١/٢٩ سێ شەممە. حیکایەتی (کۆتر و ڕێوی) پەندئامێز، باسی سەردەمی ئێستا، کۆتر← کچ. ڕێوی ← کوڕ.

٤٩وەرگیراوە لە، سەرۆک محەمەد حسن، تەمەن: ١٢ ساڵ.

هەموو کات لەگەڵی بوو، دەی بردە دەرەوە، ڕۆژێکیان فاتیمە خان بە تەنیا بە مەبەست چووە دەرێ گەیشتە شوێنێکی زۆر بە دارو بار لە ناکاو ورچێکی لێ پەیا بوو، پەلاماری دا و بردی لۆ ناو ئەشکەوت دەرگای لە سەر داخست، لە ماڵەوە دایک و باوکی و خوشک و براکانی بە دوای گەڕان سێ شەو سێ ڕۆژ نەیان دۆزیەوە زۆر غەمبار بوون. ڕۆژێکیان ئەو بزن و مەڕانە بۆ لەوەڕ چوونە ئەو شوێنە، کە فاتیمە خانی بۆی چ بوو، کاتێک فاتیمە خان گوێی لە زەنگی[٥٠] بزنەکان بوو، بانگی ئەو بزنەی کرد، کە دۆستی بوو، بزنەکە گوێی لێ بوو، بۆ لای فاتیمە خان چوو، لە کەلێنێکی ئەشکەوتەکە دەستی لە بزنەکەدا و ملوانکەیەکی لە قۆچی کرد و لێی ئالاند. کاتێک ئێوارە بزنەکان گەڕانەوە، دایکی فاتیمە خان بینی، ملوانکەی فاتیمە خانە لە قۆچی بزنەکە ئالاوە، دەستی کرد بە گریان و گوتی: ئەوە ملوانکەیە هی فاتیمە خانە، ئەندامانی خێزانەکە کۆبوونەوە بانگی شوانەکەیان کرد و گۆتیان بزنت ئەوڕۆ لۆ کوێ برد بوون؟ شوێنەکەی لە کوێ بوو؟ شوێنەکەیان زانی و دڵ خۆش بوون و شەو خەویان لێ نەدەکەوت، بۆ بەیانی بزن و مەڕەکانیان برد لۆ هەمان شوێن بزنەکە چووە، لای فاتیمە خان ڕزگاری کرد، گەڕانەوە ماڵ دڵ خۆش بوون. خلاس و بڕاوە هیچم پێ نەبڕا.

- سێ برا و خوشێک (٩_١٥)ساڵ.[٥١]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی ڕوو ڕەشتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو... پیرەژنەک هەبوو، لەگەڵ خێزاناخۆ لە مارێ دەژیان، پیرەژنەکە کچێک و سێ کوڕی هەبوون، ئەوێ پیرەژنێ کاوڕەک هەبوو گۆتی: وەرن با کاوڕی لۆ خۆ بکوژینۆ. کاوڕیان کووشتۆ، گۆتیە فاتیمە هەڕووە سەر کانیێ وەشۆ قەڵ هات، گۆتی قوار

٥٠زەنگۆلە← بە ملی ئاژەڵ دەکرێت، بە مەبەستی ئاگادار بوون.

٥١ناو: ڕەوا عیماد ڕەسوی، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، قوتابخانەی کونە ماری بنەڕەتی تێکەلاویی . ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٢/٢ پێنج شەممە. کات: ١٠ بەیانی.
حیکایەتی(سێ براو خوشکێک)، هەست دەربڕین، خۆشی و شادی.

قوار گۆشتم بدێ، دێ هەر سێ برای توو پیشانی توو ئەدەم، فاتیمە چووە مارێ گۆتیە دایکا خۆ قەڵێ گۆت گۆشتم بدێ، براێنە توو پیشانی توو ئەدەم، دایکا وی گۆت هەڕوو تریانێ لە سەرێ قەڵێ نێ، گۆتی لە دوومن وەرە خوریا لەسەر پشتا من تێ وەرینم ئەتووش وەرە فاتیمە چووە، بە دە رکێ ئەشکەوتێ فاتیمە چووە ژۆرێ پاشی فاتیمە چوو، دەستی پە نان و شیوا کرد. لۆ براێنە خۆ، فاتیمە خۆ شاردۆ شەوێ براێنەوێ هاتنۆ، گۆتیە براێنە خۆ گۆتی ئەو کچە کێ بوو، گۆتی ئەمن فڵانم هەستا دوو برا چوونە ڕاوێ کچەکە خۆی لە فاتیمە دانووستاندۆ، فاتیمە هاتە مارێ، براکانیش گرتیان لە باوەشیان کرد. گۆتیە فاتیمەی ئەتوو کێی؟ هەستا برا چووە ژۆرێ ملوانکە زێڕەکی هێنا پە بە فاتیمەی وەکرد، گۆتی ئەتوو کێی؟ ئەویش گۆت ئەمن خوشکانگۆمە، ئەنگۆش برای منن. پێکدی شاد بوون، برا گۆتی ئەتوو کوو گەیشتیە ئێرە ئەویش گۆتی ئەمە کاوڕەک هەبوو، کووشتینۆ قەڵەک هات گۆتی قوار قوار گۆشتم بدێ، ئەز دێ برای توو پیشانی توو ئەدەم. ئەمنیش گۆشت دای ئەنگۆم دیتۆ.خڵاس و بڕاوە، هیچم پێ نەبڕا.

- گورگ و بزن (٨_١٤)ساڵ.[٥٢]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو... ڕۆژێک گورگێک و بزنێک دەبن، گورگە کە دەکەوێتە بن دارێکی گەورە، هەرچەندە دەی کرد، نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات. بزنێکیش لەو لای بە تەنیشتی تێپەڕی، پێی وت: چۆنی مام گورگ؟ هیچ چاک نیم، بۆ چاک نیت؟ چۆن باش بم، نابینی کەوتوومەتە ژێر ئەو دارە بە هیچ شێوەیەک ناتوانم، لە بنی بێمە دەر. گورگ پێی گۆت: تکایە یارمەتیم بدە بێمە دەرێ، بزنیش وتی بەسەرچاو، بزنەکە شاخەکانی لە بن دارەکە چەقاند و برندی کرد و ڕزگاری بوو، گورگ بە بزنی گۆت زۆرم برسیە دەبی بتخۆم. بزنیش گۆتی مام گورگ کوو دەبی ئەمن

---

٥٢ موراد ئاکۆ، سۆران، تەمەن: سێزدە ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٣٠ دوو شەممە. حیکایەتی (گورگ و بزن)، پەندئامێز، کاری سەربەخۆ سەری ساحێبی دەخوات.

چاکەم، لەگەڵ توو کردییە، ڕزگارم کردی. ئەوەیە پاداشتی چاکەکەم. بۆیە چوون بۆ لای مام ڕێوی سوڵح بکەن. هەردووک دەچن بۆ لای مام ڕێوی، مەسەلەکەیان باس کرد، مام ڕێوی گۆتی: من نازانم شتەکە کوو بووە، بۆیە دەبی گورگ ببەینەوە جێی خۆی، بزانین، کە چۆن ڕزگاری بووە، ڕازی بوون و گورگ چووە، بن دارە گەورەکە، مام ڕێوی بە گورگی گۆت: دەبی هەتا مردن دەبی لەوێ بی، قەدری چاکەکەت نەزانی. خڵاس و براوە هیچم پێ نەبرا.

- بزن و مەڕ[٥٣] (٧_١٥) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو، هەڵیان گرت. جێگا نەبوو... بزنۆکە کو مەڕۆکەک هەبوون، مەڕۆکێ وەگۆتە بزنۆکێ وەرە با بچینە، کوێستانا گۆتی نایەم، مەڕۆک چوو، بزنۆکیش نەچوو، گۆتی کوێستانە ساردە، لە جێ خۆ مایەوە، لە دەشتێ خانییەکی گچکۆکەی دروست کرد. مەڕۆک چووە، کوێستانا، بەرگەی سەرمای ئەوێی نەگرت، نە لەگەڵ گەرمای بوو، نە لەگەڵ سەرمای بوو. گۆتیە بزنۆکێ لێ گەڕێ، با بێمە خانیێ توو، لێ نەگەڕا، جێی لۆ نەکردۆ گۆتی جێی سەرم بکە، گۆتی ناکەم، گۆتی جێی پێیەکیم، بکە گۆتی ناکەم، وەلحاسل جێی نەکرد، لە پشت دەرکێ مایەوە، سبیانێ هاتە دەرێ بزنۆک دیتی، مەڕۆکا مردار بووی. بزنۆکیش هەستا چی کرد، پێی لێ کردنە سنگ و چاوی لێ کردنە گلۆپ و ڕیوی لێ کردنە ڕستەو سەری لێ کردە، کووتک. پیستیشی لێ کردە ڕەشماڵ، پاشی دوو کارۆکی بوون، ناوی لێنان ژەنگی و بەنگی، بزنۆک چووە دەرێ، بلەوەڕێ گیای بخوات و شیر دروست بکات. گورگیش تەماشای دەکرد و چوو لە دەرکێی دا، گۆتی دەرکێم لێ بکەنۆ، گیای شینم لە بن درانا شیرمێ تە گوانا، گۆتیان ئەتوو دایکا مە نی، دایکامە ئە ڕەشە، دە رکێ ناکەینۆ، چوو خۆی تە قورە ڕەشێ هەرینا

---

٥٣ بژار فەیسەڵ سورچی، تەمەن ٢٤ ساڵ ، پیشە: دکتۆر، دەڤەرەی سورچیایەتی، هەریر ڕێکەوت : ٧_١٠_٢٠٢٢ هەینی.
حیکایەتی (مەڕ و بزن)، پەند و ئامۆژگاری. (کاری ئەمرۆ مەخەرە، سبەینێ)

هاتۆ ژەنگی و پەنگیێ دایکا خۆ دەرکێ وەکەنۆ، گیام تە درانا شیرمێ تە گوانا، گۆتیان ئەتوو دایکا مە نی، دایکامە ئە سۆرە. گورگیش توورە بوو، هەردووکی خواردن، بزنۆک هاتۆ گۆتی ژەنگی و بەنگی لە چێ دێنە، ئاسەواریشیان دیار نەمابوو، چووە سەر خانیێ گورگی گۆتی تەپ تەپ ئەکەم، ڕەپ ڕەپ ئەکەم کێ خواردیە، کاریلە ی من با بێتە جەنگی من، گورگی گۆت ئەمن نەخواردیە و ناش هێمە جەنگی توو، چووە سەر خانیێ هەرسێ گۆتی ڕەپ ڕەپ تەپ تەپ کێ خواردیە کاریلەی من، با بێتە جەنگی من، گۆتی ئەمن نەخواردیە، دیسان چووە سەر خانیێ گورگی گۆتی تەپ تەپ ڕەپ ڕەپ کێ خواردیە کاریلەی من، با بێتە جەنگی من گورگی گۆت ئەمن خواردیەو دێمە جەنگی توو، ڕێکەتن بچنە کن مەلای بزنێ سیترەکە پڕ، ماستی خۆشی حازر کرد و گورگیش هەمبانەکە پڕ تڕ و فسا چاک کرد و سێ دنکە نۆکی تێ کرد، چوونە کن مەلای گورگی هەمبانە کردۆ، نۆک دەرپەڕی یەک بە کاریتەی خانی کەت شکا. یەکیش بە پێچکەی لانک شکا، یەکیش بە چاوی مەلا کۆرە بوو، مەلا گۆتی وەرن با لە حەق و بێم و سوڵحتان لۆ بکەم، درانێ گورگی دەرهینان و پڕ هەویری کرد و قۆچێ بزنێشی وەکی چەقوێ تیژ کرد، گورگی پڕ دایە ملێ بزنێ هەویری بە مڵی وە نووسا، ئەو جارە بزنێ خۆی فەڕە دا، قۆچەکی لە زگێ گورگی دا زگی دڕاند و هەڵا بە هەڵا بوو. ژەنگی و بەنگی دەرهاتن، گۆتیان ئۆدە ئەمە چووینە مارا خاخۆی شیوین خوارد بە مراکۆکێ قوتۆکە، خڵاس و بڕاوە، هیچم پێ نەبڕا.

- زوڵم کردن (٨_١٥)ساڵ.[٥٤]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو... پاشایەک هەبووە، لە شارێک زۆر دەوڵەمەند و خاوەن زەوی زارێکی زۆر و زێڕو زیو بووە. زوڵمی لە خەڵکی دەکرد و دەیچەوساندنەوە، ڕۆژێک و ساڵێک نەبووە، بەردەوام ئەو کارە خراپەی

---

٥٤حیکایەتی (زوڵم)، ئامۆژگاری.

دەکرد. ڕۆژێک کوڕە گەورەکەی ئامۆژگاری باوکی دەکات، واز لەو زوڵمە بێنێت و کارێکی خراپە، بێ فایدە بوو، بە قسەی نەکرد. کوڕەکەش بڕیاری دا شار جێبهێڵێت و باوکی ڕازی بوو دەری کرد و یەک پارچە زێڕیشی پێدا، کوڕەکە دەچێتە گوندێک و کرێکاری دەکات. لەناکاو کوڕە ئیماندارەکە دەکەوێت و نامەیەک بۆ باوکی دەنێرێت و زێڕەکەشی لەگەڵ دەنێرێت. تێدا نووسرا بوو، ئەوە پارچە زێڕە حەرامەکەت ئامۆژگاریت دەکەم، واز لەو زوڵمە بینی، باوکی چاوی پڕ فرمێسک دەبێ، هەست دەکات کوڕەکەی لەسەرە مەرگە و کۆچی دوایی دەکات. بۆیە بڕیار دەدات واز لەو کارە بێنێت.

- پەشیمانی ئەسپێک[٥٥] (٨_١٤) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو...دەگێڕنەوە، کە ئەسپێک هەبووە، لە چۆڵەوانی دا، دەژیا هەر وەک گیاندارەکانی تر، رۆژێکیان بازرگانێک داوای لێ کرد، بچێتە لای ئەو و گالیسکەکەی بۆ ڕابکێشێت، ئەویش بەرامبەر بەوە پاداشتی بکات. خواردنی زۆری پێ بدات و شوێنێکی گونجاویش بۆ حەوانەوە. بەڵام ئەسپەکە ڕازی نەبوو بە داواکارییەکە. زۆری نەبرد زستان داهات و وا ڕێکەوت، ئەو زستانە بارانێکی وا نەبارێ، بەهاریش گڵ و گیا کەم بوو. ئیتر ئەسپەکە بە هۆی کەم خۆراکی هیوابڕاو بوو. بۆیە چوو بۆ لای بازرگانەکە، بە مەبەستی داوا لێبوردن بۆ ئەوەی کاری پێ بکات.

ئەوە بوو ئەم جارە ئەسپەکە، ڕازی بوو. بەوەی گالیسکەکەی ڕابکێشێ، بەرامبەر بە خواردنی زۆر و شوێنێکی گونجاو و باش بۆ حەوانەوە. یەک دوو ساڵ ئەسپەکە بەو حاڵەی ڕابوارد، بۆ ساڵی سێیەم زستانێکی تەڕ و بەهاریش گڵ و گیای زۆر سەوز بوو، لە دەشت و قەد باڵی شاخەکان. ئەسپەکە دڵی کەوتە لێدان، بۆئ ئەوەی بە ئازادی بژی. بەڵام هەرچەندە دەی کرد، لە چنگ بازرگانەکە ڕزگاری بێت. بۆیە لەو ڕۆژەوە هەموو ئەو

---

٥٥ئامۆژگاری← ژیانت خۆش بوێت، هەوڵدان بۆ ئازادی.

ئەسپانەی، کە لە چۆلەوانی دەی بینین، پێی دەگوتن: هاورێکانم ئەگەر بۆ تاکە ڕۆژێکیش بێت، نەکەن دەستبەرداری ئازادی بن، چونکە لە دنیا هیچ شتێک وەک ئازادی خۆش و پیرۆز نییە. خلاس و بڕا هیچم پێ نەبڕا.

- مەڕێک و دوو بەرخ (٦_١٢) ساڵ.[٥٦]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو... ڕۆژێک مەڕێک و دوو بەرخ دەبن، دایکەکەیان دەچێت بۆ دەرەوە بۆ ناو سروشت. بۆ پەیا کردنی خواردن، دوو بەرخەکە لە دوای دایکیان ڕۆیشتن، گورگێک هێرشی کردە سەر بەرخەکان، بەرخەکانی برد و دیار نەمان، دواتر کە دایکیان هاتەوە، بینی هیچ بەرخێک نەماوە خوراون، پاشان بینی کە بەرخەکانی لە لای باوکی ماونەتەوە ئەوانی تر، بەرخەکان بە ڕاکردن چوونەوە لای دایکیان و باوکی مەڕەکانیش گورگە کەی گرت و کووشتی. بەرخەکان نەخورابوون، دایکەکە وای زانی بوو، کە خوراون.خلاس و بڕاوە هیچم پێ نەبڕا.

- قەلەڕەشی لە خۆبایی[٥٧] (٨_١٤) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو، کەس لە بەندەی ڕوو ڕەشتر نەبوو...قەلەڕەشێک هەبوو، زۆر لە خۆبایی بوو. هەموو بەیانییەک دەنووکی پاک دەکردەوە و پەڕەکانی دادەهێنا و دەیویست وەک کۆتر جوان بێت و وەک کۆتریش ڕەفتار بکات. سەرجەم قەلەڕەشەکانی تر لەو کارەی بێزار ببوون. بەڵام کاتێک قەلەڕەشەکە چوو بۆ لای کۆترەکان، کۆترەکان گاڵتەیان پێ کرد. چونکە زۆر لەوان جیاواز بوو. قەلەڕەشەکە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد و بڕیاریدا وەکوو سەرجەم قەلەڕەشەکانی تر، ڕەفتار بکات. خلاس و بڕاوە، هیچم پێ نەبڕا.

---

٥٦ محمد کاروان، پۆلی شەشەمی سەرەتایی، سۆران، قوتابخانەی بەختیاری بنەڕەتی تێکەڵاو. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٣١ سێ شەممە.

٥٧پەروەردەیی_ لە ژیاندا وەک خۆت بە، هەوڵ مەدە، خۆت بە کەسانی تر بچوێنیت.

- ڕێوی و مریشک (٧_١٣) ساڵ.[٥٨]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو...ڕەوەند چووە کوێستان مریشکەکیان بە جێ ما، لە ناو تڕاشان[٥٩]، هێلکەشی کرد بوون، نزیک بیست دەبوون، کورک بوو لەسەری هەتا جووجکەی کردن، ڕێوی هات و چوو لۆ مریشکێ، خێمەکی گچکۆکەی لێ بوو مام حەیدەر بوو، تاژیەکی هەبوو، مریشکێ گۆت مام حەیدەر ئەمن و جووجکا پە خێو بکە، ئەویش ڕازی بوو. ڕۆژەکێ مریشک چووە دەشتایێ، ڕێوی هات، گۆتی مریشک وەرە با لۆ خۆ شایێ بکەین. ڕێوی گۆت مریشک مریشکە لانێ کێ دێت بخۆم، سیقەڵدانێ، مریشکێ گۆت ڕێوی ڕێوی مام حەیدەر و تاژیێ لێرۆکانێ، ریوی مقامێ مریشکێی نەچۆ ئاقری، دووبارە مقامیان گۆتن مریشکێ گۆت ڕێوی مام حەیدەر و تاژی هاتنە توو، بووە ڕاستی مام حەیدەر بە دوو ڕێوی کەت و گرتی. خلاس و بڕاوە، هیچم پێ نەبڕا.

- کە تێر بووی دەست لە خواردن هەڵبگرە[٦٠] (٧_١٤) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵباز تر نەبوو... دەگێڕنەوە، لە چەمەچی هندەک بۆق ئەژیان ئێک لەو بۆقا هندە نەوسکەتی بوو هەموو بێنا زۆر نانیەخوارد هەموو بۆقینەدیش ئەو بۆقەیان ئاگادار کردۆ، کە زۆر نانی مەخۆ لۆتو خراپە بەس ئەو بۆقێ جوێی نەدا کەس وەیە زانی ئەگە زۆر نانی خوارد دێ خرو پرو جوان بیت هەتا ڕۆژەکێ مەعیدەێ وێ زۆر هێشا چۆکن چەند کەسا چ چارەسەر نەبوون

٥٨هەمان سەرچاوە، حیکایەتی (ڕیوی و مریشک)، چیڕبەخشین.
٥٩تڕاش← جۆرێکە لە گژوگیا بۆ خۆ حەشاردان.
٦٠هەمین سۆران ساڵح، تەمەن: ٢٤ ساڵ، شوێن: خەلیفان، پیشە: قوتابی زانکۆ. ڕێکەوت: ٢٩_٤_٢٠٢٣ ڕۆژی شەممە. جۆری حیکایەتەکە، ئامۆژگارییە، وشیارکردنەوەی، منداڵ یان کەسەکان، کە زیادەڕۆیی زیانی هەیە.

بۆقێنەدیش هەوەفکراویێ تیناوێ، کە زۆری ئەخوارد لۆیە بۆقەکە زۆر ئازاری ئەخوارد پەخۆدا چۆوە بڕیاری دا زۆر نەخۆت زێدە ئیسرافییێ نەکە لە خواردنێ. خڵاس و بڕا هیچم پێ نەبڕا.

- چۆلەکە[٦١] (٥_١٠)ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر، نەبوو کەس لە بەندەی ڕوو ڕەشتر نەبوو، لەم چۆلەکەیە بەختەوەر نەبوو...ڕۆژێکیان چێژکەیەک لە سەر دارێک هەر نیشت بوو، دڕکێکی لە پێیەکانی ڕاچوو، زۆر ئازاری دا، لۆیە فڕی لە سەر دارەکە، چووە لای ژنێک، تەماشا ئەکات، ئە و ژنە وە خەریکی تەندور سۆرکردنەوەیە، لۆ نانکردن، بەس پێی هەرنابی، چێژکە پێی دەرێ ماندی نەبی دایکە، ئەویش دەرێ خوات لێ ڕازی بی. پێی دەرێ ئەوە لۆ تەندورت پێ هەرناکرێت، چێژکە داوای لێ ئەکات کە ئەو دڕکەی لە پێی دەربینی. لۆ ئەوەی تەندوری پێ هەربکات. ژنەکەش دەرێ باشە، دڕکەکە دەردینی. تەندوری پێ هەردەکات. نان و کولێرەکەی پێ دەپرژێنێت و تەواو دەبیت لە کارەکەی. چێژکە دەرێ یان حەوت کولێرەم بدێ، یان دڕکەکەم دەوێتەوە؟ ژنەکەش دەرێ باشە حەوت کولێرە لۆ خۆت ببە، ئەویش بردی و ڕۆیشت. چووە دەشتێک دیتی، شوانێک هیچی نییە، بخوات لە شیری مەڕەکانی زیاتر، هیچ شک نابات. چێژکەی گۆتە شوانی فەرموو؛ مام شوان ئەو کولێرانە بخۆ. شوانەکەش دری خۆش بوو، گۆتی خوای گەورە پاداشتت بداتەوە. شوان لە کولێرە خواردن تەواو دەبی. چێژکە بە شوانی دەرێ یان حەوت کولێرەم دەوێتەوە یان مەڕێکم دەوێت. دەڵێ باشە، مەڕێک لۆ خۆت ببە. چێژکە مەڕێکی برد و ڕۆیشت. دیتی وا گاوانێک هیچی نییە، بخوات وا لە برسان کەتیتە ئەو گۆڕی چێژکە دەرێ مام گاوان ماندوو نەبی، گاوان دەرێ نەک ماندووم بەڵکوو زۆرم برسییە. چێژکە پێی گۆت فەرموو ئەو مەڕە بخۆ. گاوان دری

٦١حەیات سعید عبدلکریم، سۆران، مامۆستای زانکۆ، ڕێکەوت: ١_٥_٢٠٢٣ ڕۆژی دووشەممە. جۆری حیکایەت← چێژو خۆشی دەربڕین.

خۆش دەبیت و سەری مەڕەکە دەبڕی و گۆشتەکەی سۆر دەکاتەوە. دەست بە خواردنی دەکات، پاشان تەواو دەبیت، چێژکە پێی دەرێت: یان مەڕەکەم دەوێتەوە یان چێلێکم دەوێ، گاوانیش چێلێکی پێ ئەدات و دەڕوات. چێژکە دەڕوات دەچیتە گوندێک خەڵکەکە زۆر هەژار بوون، خەریکی زەماوەندن ماڵی زاوایش بە دوایی پشیلەیەک کەتینە، تا بیگرن و بیخۆن لۆ زەماوەندی. چێژکە دەرێت: ئەوە چ دەکەن کوو دەبی گۆشتی پشیلە بدەنە خەڵکی. گۆتی فەرموو ئەو چێڵە بکوژنەوە بدەنە میوانان ئەوانیش زۆر در خۆش بوون، نەیان دەزانی کوو وەڵامی بدەنەوە. زەمانەوەند تەواو دەبی چێژکە دەرێ یان چێڵەکەم دەوێتەوە یان بووکەکەم دەوێ، ماڵی زاواش هەژارن هیچیان نییە، پێی بدەن، بە ناچاری بووکەکەی پێ ئەدەن. چێژکە دەڕوات و گوند بە جێی دێرێت و دەچیتە سەر شاخی، دەبینی پیاوێک بلۆر دەژەنی، بلورەکە زۆر خۆش دەنگی داوەتەوە. چێژکە دەچیتە کنی دەرێ ماندوو نەبی، ئەویش دەرێ خوات لێ ڕازی بی، چێژکە پێی دەرێت ژنت هێناوە؟ ئەویش دەرێ منی هەژار و داماو زۆر لێک دوورین. چێژکە دەرێ فەرموو ئەو بووکە پێشکەش بەتوو. بە مەرجێک کە ئەو بلورەم پێ بدەیت، ئەویش دەرێ فەرموو پێشکەشی کرد. چێژکە چووە سەر بەرزترین لوتکەی شاخ گۆتی دڕکێکم دا بە حەوت کولێرە، حەوت کولێرەم دا بە مەڕێک، مەڕێکم دا بە چێڵێک، چێڵێکم دا بە بووکێک، بووکێکم دا بە بلورێک، بلورەکەشم لە سەر شاخ لە دەست کەوتە خوار و شکا. خلاس و بڕا کلاشم دڕا هیچم پێ نەبڕا. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز.

- کچەکەی پشت کەندوی ئارد[٦٢] (٧_١٢)ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندە ماندووتر نەبوو...لە گوندێکدا، پیرەژنێک هەبوو، پیرەژنەکە زۆر فەقیرو هەژار و بێ کەس بوو. هەموو ڕۆژێک

---

٦٢هەمان سەرچاوەی پێشوو٣٩ جۆری حیکایەت← پەندئامێز← ئەوەی لە خوای غافل بێت کافرە، گەر خودا شتێکی پێدای نازانیت، کە چۆن دێت.

دەچووە ماڵی ئاغا بۆ نۆکەری و ئیشکردن، کە دەگەڕایەوە ماڵەکەی زۆر پاک و خاوێن دەبوو، ئەویش سەری سوڕما، کە لۆ وایە. هەر لە خۆی دەپرسی من کەسم نییە، دەبی کێ بی ئاوا بکات.ڕۆژێکیان کوڕی ئاغا تۆپێن دەکات، لە پێش ماڵی پیرەژن، تۆپەکە دەکەوێتە حەوشەکە کچێک کە بەس پەنجەی دیارە تۆپەکە فڕێ دەداتە دەرەوە، کوڕی ئاغا عاشقی دەبێت. کوڕی ئاغا دە چێتەوە ماڵ لۆ لای پیرەژن پێی دەرێ من عاشقی کچی توو بوومە، ئەویش دەرێ من بە تەنیام کەسم نییە. کوڕی ئاغا دەرێ ئەگەر ئەو کچەم پێشکەش بکەی، لە پێش دەرگای توو تا پێش دەرگای ماڵی ئاغا دەکەمە زێڕ لۆ ئەوەی پێدا بڕۆیت. پیرەژنەکە ئیشکەری ماڵی ئاغایە، نازانێ لە خۆشیان چ بکات، دەچێتەوە ماڵێ تا بزانێ کچەکە لە کوێیە، دەی بینیتەوە لە پشت کەندوی ئارد خۆی حەشارداوە. دەڵێ داپیرە من دەبمە کچی تۆ من لە دەستی هرچێک ڕام کردووە، منی دزیووە لە ماڵی باوکم. لۆیەش خۆم لێرە حەشارداوە دەترسم هرچەکە من بدۆزێتەوە، پیرە ژن دڵ خۆش دەبی، دەرێ تۆ کچی منی ئەویش خۆشحاڵ دەبی، پیرەژن دەچێتە ماڵی ئاغا پێشکەشی کوڕی ئاغا دەکات، بەڵام بە مەرجێک تۆش وەک کچەکەم حیسابی داپیرەم لۆ بکە، تا دەمرم. کوڕی ئاغا زێڕ بارانی دەکات، لە پێش ماڵی خۆی تا پێش حەوشەی پیرەژن دەکات بە زێڕ. پیرەژن نازانێ چ بکات، لە خۆشییان لە خوای دە پاڕێتەوە، دەڵێ ئەوەی لە خوا غافلە، کافرە. کە خودای پێی دای نازانی چۆن دێت و بە چ شێوەیەک دێت. لە خودا بە زیاد بێت لە دەست هەژاری و کارکردن و سواڵکردن نەجاتم، بوو هەم کچەکە نەجاتی بوو، هەم پیرەژن. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز.

- پشیلەی ڕەش[٦٣](٨_١٤)ساڵ.

---

٦٣هەمان سەرچاوەی پێشوو٣٨، جۆری حیکایەتەکە، پەروەردەیی. حەقی کەس لە سەر کەس نامینیتەوە.

هەبوو نەبوو، چ لە خوای گەورەتر نەبوو... پشیلەیەکی ڕەش هەبوو، زۆر خراپەکار بوو، هەموو مریشکەکانی گەڕەکەکەی هەراسان کردبوو. هەموو ڕۆژێ مریشکەکانی بریندار دەکرد ڕێی لە مریشکا گرت هەتا ڕۆژەچێی پشیلەکە سپی هات گۆتی وەرە پشیلا ڕەش ئەوە لۆ فێربوی ڕێی لە مریشکا گری ئازاریان ئەدەی پشیلا ڕەش گۆت: ئەمن هەموو ڕۆژێک خواردن ئامادەکەم مریشک تێن لێم دەڕێژن ئەمیش توڕەبووم و ئازاریان دەدەم پشیلا سپی گۆت: ئەگەر وەبی ئەتوو لەسە هەقی دەبی مریشکەکان  سزا بدرێن پشیلا سپی هات هەموو مریشکی خڕ کردنۆ سزای دانو پشیلا ڕەش بە ئاسودەی ژیانی بەڕێ کردو ئاسودەی بۆ گەڕەکەکە هاتەوە. خڵاس و بڕا هیچم پێ نەبڕا.

- ڕێوی و کەو (٨_١٥) ساڵ.[٦٤]

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو...ڕیویەک و کەوەک هەبوون، کەوا لە سەر بەردی ڕیوی لە بن بەردی، ڕیوی وا بێتە کەوێ، کا تخوا لۆم بخوینە، دەنگا توو گەڵەکا خۆشە، گەردەنا[٦٥] خۆش بڵند بکە، چاواش بنووقینە، کەوێ گۆت ڕیوی باشە، ئەخوینم، گەردەنا خۆش بڵند ئەکەم، بەس لۆ چاوا بنووقینم، ڕیوی گۆت ئاخر با شەرمێ نەکەی وەکی تەماشەی من ئەکەیت، چاوی نووقاندن کەوێ، ڕیوی خۆ تێ کرد و گۆتی الحمدالله. کەو لە دەوێ ڕیوی دەرپەڕی، چووە سەر بەردی گۆتی ڕیوی ئەتوو زۆری نا تێگەیشتی، خۆ هێشتا نەت گۆت بسم الله،  وەکی گۆتت الحمدالله تازە لە دەستت چووم. ڕیویش گۆت وەڵا کەوێ بت گرم ئەو جارە، دەبی درانات لەسەر گڕ کەمۆ لۆ ئەوەی نەهێیە دەرێ، کەوێش گۆت تازە کار لە کاری ترازایە، نام گریتەوە.خەڵاس و بڕاوە هیچم پێ نەبڕا.

---

٦٤ڕەسول حامد ڕەسول، ٥٥ ساڵ، گوندی جۆنەرە، سورچی، ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/٢٠ پێنج شەم. حیکایەتی (ڕێوی و کەو)، خۆشی، چێژ.
٦٥گەردەن واتە مڵ.

* عۆلیشک[٦٦] (٩_١٥)ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو. کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو... دەگێڕنەوە لە یەکێک لە گوندەکان عۆڵیشکەک هەبوو، عۆڵیشک[٦٧] ئەچی وا بێتە پیرەژنێ جۆنەرەی، کە تازیەکا هەی لە لێڕەمیر[٦٨]ی با بچن. وا بێت، کە گەیشتنە بەینا جۆنەرەو لێڕەمیری ئەیان قۆپینمۆ ئەیان خۆم، عۆڵیشک ئەچی پیرەژنا لە خەوێ هەرە ستینیتۆ، وابێ نوێژا نیوڕانێ لە لێڕەمیری تازیەکا هەی، پیرەژن وە دوو عۆڵیشکێ ئەکەون، دەگەنە نزیک لێڕەمیری عۆڵیشک وابێ لە پیرەژنا وابی هەویۆکیش[٦٩] هەر ڕۆژە، کە زانیان فێرە هەندەک هەراتن هەندەک وە بە کەتن.خڵاس و براوە، هیچم پێ نەبڕا.

* گورگی برسی[٧٠](٨_١٤) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو... ڕۆژێک گورگێک هەستی بە برسیەتی دەکرد زۆر دەگەڕا بەدوای نێچیرێک هیچی دەست نەدەکەوت بۆیە لەناکاو ژیژکێکی بینی گورگەکە ویستی پەلاماری بدات و بیخوات، ژیژکەکە وتی ئەی گورگ هەرچەن برسی بیت ناتوانی بمخۆیت ئەگەر پەلاماریشم بدەی، پەشیمان دەبیتەوە گورگەکە وای زانی گاڵتەی پێدەکات و فریوی دەدات تاوەکو نەیخوات، بۆیە گوێی بە قسەکانی نەدا هێرشی کردە سەر ژیژکەکە، بەڵام درکە تیژەکانی ژیژکەکە جەستەی گورگەکەیان ئازاردا لۆیە گورگەکە لە تاو ئازاری جەستە خۆی فڕە دایە ناو ڕووبارەکە ژیژکەکە بە پێکەنین وتی: نەم وت پەشیمان دەبیەوە. خڵاس و بڕا هیچم پێ نەبڕا.

* ڕێوی و قەڵ[٧١] (٨_١٤) ساڵ.

---

٦٦سەدرەدین قادر حمد، ٥٦ ساڵ، گوندی جۆنەرە، سورچی، ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/٢٠ پێنج شەم.
٦٧عۆڵیشک← جۆرێکە لە خۆ نیشاندان، وەک: دێو، خێو، لە شێوەی مرۆڤ.
٦٨گوندێکی دەڤەری سورچییایەتییە.
٦٩هەوی← مانگ
٧٠جۆری حیکایەت← ئامۆژگاریی.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو، کەس لە ڕیوی فێڵبازتر نەبوو... ڕۆژەک ڕێوی وا بێتە قەڵێ دەبی ئەتوو ڕۆژەکێ داعوەتێ من بی، قەڵێ گۆت باشە، ڕێوی چوو نیسکەکی لێ نا، لە سەر تاشە بەردەکی ڕێشت. گورگی هە زمان لێ ئەدا هەر جارەک لایەکی لە نیسکێ هەر ئەگرت دمکێ قەڵێش نیسکێ هەر ناگریت، هیچی لۆ قەڵێ نەهێشتەوە. قەڵێش توورە بوو، گۆتی شەرت بی ڕیوی تۆرا خۆت لێ بکەمۆ وەی گۆتە ڕیوی داعوەتێ منی ئەویش ڕازی بوو، چوو نۆکی لێنان لە ناو گۆزەیەکی ڕیویش سەری ئەچووە ناو گۆزەو ناچووە ناو گۆزە سەری گچکە بوو، قەڵێش هەر جارەو بە دمکی نیوەی ئەخواردن نۆک. بەو نۆحە تۆرەی خۆی لە ڕیوی کردۆ قەڵێ. خڵاس و بڕاوە هیچم پێ نەبڕا.

- شوانە درۆزنەکە[٧٢] (٨_١٤) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو...لە لادێیەک شوانەک هەبووە، مەڕێکی زۆری هەبووە، شوانەکە ترسنۆک بووە، شەوەکی لە دەشتای دەمینیتەوە، دەنگی با و هەور و بروسکە دێت. ئەویش ئەترسی دەچیتە سەر گردی هاوار دەکات سێ جار هۆ خەڵکینە بگەنە فریام گورگ مەڕەکانمی خوارد، خەڵکیش دەچنە بە هانای کە دەبینن، هیچ مەڕەک نەخورایە، شوانەکە دەست ئەکات بە قاقای پێکەنین. دەرێت سوعبەتم کرد لەگەڵ ئەنگۆ. خەڵک توورە دەبن دەچنۆ مارێ، جارەکی دی دەبێتە ڕاستی گورگ دێت نیوەی مەڕەکان دەخوات. هاوار ئەکات خەڵکینە بگەنە فریام گورگ مەڕەکانمی خوارد. ناچن بە هانای لەبەر جاری دووەم، پاشان کە دەزانن ڕاستیە، خەڵکەکە بە شوانەکە دەرێن کەسی درۆزن هەر ئەوە مەسیری تی، لۆیە درۆزن هەر لۆ ئەوە باشە، خراپە ی بەسەر بێت. کلاشم دڕا هیچم پێ نەبڕا.

---

٧١هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧٢ ملا نجات ملا حسن، سۆرانێ قوتابی زانکۆێ تەمەن: ٢٦ ساڵ. ڕێکەوت: ٢١_١١_٢٠٢٢ دووشەممە. حیکایەتی(شوانە درۆزنەکە)، پەند و ئامۆژگاری.

- شێری دارستان[٧٣](٧_١٤) ساڵ.

هەبوو، نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو...دەگێڕنەوە، شێرەک لە داستانەچێ هەبوو زۆر پیر ببوو داوایەچی لە گورگ کرد مامزەکە گەورەی چیوی بینیت گۆتی پێش ئەوەی بمرم دابخۆم گورگەکە دەستی پە فێرا کرد پە فکرا خۆی گۆت چ بکەم هەتا ئەو مامزێ ببەم لۆ پاشایی گورگی گۆتە مامزێ ئەی مامزا جوان پاشایێ مە ئێ ئەمری ئێجا داوای کردی ئەتوی لۆ ببەین هەتا ببیە شوێنگرێ وی لەبە جوانیا توو مامزێ وچی ئەو قسانە جوێ لێ بوون لەخۆشیا ئەوەی لە بیر کرد، کە گورگ و شێر دوژمنێ وێنە ئێجا کەتە ناو فرتو فێڵێنە گورگی وە ڕێکەتن لۆ کن پاشایی وەختی گەیشتنە کن شێری کردیانە ژەمەکە خۆش پێش مردنا خۆ پاشاکە مرد و گورگەکەش بەردەوام بوو لە فرتو فێڵا. خلاس و بڕا هیچم پێ نەبڕا.

- مریشک[٧٤] (٧_١٥) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو...لە گوندە کی کابرایە ک هەبووە، مریشکی هەبوونە، زۆری خۆشدەویستن، بەردەوام خزمەتی ئەکردن و بە شەو بە ڕۆژ. لە ناو ئەو مریشکانەش یەکەک ٥ جووجکەی هەبوون. تاژیەکیشی هەبوو وەکی حەرەس لە پێش دەرگای کۆریتی[٧٥] دادەنا، ڕۆژەک ساحیب نووست و تاژیش خەوی لێ کەت ڕێوی فێڵباز متابەحەی[٧٦] ئەکرد، نزیک بۆوە لە کۆریتی، کە دیتی بەس یەک جووجکەک بە خەبەرە گۆتی وس بە قسە نەکەی دەنا ئەتخۆم، ئەویش کڕ بوو بە دزی لێ هاتە پێش گرتی تا چار دانەی بردن ئی پێنجەم لە بن پێی مریشک بوو پێی نەبردرا، ڕۆیشت لە جێیەکی چۆڵ خواردی، کابرا بە خەبەر هات سبیانێ، کە دیتی جووجکە چار دیار نینە، تووڕە بوو لە تاژی لێی دا و

---

٧٣پەندئامێز، پەروەردەیی.

٧٤پەروەردە، ئامۆژگاری.

٧٥شوێنی حەوانەوەی پەلەوەر.

٧٦سەیرکردن.

نانی نەدائێ، دووبارە تاژی هەر لەوێ بوو، ئەو جارە کابرا خۆی بووە حەرس ڕێویش متابەحەی دەکرد، ڕێوی هات وەکی هەموو نووستن، گەیشتە کن کۆریتی تاژی و ساحیب بە خەبەر هاتن. دەرکەی قەپات کرد لە سەر ڕێوی وەی گۆتە تاژی برۆ ژۆرێ ڕێوی بگرە، چوو بووە هەراو نسیبە تەک، بە ناو یەک وەر بوون مریشک و ڕێوی و تاژی مریشک هەموو بێ سەرو بەر بوون. وەڵحاسڵ تاژی ڕێوی گرت، چوو ڕێویان لە دارێ بەستۆ لە گوندی کووشتیان. خەلاس و براوە هیچم پێ نەبرا.

- ئاوایی[٧٧] (٨_١٥)ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو...دەگێڕنەوە لە لادێیەک کابرایەک هەبووە، کەرەکی هەبووە، زۆری خۆشویستووە، خزمەتی باشی دەکرد، ئیش و شتی ڕۆژانەی پێ بەڕێ دەکرد. چونکە وەختی خۆی لە گوندان هەر بە کەر و وراخان ئیش دەکرا. باری دارو ئاو، ... جا شەوەکی ساردی زستان بوو، دنیا کپ و بێ دەنگ بوو، کابرا کەری بردە هۆرێ کارەباش نەبووە، هەر لەم پەو فانۆس و ئەوانە هەبوونە، کابرا کەری بەستۆ لە ژۆرێ دەرکەی لەسەر قەپات کرد، ڕۆژا پاشتر بووە سبیانە چوو، دەرکەی کردۆ کەر نەمابوو، بگەڕێ و بسوڕێ پرسیار بکات، هەر نەی دیتەوە، لەو گوندیش کەسەک هەبووە، سەحرباز[٧٨] بووە، چووە کنەوی مەسەلەی خۆی لۆ گێڕاوە، ئەویش کەسەکەی لۆ ئاشکرا کرد، سەحر بازی، ساحیب کەر چوو لۆ مارا ئەوەی کەری بردییە، دەستی بە قسان کرد و گۆتی فەقیرم و ئیشم لەسەر ئەو کە رەیە ئەتوو بردیتە لۆم بینەوە، ئەویش گۆتی ئەمن نە بردییە، ساحیب کەر گۆتی ئەگەر نەهینیەوە وەکی بابی خۆم دەکەم. ئەوەی کەری دزی بوو چوو کەری بردۆ جێ خۆ، لە دەرکەی دا گۆتی کەرمێ هینایتۆ، ساحیب کە ر چووە کن خێزانا خۆ خێزانا وی گۆت لۆ چ وەت گۆتێ کەری نەهینێ وەکی بابێ خۆ ئەکە م، بابێ توو چ کرد

٧٧حیکایەتی کۆمیدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧٨کاری نووشتەو جادوو دەکات.

بوو. ئەویش گۆت بابێ منیش وەختی خۆی کەری لێ دزرا جا چوو کەرەکی دی کڕی، جا ئەمنیش لۆیە وەم گۆت. خڵاس و بڕاوە هیچم پێ نەبڕا.

- مشک و کەستەکە خۆر[79] (٧_١٤) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورە تر نەبوو... مشکەک و کەستەکەخۆرەک هەبوون، مشکی وەگۆتە کەستە خۆری وەرە بپەڕەوە لەو جۆگەیە، جۆگەی ئاو بووە، مشک توانی بپەڕێتەوە، پاشان کەستە خۆری خۆی فڕێدە کەتە ناو ئاوی، تورخاوە، مشکەکە دەستی دایە قاقای پێکەنین و هەتا کشتەکی قونێی بسا، یانی کلکی بسا. خڵاس و بڕاوە، هیچم پێ نەبڕا.

- مام سمایل[80] (٩_١٤) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو...مام سمایەلەک هەبوو، ڕۆژەک لە ڕۆژان مام سمایل بە کوڕێ خۆی گۆت بڕۆ مەیدانێ ئەو گایەم لۆ بفرۆشە، ئەویش چووە مەیدانێ گۆتی ئەو گایەم هەیە، لۆ فرۆشتنێ کڕیارەک هات گۆتی: کا ئەوە گایە ئەوە چێرە،[81] لە لای ئەو کڕیار ڕۆیشت یەکی دی هات، گۆتی: ئەوە چییە؟ گۆتی ئەوە چێرە لۆ فرۆشتنێ، گۆتی: کا ئەوە چێرە ئەوە نێریە، دیسان ڕۆیشت چووە کن کڕیارەکی دی، گۆتی: ئەو نێریەم هەیە، لۆ فرۆشتنێ، گۆتی: ئەوە نێری نییە، جیسکە، وەڵحاسل گایان بە سەحری جیسک لە کوڕەکە کڕی. کەمەک پارەیان تە دەستی نا ڕەوا نەیان کرد، هاتۆ مارێ، مام سمایل تووڕە بوو، گۆتی: کوو دەبی گایای بە سحرا جیسکی لە توو بکڕن، نابی لەسەریان بچی، وەڵحاسل چوو، کەرێ خۆی هینا، لیرەی زێڕی تە بن کلکێ

---

٧٩ناو: مزەفەر مستەفا ئیسماعیل، مامۆستای زانکۆی سۆران. تەمەن: ٤٨ ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١١/١ سێ شەم. حیکایەتی پەند و ئامۆژگاری. هیچ کات بە قسەی هاوڕێ مەکە، چونکە فریوت دەدات، بۆ بەرژەوەندی خۆی.

٨٠بژار فەیسەڵ سورچی، تەمەن ٢٤ ساڵ ، پیشە دکتۆر، دەڤەرەی سورچیایەتی، هەریر ڕێکەوت : ٧_١٠_٢٠٢٢ هەینی. حیکایەتی ژیری و دانای.

٨١مانگا

نان. کلکی پەسە دادائۆ، چووە مەیدانێ، گۆتی: ئەو کەرە بە سەحرەکی گران ئەفرۆشم، گۆتیان: کوو کەری بە سحرا گران ئەفرۆشی گۆتی: کەرێ من مهیمە دارەکی لە کلکا کەری دا لیرەی زێڕی لێ هاتنە خوارێ، گۆتی: کەرێ من وەکی ئەڕیخینی لیرەی ئەکات، وەڵحاسل کەریان لێ کڕی، مام سمایلی گۆت: دەبی باش خزمەتی بکەن، تا ساڵ ئەسوڕێ تۆ لۆ ئەوەی لیرەی باش بکات. تە ژۆرەکێ بکەن، مافور و شتی لۆ ڕا بێ خن، خواردنیشی تە پەنجەرێ لۆ ڕەوانە بکەن. کەر پە سحەت ڕا گیرا، ساڵ سوڕا ئۆ، دەرکیان لە کەری کردۆ، داخۆ لیرەی زێڕی کردینە، شەپۆلا ڕیخێ هاتە دەرێ. تووڕە بوون گۆتیان: کوو مام سمایل فێرێ لە مە ئەکات شەرت بی بیکوژین، مام سمایلی ئەو خەبەرە زانی خۆی حازر کرد، چووە ناو باخچێ خۆ لیرەی پە دارا وە کردن، گۆتیان: کا مام سمایل گۆتیان: لە ناو باخچەیە، کە دیتیان مام سمایل خەریکی لێ کردنەوەی لیرەو پارەیە لە دارا سەریان سوڕما، مەسەلەی کەریان لە بیر چوو، گۆتیان: مام سمایل چ مەسەلەیە ئەویش گۆتی: باخچەی من بەرهەمی پارەی ئەدا، باخچەیان لە مام سمایلی کڕی، ئێجە گۆتی: باش خزمەتی بکەن ئاوێ بدەن بچێرنۆ، ئەواش وەکرد، ساڵ سوڕا ئۆ باخچە هیشک بوو بێ بەرهەم و بێ کەڵک بوو، دیسان گۆتیان: شەرت بی مام سمایل لەسەرت نەچی بتکوژین، ئەو جارە مام سمایل بە خێزانا خۆی گۆت: ڕیویەکت بە ملی وا کەم، وا بێمە توو چاێ بینە ئەتووش مەهینە، چەقووەک لە ڕیوی ئەدەم خۆت بەردۆ وەکی مردیا، کە فیتم لێ دا هەستۆ. کەسەکان هاتن، مام سمایلی گۆتە خێزانا خۆ چائێ بینە، گۆتی: ناهینم، ئەویش چەقووەک لە ملی دا کەتە ئەو گۆڕی، پاشی فیت فیتۆکی لێ دا، هەستا ئۆ، سەریان سوڕما، گۆتیان ئەوە چ بوو مام سمایل، گۆتی: ئەو فیتۆکەیە، بەشەری زیندی ئەکاتۆ، ئەوانیش بە قسەی مام سمایلیان کرد، خێزانا خۆیان کووشت هەندی فیتیان لێ دا هەر نەستانەوە. دیسان گۆتیان: شەرت بی مام سمایل بتکوژین. مام سمایل هەرات و چوو قەبرەکی لێ دا کوونەکیشی تە قەبری کردۆ، گۆتیە: خێزانا خۆ ئەتووش لەسەر قەبری بە، وەکی کەسەکان هاتن برێ بۆنا بەهەشتێ ئا لە قەبری دێ. یەکەم کەس کەپی بە کونێ وەنا مام سمایلی لە ژۆرێ بە مووسی کەپ تە بنی لێ کردۆ

دووەمیش وەکرد، ...هتد. دیسان هەرات لە ناو قەبری مام سمایل گەیشتە شوانەکی گۆتی: لۆ هەردێی مامە گۆتی: جەماعاتەکە وە دووم کەتینە، وابێن دەبی ئیلا ببیە پاشا، ئەویش گۆت: ئەمن نابمێ، شوانی گۆت: ئەمن دە بمێ، جلکی خۆیان گۆڕیە وە، گەیشتنە شوانی ئەسڵیان کووشت وایان زانی مام سمایلە. پاشان مام سمایل چووە سەر بەحرێ بە جلکێ شوانی مەڕیشی بردن، هاتن گۆتیان: مام سمایل ئەتوو نەمردی تازە ئەتووین نەکووشت، گۆتی: ئەنگۆ ئەمن کووشت فڕەو دامە ناو ئاوێ ئەمنیش ئەو مەڕا نە هینانە دەرێ بەس زۆر بوون، هەر هندەم پێ دەر هاتن، مشتەریەک چووە ناو ئاوێ گۆتی بلق بلق گۆتیان: ئەوە چ ئەبێ گۆتی: وابێ گەڵەکە زۆرن وەرن ئەوانی دیش چوون، بێ سەر و شوێن مانەوە. خەڵاس و براوە، هیچم پێ نەبرا.

- ڕاست و چەوت[٨٢] (٩_١٥) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو...دەگێڕنەوە، کە دوو برا هەبوونە، یەکەک ڕاست و یەکیش چەوت هەردووکیان سەفەر دەکەن و بە ڕێگا دەڕۆن، چەوتەکە بە ڕاستەکە دەرێت، ئەمن ڕێیەکی دی دەگرمە بەر، ئەتووش لێرە بە، ڕاستەکە هەر چاوەڕێ دەکات و هەر ناهێتەوە، شەو بەسەر دا دێت، ڕاستەکە ناچار دەبی بڕوات و بە جێی بێڵیت ئەو ناوچەیە، دەڕوات... دەگاتە گوندەک ئاشەکی دەکەویتە پێش چاو دەچیتە ناوی گورگ و پڵنیگیش لە تەنیشت ئاشەکەنە، قسە دەکەن ئاگایان لە ڕاستەکە نییە، ئەویش خۆی مات کردییە، گورگ و پڵینگ باسی ئەوە ئەکەن، کە ئەو زێڕو زیوەی دزیانە لە کێ بشارنەوە، دەبیتە بەیانی ڕاستەکە بە جێی زێڕەکە ئەزانی دەی بات، دەڕوات... دەگاتە شارەک لەوێش پاشایەک هەیە، قسە لەگەڵ ڕاستەکە دەکات و ئەویش باسی خۆی ئەکات، پاشا کچەکی هەبوو نەخۆش بووە، پێستی بەڵەک بووە، ڕاستەکە دەرێت ئەمن چارەسەری ئەزانم، بڕۆ

---

٨٢مگرووم مستەفا جبار، تەمەن، ٦٥ساڵ. کابانی ماڵ، شوێن: سریێشمە، ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١٠/١٥شەممە. حیکایەتی پەروەردەی. ڕاست بەو ڕێگای شێر بگرە.

شاخەک سەگەک بکوژە مێشکی دەربینە بکە، مەڵهەم لە جەستەی کچەکەت بدە. پاشا دەرێت من ناتوانم ئەو کارە بکەم، بۆیەش ڕاستەکە هەڵدەستێ بەو کارە، دەچێت سەگەک ئەدۆزیتەوە مێشکی دەردینی دەکاتە مەڵهەم، دوای ماوەیەک کچەکە چاک دەبیتەوە، لۆیەش پاشا دەرێت کچی خۆمت پێشکەش ئەکە م بەرامبەر ئەو کارە، دواتر ڕاستەکە پلەو پایەی دەبێت، دەسەڵات دەگرێتە دەست بە ڕێز دەبی.خڵاس و بڕاوە.

- فاتم (٨_١٢) ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو...دەگرێنەوە، فاتم کچێکی بوو، تاقانەی ٩ برا بوو، ڕۆژێکیان براکانی چوون، بۆ سەیران دوای ٦ ڕۆژ براکانی نەگەڕانەوە فاتم چوو، بە دوایان دواتر کاتێک لە دوورەوە، سەیری براکانی کرد، خورێلایەک[٨٣] بە تەنیشتی ئاهەنگەکەدا هات. یەکێکیان هات، بۆ ئەم لایە، لۆ ئەوەی میز بکات، دواتر خورێڵا چووە لای ئەوەی دی وتی: پەنجەکەت بخۆم یان برایەکانت وتی: پەنجەم بخۆ وتی باش، کاتێک براکانی لە سەفەر هاتنەوە، وتی: کا پەنجەکەت وتی: بە ئاگر لێ بۆوە، هەتا ٣ ڕۆژ هەر دەهات و پەنجەکانی دەخوارد. دواتر براکانی هاتن وتیان: فاتم تۆ چیتە ئەویش وتی : برام چیتان لێ بشارمەوە، حال و مەسەلەکە ئەوەیە، وتی: ڕۆژێکیان فاتم نانی دەکرد، تەڵەیان لۆ خورێڵاکە داناوە، دواتر فاتم پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کرد، بردیە ژوورەوە، براکانی بیریان لە ژوورەوە لێ دابوو، سەرچەڤیان پێ دادابوو، ئەویش نەی زانی ڕاست لە وێ دانیشت بۆ هەتا هەتایە مرد، ئاگریان تێ بەرداو خۆلیان بەسەر دا کرد، خەڵاس و بڕاوە، هیچم پێ نەبڕا.

- مەیمونە قون سۆر[٨٤] (٧_١٤) ساڵ.

---

٨٣ئاژەڵێکی گەورە و ترسناکە، هاوشێوەی ورچ.

٨٤ کەڤێ کارزان حسین، شوێن: سۆران. پیشە: قوتابی. تەمەن : ١٣ ساڵ. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/١/٢٤ سێ شەم. حیکایەتی (مەیمونە قون سۆر)، کۆمیدی، گاڵتەجاڕی.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو، کەس لە بەندەی سەرسەختر نەبوو...ڕۆژێکیان مەیمونێک هەبوو، هەموو شەو خۆی پیس دەکرد، ڕۆژێکیان مەیمونەکە گۆتیە خۆی، بەس ئەوشۆ خۆت پیس بکەی سێلی[٨٥] ماڵی جیرانی دینم، سۆردەکەمەوە لە سەرت دادەنێم، ئێجا یەکێک بە دزی گوێی لێ بوو، شەوێ چوو، بە قورێ پیسی کرد. کە هاستایەوە گۆتی خۆت پیس کردییە، شەرت بی دەبی ئێستا بچم، لە ماڵێ جیرانی سێلێ دینم لە سەرت دادەنێم، ئەو چوو هینای سۆری کردەوە، لەسەی دانا، ١٠ دەرگای لۆ بۆوە، یەکێکیان پڕ کێک بوو، یەکێکیان پڕ خواردن بوو، یەکێکیان پڕ مۆبایل بوو، یەکێکیان پڕ ئایپاد بوو، یەکێکیان پڕ ئاژەڵ بوو، یەکێکیش پڕ پایسکل بوو، ئەویش خەنی بوو، خلاس و بلاس هیچم پێ نەبڕا.

- سیسارک[٨٦] (٨_١٤) ساڵ

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو...ڕۆژێکیان پاشایەک هەبوو، لە شارێک کچە خزمەت کارەکەیان زۆر خۆشدەویست. ڕۆژێکیان لە خورفەیەکی نێو کۆشکەکە، گۆتی: ئێرە پڕی گەنم، کە ئەو کچە دەرگای لە سە داخست هەر دەگریان دواتر دەنگی دەرگاکە هات، کردییەوە، هاتە ژوورەوە وتی: کچی خۆم بۆ دەگری وتی: فەرمانی پاشایە ئەبێ ئەو ژوورە پڕی گەنم کەم، منیش ناتوانم ئەوە بکەم، پیرەژنەکەش جادووگەر بوو، ژوورەکەی لۆ پڕ کرد، دواتر دیسان هەموو ڕۆژێک پیرەژنەکە ئەو ژوورەی پڕ دەکرد لە گەنم، ڕۆژێکیان خزمەت کارەکە شووی کرد، لەگەڵ پاشاکە منالێکیان بوو، پیرەژنەکەش هاتەوە، بۆ لای خزمەتکارەکە خزمەتکاریش وتی: چیت دەوێ وتی: هیچ بەس یەک دەرفەتت دەدەمێ، لە ماوەی ٦ مانگ دەبێ ناوی من بزانی ئەگەرنا منالەکەت دەکوژم، تازەش منالی ببوو، دواتر سی ڕۆژی مابوو پیرەژنەکە هاتەوە، بۆ لای وتی ٦ ڕۆژت ماوە. ئەو ژنە هەمیشە دەگریا و

---

٨٥ئافرەت بەکاری دێنێت، لە کاتی نان کردن، ڕەنگی ڕەشە.
٨٦هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دواتر پیاوێک تاقیبی پیرەژنەکەی کرد، لە چوار دەوری بەردێک دەسوڕایەوە، دەیگوت: من ناوم سیسارکە من ناوم سیسارکە، هەر دەی گۆت، دواتر چوو بۆ لای خزمەتکارەکە پێی وت: زانیم ناوی، ناوی سیسارکە، دواتر پیرەژنەکە ئاخیر ڕۆژ هاتەوە بۆ لای وتی: دەی ئێستا ناوی من نزانی یان بی کوژم وتی ڕاوەستە تۆ ناوت سیسارە سیسارک گریا. خەلاس و بلاس هیچم پێ نەما.

- هۆکاری شەڕ[٨٧] (٨_١٤) سال

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە ڕێوی فێڵبازتر نەبوو... لە دەریاچەیەکدا کۆمەڵێک بۆق دەژیان، بەڵام بۆقەکان لە ناو خۆیان دا، یەک دەنگ و یەکگرتوو نەبوون، هەمیشە لە شەڕکردن دابوون. ڕۆژێک یەکێک لە بۆقەکان پێشنیارێکی کرد، کە یەکێک لە بۆقەکان بکەینە سەرۆک، بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکان بێنن. بۆقەکانی تریش ئەو بیرۆکەیان لا باش بوو، ڕازی بوون. بۆیە بڕیاریان دا بە دوای سەرۆکێکدا بگەڕێن. سەرەتا بڕیاریان دا بۆقێک بکەنە سەرۆک، بەڵام هەر کێشەو شەڕ دروست بوو، هۆکارەکەش ئەوە بوو هەر بۆقێک ئارەزووی دەکرد ئەو سەرۆک بێت. بۆیە لە کۆتاییدا بڕیاریان دا مارێک بکەن، بە سەرۆک، هەموویان ڕێکەوتن. کاتێک مارەکە بووە سەرۆک، هەر کاتێک هەستی بە برسییەتی کردبایە، بۆقێکی دەخوارد. تا وەی لێ هات هیچ بۆقێک لە ناو دەریاچەکەدا نەما.خەڵاس و بڕا هیچم پێ نەبڕا.

- ژیری بە گەورەی و بچووکی نییە[٨٨] (٧_١٥)ساڵ

---

٨٧شەریهان حامید،٢٢ساڵ، قوتابی زانکۆ ، شوێن؛ ناوچەی سورچی، گوندی قەمەریان. ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٤/١٩ چوار شەم. حیکایەتی، پەروەردەیی، ئەگەر لە ناو خۆشمان دا یەکگرتوو نەبین، ناکرێت کەسی بیانی بکرێتە سەرۆک و ڕابەری خۆمان.

٨٨هەمان سەرچاوەی پێشوو٦٠ پەند ئامێز.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو... ڕۆژێکیان شێرێک بە دارستانەکدا دەگەڕا، لە ناکاو مشکێکی بچووکی بینی، شێرەکە مشکەکەی گرت و تا بیخوات، بەڵام مشکەکە وتی: تکایە پاشای دارستان مەمخۆ. چونکە لە خواردنی من هیچ سوودێک نابینی، ئەگەر ئازادم بکەی، لەوانەیە ڕۆژێک بتوانم، یارمەتیت بدەم. سوودم هەبی لۆت. شیرەکە بە پێکەنینەوە هههەه وتی: جا شێرێکی وەکو من چ پێویستی بە تۆ هەیە، من گەورە و باڵا دەستم تۆ بچووک و لاواز. لەو قسانەدا بوون، شێرەکە مشکەکەی ئازاد کرد، ڕۆژێکیان مشکەکە بە دوای خۆراکدا دەگەڕا، بینی شێرەکە گیری خواردووە، بە تەڵە ی ڕاوچییەکان، ڕۆیشت تا یارمەتی بدات، بە ددانەکانی تەڵەکەی پچراند، لۆیە شێرەکە زۆر سوپاسی کرد. خڵاس و بڕا.

- پێنووسە نایابەکە[٨٩] (٨_١٤) ساڵ

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو... ڕۆژێک لە ڕۆژان کوڕێک هەبوو، تەمەنی ٧ ساڵ بوو، ناوی مالیک بوو، ڕۆژێکیان مالیک لە لای باخچەی قوتابخانە یاری دەکرد، لەوێ شتێکی دۆزییەوە، سەرەنجی ڕاکێشا، هەرچەندی لێی ورد دەبوویەوە، نەی دەزانی، کە چییە؟ پاشان مالیک چوو، چەکوشێکی هێنا دەستی بە هەڵکۆڵین کرد. دوای چەند خولەکێک ئەو شتەی، کە لە نێو قوڕەکەدا بوو، تەنیا پێنووسێک بوو، لۆیە مالیک بێ ئومێد بوو. پێنووسەکەی لەگەڵ خۆی برد، ڕۆژی دواتر مالیک پێنووسەکەی لەگەڵ خۆی برد، لۆ قوتابخانە، تاقیکردنەوەی بیرکاریان هەبوو، مالیک هیچی نەخوێندبوو لەماڵەوە، تەمبەڵ بوو، لە وانەکان، شتێکی سەیر ڕوویدا، پێنووسەکە دەستی دەجوڵاند و پرسیارەکانی وەڵام دەدانەوە، مالیک لە بەردە م خۆی دەی وت ئەمە ڕاست نییە، مامۆستاش تووڕە دەبوو، مالیک یەکەم کەس بوو، کە لە تاقیکردنەوە تەواو بوو، مامۆستا ئەنجامی تاقیکردنەوەی دانەوە، قوتابییەکان سەریان سووڕما کە مالیک دەرەجەی تەواوی هێنایە، بەڵام مالیک هیچ

---

٨٩ڕۆنیا دەشتی ، ١١ساڵ، قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، گوندی قەمەریان . ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٤/١٩ چوارشەممە. حیکایەتی پەروەردەیی، پشت بە خۆ بەستن.

دڵ خۆش نەبوو، چونکە خۆی وەڵامی نە دابوویەوە، بڕیاریدا کە هیچی تر قۆپیەو شت نەکا، خۆی هەوڵی خۆی بدات، پشت بە خۆی ببەستێت، مالیک پێنووسەکەی لای خۆی پاراست، تا کۆتایی، خەڵاس و بڕا هیچم پێ نەبڕا.

- ٣ دینار[٩٠] (٨_١٥)ساڵ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو... دەگێڕنەوە، لە گوندێک کابرایەک هەبووە، بازرگان بووە، ڕۆژێکیان کابرایەک ئەچێتە ئەو گوندی ٣ دیناری پێ ئەدا، پێی دەڵێت، بە کەیڤی خۆ تشتەکم لۆ بینە، کابرا پێی دەرێت کوو دەبی، پارەی تووە، بازرگانەکە دەرێ بڕۆ شتەکی بینە، بە کەیفا خۆ، جا کابرا ڕازی بوو، بەڕێ کەت لۆ بازاڕی چاوی وە پشیلەیەکی جوان کەوت، تەماشای کرد بە ٣ دینار بوو. کابرا گۆتی: ئەو پشیلەیەی لۆ ئەبەم، پشیلەکەی هینا، بەڕێکەوت، لۆ گوندێکی دیکە، لە گوندیش مشک ئە زۆر بوون، وەناو خواردن و تشتی ئەکەتن، کابراش پشیلەی بەڕەڵا کرد. هەموو مشکی خوادن، خەڵکی گوندی لێ نەگەڕان پشیلا خۆ بباتۆ، هەندی کابرا گۆتی: ئەمن ئەو پشیلەیەم لۆ کەسەکی دی کڕیە، لێ نەگران، گۆتیان لە جیاتی پشیلەکە، کەلەشێرێکت پێ ئەدەین، ئەویش ڕازی بوو، دووبارە کابرا بەڕێ کەت لۆ گوندەکی دی ڕۆیشت، ئەو گوندیش هەموو دەوڵەمەند بوون، کابراش شەویش لەوێ مایەوە، سبیانێ بە دەنگی کەڵەشێرەکە، پە خەبەر هاتنۆ، گوندەکەش هیچ کەلەشێری لێ نەبوو، پێیان حەنتیکە[٩١] بوو. خەڵکەکە هەر کەسەو چوویە سەر ئیشا خۆ، پاشان چوونە لای کابرا داوایان لێ کرد، کە ئەو کەڵەشێرەیان بداتێ، هەندی کابرا گۆتی: ئەوەم لۆ کەسەکی دی کڕیە و نابی، گۆتیان بە قەدەر کێشی کەڵەشێرەکە ئاڵتوونت ئەدەینێ، کابرا ڕازی بوو، کێشایان ٣ کیلۆ بوو. ٣ کیلۆ ئاڵتوونیان پێ دا. دووبارە کابرا گەڕایەوە لای کەسی یەکەم،

---

٩٠ناو: موحەمەد حمد وسو(ئەوانی تر)، پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، قوتابخانەی جۆنەڵەی تێکەلاو، دەڤەری سورچیایەتی، ڕێکەوتی: ٢٠٢٢/١١/١٠ ڕۆژی پێنجەم شەم. حیکایەتی (٣ دینار)، حیکمەتی لێرەدا ئەوەیە، ئەوەی لای خودا دیارە، لای ئێمە دیار نییە، شتێک بووە، نسیبی توو، هەر لۆ توو دەبی.
٩١نامۆ، سەیر.

ئەوەی ٣ دیناری پێ دابوو، گۆتی ئەتوو ٣ دینارت بە من دابوو، ئەمنیش ئەوە بەتوو ئەدەم، گۆتی قسەمەتی توو بووە، لۆ تووە.

- مێروولەکان[٩٢] (٩_١٤) ساڵ

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە عەبدی ڕوو ڕەشتر نەبوو...مێرووەکە سۆر و مێرووەکە ڕەش هەبوون، مێرووە ڕەشەکە هەندەک منداڵی هەبوون، بەس مێرووە سۆر چ مندار نەبوون، ڕۆژەچێ مێروە ڕەش چۆ بازاڕی گۆتیە مندارێنە خۆ هەتا ئەمن نەهێمۆ دەرچێ نەکە نۆ ئەوانیش وتیان باشە، مێروە ڕەش چوو مێروە سۆر گۆت با بچم مندارای لێ بخۆم هەتا ناتیتۆ لە دەرچێی دا، گۆتی ئەمنم دەیکانگۆ دەرچێ بکەنۆ ئەوانیش وتیان ببورە دەیکا مە سۆر نییە، ڕەشە چوو خۆی لە تەنیێ هەرینا گۆتی دەرچێ بکەنۆ ئەزم دەیکانگۆ گۆتیان دەیکامە ڕەش نییە، سپیە چوو خۆی، لە هاردی وەردا هەتا هاتەوە دایکاوا هاتبۆوە لە دەرچێ دا گۆتی ئەزم دەیکانگۆ ڕاست دەیکاوا دەرکە کردۆ گۆتی ئەی مێرووی فێلباز منم دەیکا وا نەت زانیە درۆ و فێڵبازی تاسەر نییە، دەری کرد و چووە کن مندارێنەخۆ.

٩٢زیاد برایم عالی، تەمەن: ٣٨ ساڵ، پیشە، پێشمەرگە، شوێن: سیدە کان. ڕێکەوت: ١_٤_٢٠٢٣ شەممە. حیکایەتی، ئامۆژگاری.

## ٤.٥ پاشکۆی دووەم: دیمەنی بەشێک لە کاری مەیدانی و چاوپێکەوتنەکان







